# لیبرالیزم و دیموکراسی

## مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری

ئۆرگانێکی کەلتوری و پەروەردەییە، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی (ی.ن.ک) پەسەندکراو لە چوارەمین کۆنگرە لە ساڵی ٢٠٢٠ دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لەرەخساندنی زەمینەی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی لەسەر بنەماکانی سۆشیالیست دیموکرات، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی بابەتەکانی بیری هاوچەرخ و دابینکردنی ئەدەبیاتی رێکخراوەیی، دەستەبەرکردنی ئامرازەکانی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی کادیران لە بوارە جیاجیاکاندا، نووسینەوەی مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و شۆڕشی نوێ و رۆڵی لە بووژاندنەوەی گیانی بەرگری و ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

# ليبراليزم و ديموكراسى

نۆربێرتۆ بۆبیۆ

**وەرگێڕانی لە فارسییەوە**
**ڕێباز مستەفا**

ناوی کتێب: لیبرالیزم و دیموکراسی
نووسەر: نۆربێرتۆ بۆبیۆ
وەرگێڕی فارسی: بابەکی گولستان
وەرگێڕی کوردی: ڕێباز مستەفا
دیزاین: هەرێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی حەمدی
تیراژ: 1000 دانە
نۆبەتی چاپ: چاپی سێیەم
ساڵی چاپ: 2021
شوێنی چاپ: کوردستان - سلێمانی
زنجیرە : 15/560

لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (1717 ) ی ساڵی **2021** ی پێدراوە

سەرپەرشتیاری زنجیرەی کتێب
**عوسمان حەسەن شاکر**

لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی
گەشەپێدانی بیروهۆشیاری

www.pukhoshiari.com info@pukhoshiari.com

# ناوەڕۆک:

* پێشەکیی وەرگێڕی فارسی ........................................... ٧
* ئەندێشەی کۆن و نوێ لەبارەی ئازادییەوە ........................ ١٧
* مافی مرۆڤ ........................................................... ٢٢
* سنووری دەسەڵاتی دەوڵەت ........................................ ٣٢
* ئازادی لە بەرامبەر دەسەڵات ........................................ ٣٨
* سوود و بەرهەمی ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوە .............. ٤٧
* ئەندێشەی کۆن و نوێ لەبارەی دیموکراسی ...................... ٦٤
* ئاوێتەکردنی لیبرالیزم لەگەڵ دیموکراسی ............................ ٧٤
* ڕەسەنێتیی تاک و ڕەسەنێتیی گشت .................................... ٧٨
* لیبرالەکان و دیموکراتەکان لە سەدەی نۆزدەیەمدا ........,.... ٨٥
* سەرەڕۆیی زۆرینە ................................................... ٩٥
* لیبرالیزم و یوتیلیتاریانیزم ........................................ ١٠٥
* دیموکراسیی نوێنەرایەتی ........................................ ١١٥
* لیبرالیزم ودیموکراسی لە ئیتاڵیا ........................................ ١٢٢
* دیموکراسی و پەیوەندیی بە سۆسیالیزمەوە ........................ ١٣٤
* لیبرالیزمی نوێ ........................................................ ١٤٥
* دیموکراسی و ڕەتکردنەوەی حکومەت .........,,,,................ ١٥٦

# پێشەکیی وەرگێڕی فارسی

دیموکراسی چییە؟ ئایا هەر حکومەتێکی هەڵبژێرراوی خەڵک یەکسەر دیموکراسییە و دیموکراسی تەنها لە چوارچێوەی هەڵبژاردندایە؟ کەمینەکان چ پێگەیەکیان لە دیموکراسیدا هەیە؟ ئایا ڕەوایە زۆرینە بڕیار لە ماف و چارەنووسی کەمینە بدات؟ پەیوەندیی دیموکراسی بە لیبرالیزم و هەروەها لەگەڵ سۆسیالیزمدا چییە؟ ئایا دەشێت دیموکراسی بەبێ جێگیربوونی حکومەتی یاسا پیادە بکرێت؟ ئایا دیموکراسی بە لایەوە گرنگە و تاوتوێی ئەوە دەکات کە حکومەت لە لایەن چ کەسانێکەوە بە ڕێوە دەبرێت؟ یان دیموکراسی لە چوارچێوەی حکومەتدا تەماشا دەکرێت؟ دیموکراسی لە ئێستادا، چ شێوە و شێوازێک بە خۆوە دەگرێت؟

ئەم کتێبەی بەردەستتان، وەڵامێکی ئەم پرسیارانەیە کە تێیدا "نۆربێرتۆ بۆبیۆ»[1]، تیۆریسیەنی هەڵکەوتووی زانستەکان و فەلسەفەی سیاسی، وێڕای توێژینەوەی مێژوویی سەبارەت بە ئەندێشەی لیبراڵ و ئەندێشەی دیموکراسی، دیدگاکانی

[1] نۆربێرتۆ بۆبیۆ، (١٩٠٩–٢٠٠٤)، ئیتاڵیا، نووسەر، مێژوونووس، سیاسەتمەدار، ڕۆژنامەنووس و مامۆستای زانکۆ.

خۆیشی لەو بوارانەدا خستووەتە ڕوو، هەروەها بیروڕا و تیۆرانینی بیریارانی وەک «لۆک، ڤۆن، هومبۆڵت، مەدیسۆن، جۆن ستیوارت میل، تۆکوڤیل، کاڤۆر، ماتسینی و تیۆرانینی سۆسیالیستی و نیولیبرالیزمی هاوچەرخ هەڵدەسەنگێنێت. مێژووی ئەندێشەی دیموکراسی، مێژوویەکی ئاڵۆز و سەرگێژکەرانەیە، بایەخ و مەقبولییەتی هەمەگیری دیموکراسی، بە تایبەت لە سەدەی بیستەمدا و ئەو هەموو شیکردنەوە و لێکدانەوە جیاجیایانە، زیاتر ئەو ئاڵۆزی و پشێوییەیان قووڵ کردووەتەوە.

ئەم کتێبە زۆر پێویستی بە ناساندن نییە، بەڵام چونکە یەکەمین کتێبی ئەو نووسەرەیە کرابێتە فارسی (یەکەمین نووسینیشیەتی کە کرابێتە کوردی – وک)، بۆیە بە کورتی هەندێک باس لە بیروڕاکانی دەکەین.

نۆربێرتۆ بۆبیۆ ساڵی ١٩٠٩ لە "پیەمونتە"ی ئیتاڵیا لە دایک بووە، وەک خۆی دەڵێت: لە تافی لاوێتیدا لەژێر کارتێکردنی بۆچوونەکانی "جەنتیلە"ی فەیلەسوفی ڕژێمی مۆسۆلینیدا بووە، ساڵی ١٩٢٨ لە زانکۆی "تۆرینۆ" فەلسەفەی سیاسی و یاسای خوێندووە و وەک زۆر لە ڕۆشنبیرانی ئەو کاتی ئیتاڵیا، کەوتووەتە ژێر کاریگەریی مێژووگەرایی کرۆچە، نامەی دکتۆرای لەسەر دیاردەناسیی ئەڵمانی ئامادە کرد. لە ساڵانی هەوەڵیدا پەیوەست بوو بە گرووپێکی لیبراڵ–سۆسیالست

بە ناوی "دادپەروەری و ئازادی" کە "کارلۆ ڕۆسیللی" دای هێنابوو. ساڵی ١٩٣٥ بۆ ماوەیەکی کورت کەوتە زیندان و دوای ئازادبوون، لە زانکۆکانی "کامرینۆ و زاینا« خەریکی دەرسدانەوەی فەلسەفەی سیاسی و یاسا بووە.

ساڵی ١٩٣٧ چووەتە نێو بزووتنەوەیەکی دیکەی لیبراڵ–سۆسیالیست و تا ساڵی ١٩٤٢ تێیدا ماوەتەوە. لەو ساڵەدا بەشدارییەکی چالاکانەی هەبووە لە دروستکردنی "حزبی هەنگاو" کە لە یەکگرتنی دوو گرووپی لیبراڵ–سۆسیالیست پێک هات. دیسامبەری ١٩٤٣ جارێکی دی بە تۆمەتی ئەندامێتی لە "کۆمیتەی ئازادیی نەتەوەیی لە ڤۆنتۆ"، خرایەوە زیندان و دوای سێ مانگ ئازاد کرا.

گەرچی بۆبیۆ هەرگیز کەسێکی مارکسیست نەبووە، بەڵام لەمەڕ سەردەمە تاریکەکانی فاشیزمەوە دەنووسێت: "بێگومان ئەگەر لە مارکسیزمەوە فێر نەبووباین کە دەبێت لە ڕوانگەی چەوساوەکانەوە تەماشای مێژوو بکەین، بە هیچ شێوەیەک ڕزگاربوون مەیسەر نەدەبوو."

دوابەدوای شەڕی دووەمی جیهان، حزبی هەنگاو لەگەڵ هەبوونی پێشینەیەکی گەش لە بەرخۆدانی دژی فاشیستی و هەبوونی سەرمایەیەکی زۆری فیکری لە مەیدانی سیاسیی ئیتاڵیادا، ڕووی لە کزی کرد و سەرەنجام ساڵی ١٩٤٧ خۆی هەڵوەشاندەوە. دوای ئەوە، بۆبیۆ خۆی لە سیاسەتی ئەودەمی

ئیتاڵیا کێشایەوە و لە زانکۆی "تۆرینۆ" دەستی کرد بە وانەوتنەوە، بەڵام دیسان جاروبار وتاری لە هەندێک بڵاوکراوە و ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەکردەوە. بۆ نموونە، ساڵی ١٩٥٤ وتارێکی لەژێر ناوی "دیموکراسی و دیکتاتۆری"دا بڵاو کردەوە و تێیدا ڕەخنەی لە مارکسیزمی کلاسیک گرت و بەکەمزانینی بەها و نەریتەکانی لیبرالیزمی بە شتێکی ناڕاست دایە قەڵەم.

"گالڤانۆ دێلا ڤۆلپیۆ»[١] وەڵامێکی توندی ئەو وتارەی بۆبیۆی دایەوە و تێڕوانینی ئەوی بە گەڕانەوەی بۆ لیبراڵیزمی کۆنزەرڤاتیڤانەی «بێنجامین کۆنستان» ناوزەد کرد.

دێلا ڤۆلپیۆ پێی وابوو کە بۆبیۆ داکۆکی و پشتیوانی لە ئازادیی سنووردار و لانیکەم دەکات، لە کاتێکدا مارکسیزم لە نەریتێکی زۆر دیموکراتیکتر، نەریتی ڕۆسۆیی و داکۆکی لە ئازادیی فراوان و لایەنی زۆر سەرچاوەی گرتووە.

بۆبیۆ لە نووسینێکی درێژدا بە ناوی "ئازادیی مۆدێرن بە بەراورد لەگەڵ ئازادیی نەوەکانی ئایندە" بە زمانێکی نەرم و دۆستانە، بەڵام بە ڕاشکاوی وەڵامی دێلا ڤۆلپێی دایەوە و ئەوی لە "پێشکەوتنخوازیی سەرەڕۆیانە" کە دەسکەوتەکانی لیبراڵ دیموکراسییەکان دەخاتە مەترسییەوە، ئاگادار کردەوە، ئەو مشتومڕە ئەوەندە پەرەی سەند کە "پاڵمێرۆ تولیاتی»[٢]ی

---

[١] گالڤانۆ دێلا ڤۆلپیۆ (١٨٩٥–١٩٦٨) ئیتاڵیا، پرۆفیسۆر، فەیلەسوف و مارکسیست.
[٢] پالمیرۆ میشێل نیکۆلا تۆلیاتی (١٨٩٣–١٩٦٤)، ژنێف – ئیتاڵیا، سیاسەتمەدار و ڕێبەری پارتی کۆمۆنیستی ئیتاڵیا هەر لە ساڵی ١٩٢٧ـەوە تا مردنی.

سکرتێری ئەوکاتی «حزبی کۆمۆنیستی ئیتاڵیا» لەژێر ناوێکی خوازراو، وتارێکی لە وەڵامی بۆبیۆدا نووسی. بۆبیۆ لە ساڵی ١٩٦٨دا جارێکی دی لە سیاسەت نزیک بووەوە و پەیوەندیی بە گرووپی تازەدامەزراوی «حزبی سۆسیالیستی یەکگرتوو»ەوە کرد، بەڵام ئەو حزبەش لە پایزی ١٩٦٩ کەوتە پەراوێزەوە، بۆبیۆش دەستی لە چالاکیی حزبی کێشایەوە. لە دەیەی حەفتادا زەمینەیەک بۆ تێگەیشتن لە تێڕوانینەکانی ئەو هاتە کایە، چونکە هەندێک حزبی ئیتاڵیا کەم و زۆر بەشێک لە دیدگا و بۆچوونەکانی ئەویان قبوڵ کرد کە زیاتر لە دوو دەیە بوو جەختی لەسەر دەکردنەوە.

ساڵی ١٩٨٧ بەشداریی لە پێشنووسی بەرنامەی حزبی سۆسیالیستدا کرد، بەڵام لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٨دا، دوای باڵادەستبوونی باڵی ڕاستی ئەو حزبە، دەستی لە هاوکاریکردنی کێشایەوە و لەوە بەدواوە ئیدی تەنها خەریکی وانەوتنەوە و توێژینەوە بوو.

لە کتێبەکانی دیکەی بۆبیۆ دەتوانین ئاماژە بۆ کتێبی (کام سۆسیالیزم – ١٩٧٦ و ئاییندەی دیموکراسی – )١٩٨٣ بکەین.

بۆبیۆ میراتگر و درێژەپێدەری نەریتێکە کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا لەسەر دەستی ”جۆن ستیوارت میل“ دەست پێ دەکات، نەریتی ئاوێتەکردنی سۆسیالیزم و لیبرالیزم. لە سەدەی بیستەمیشدا کەسانی وەک برتراند ڕاسل، ج. ئا. هابسۆن،

لیۆنارد هۆبهاوس، هارۆڵد لەسکی، جان دیڤی و کارلۆ ڕۆسیللی درێژەیان بەو نەریتە دا. لە دوو دەیەی چلەکان و پەنجاکاندا ئەو نەریتە ڕووی لە کزی کرد، بەڵام لە سێ دەیەی دواییدا نەوەیەکی نوێی تیۆریسیەنی تازە هاتنە مەیدان، کە هەریەک بە چەشنێک پەیوەندییان بەو نەریتەوە هەیە: ڕۆبێرت داڵ، مەکفەرسۆن، جۆن ڕۆلز، دیڤید هێڵد و...

بۆبیۆ خۆی دەڵێت ئاوێتەکردنی لیبرالیزم و سۆسیالیزم کارێکی فرە سەختە، چونکە لیبرالیزم لە تاک و سۆسیالیزم لە کۆمەڵەوە دەست پێ دەکات، هەڵبەتە بۆبیۆ لیبرالیزم لە چوارچێوەی سیاسیدا هەڵدەسەنگێنێت و بەکار دێنێت، نەک ئابووری. لیبرالیزمی سیاسی –ئەخلاقیی ئەو، لە بنچینەدا تیۆری دابینکردنە یاساییەکانە بۆ ماف و ئازادییەکانی تاک. ئەو دەڵێت تەنها ئەوە بەس نییە کە بزانین دەستەڵاتی سیاسی بە دەست کێوەیە، بەڵکو ئەوە گرنگە بزانین کە ئەو دەستەڵاتە چۆنچۆنی پیادە دەکرێت، بۆیە بۆبیۆ حکومەتی یاسا بە مەرجی جێگیرکردنی بنەمای دیموکراسی دەزانێت. لە ”ئاییندەی دیموکراسی“دا، دەنووسێت (یاسا و دەسەڵات دوو ڕووی یەک دراون)، تەنها هێز و دەستەڵات دەتوانن یاسا بێننە ئاراوە، تەنها یاساشە کە دەتوانێت دەستەڵات سنووردار بکات.

بۆبیۆ سەبارەت بە چۆنێتیی هێنانەدیی دیموکراسی، پێی وایە کە ئازادییە بنچینەییەکانی هاووڵاتییان پرەنسیپی

سەرەکیی دیموکراسین، ئەو ئازادییانەی کە بە زۆری لە ڕێڕەوی خەباتی تاکەکان لەپێناو هێنانەدیی مافەکانیان بەرەو خەبات بۆ دیموکراسی وەردەچەرخێن.

دیموکراسی لەو مانا و پێناسەیەدا پێویستی بە گەشەی ئابووری نییە و لە ئەنجامی بگرەوبەردە و سازش لە سەرەوەڕا نایەتە دی، بەڵکو تەنها و تەنها لە ئەنجامی تێکۆشان و هاتنەمەیدانی زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵ فۆرمەلە دەبێت، چونکە دیموکراسی، تەنانەت لە خراپترین شێوەشیدا، پێویستی بە بنەمای ماددی هەیە، هەروەها پەرەدان بە بەشداریی زۆرینە لە ژیانی سیاسیی کۆمەڵگەدا و بەهێزبوونیان لە دەزگا و دامەزراوە و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و سەندیکایی و سیاسییەکاندا، ئەوەش نایەتە دی ئەگەر چین و توێژەکانی خوارەوە پەی بە بایەخ و پێویستیی دیموکراسی بۆ چاکبوونی ژیانیان نەبەن.

مەسەلەیەکی دی کە بۆبیۆ لەسەری ڕادەوەستێت و بایەخی پێ دەدات، پرسی دیموکراسیی نوێنەرایەتی و پەیوەندییەتی بە دیموکراسیی ڕاستەوخۆوە. ئەو پێی وایە دیموکراسیی ڕاستەوخۆ و دیموکراسیی نوێنەرایەتی دوو دژەتێزی یەکدی نین، بەڵکو دوو شێوە و ڕوخساری پێکەوەپەیوەستی دیموکراسین. لە هەڵسەنگاندنی (ئەو دیموکراسییانەی کە هەن) دا، ئاماژە بۆ چوار خاڵ دەکات:

یەکەم: ئەوەی کە لەو دیموکراسییانەدا سەربەخۆیی تاک لە بەرامبەر دەزگای زەبەلاحی دەوڵەتی مۆدێرندا بەرتەسک بووەتەوە.

دووەم: ئـەوەی کـە ئـەو دیموکراسییانە زۆر (بەڵێنی جێبەجێنەکراو)یان هـەن، تەنانەت وازیـان لە خستنەڕووی گرنگترین پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤی هاوچەرخ هێناوە.

سێیەم: ئەوەی کە لەو دیموکراسییانەدا دەزگای سەربازی، پۆلیسی، دامـــەزراوەی ئاسایش و ســەرجـەم بیرۆکراسیی گەورەی دەوڵەتی مۆدێرن ڕەهەندی ترسێنەریان هەیە.

چوارەم: ئەوەی کە دیموکراسیی نوێنەرایەتی لە سەرجەم ژیانی کۆمەڵایەتیدا جێگەیەکی بچووکی هەیە و لە کارخانە و خوێندنگە و خێزان و... هێشتا ستەم و چەوسانەوە باڵادەستن.

لە کتێبی "کـام سۆسیالیزم"دا دەنووسێت: (تەنانەت لە کۆمەڵگە دیموکراتیکەکانیشدا هێز و دەسەڵاتی چەوسێنەرانە هەمەگیرترن لە دەسەڵاتی دیموکراسی).

لە لایەکی دیکەوە بۆبیۆ سێ بەڵگە بۆ ڕەتدانەوەی نموونەی کلاسیکی دیموکراسی دەخاتە ڕوو:

١- ئەندێشە و توێژینەوەی مۆدێرن، لە تێڕوانینەکانی تاکەوە بنەوانیان گرتووە، بۆیە لە کۆمەڵگەی پیشەسازیدا ئاڕاستە هزری و فەرهەنگییەکان بە هۆی تاکەوە بەهێز بوون

و دروست لەبەر ئەو هۆیە هێنانەکایەی ئیرادەی گشتی کارێکی سەختترە.

٢- لەگەڵ ئاڵۆزبوونی ژیانی کۆمەڵایەتی، هەر تاکێک وابەستەی گرووپێکی کۆمەڵایەتیی جیاجیا دەبێت: کرێکار و ناکرێکار، بەرهەمهێن و بەکارهێن، ژن و پیاو، خاوەن کار و کرێچی... ئەو پرسە دەرەتانێک بۆ هاووڵاتییان ناهێڵێتەوە کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاوڕ لەو هەموو کێشە کۆمەڵایەتییانە بدەنەوە کە پەیوەندیی بەوانەوە هەیە.

٣- بە پێچەوانەی دیموکراسیی دەوڵەتەوە، دەزگای بەرفراوان و گەورەی دەوڵەتی مۆدێرن، دیموکراسیی ڕاستەوخۆ بێبایەخ دەکات؛ بەو پێیە، بۆبیۆ زیاتر پێ لەسەر دیموکراسیی نوێنەرایەتی دادەگرێت، ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە تیۆریسیەنانی وەک "پێری ئەندرسۆن" پێیان وایە بۆبیۆ هەر جۆرە دیموکراسییەکی ڕاستەوخۆ لە کردەوەدا ڕەت دەکاتەوە.

بەهەرحاڵ، هەرچەندی تەماشای تێڕوانین و گۆشەنیگاکانی بۆبیۆ بکەین و لێکیان بدەینەوە، دەبێت بڵێین کە "لیبرالیزم و دیموکراسی" کتێبێکی زۆر بەنرخە و بۆ ئەوانەی پەیوەندیدارن بەو باسانە، بە تایبەت بۆ خوێندکارانی زانستەکان و فەلسەفەی سیاسی، زۆر سوودمەند دەبێت.

**ب. گولستان**

# I
# ئەندێشەی کۆن و نوێ دەربارەی ئازادی

لەم ڕۆژگارەی ئێستادا، هەبوونی حکومەتگەلێک بە ناوی (لیبراڵ–دیموکرات) یان (دیموکرات–لیبراڵ) نیشاندەری پەیوەندیی دوولایەنەی لیبرالیزم و دیموکراسییە، بەڵام لە ڕاستیدا پەیوەندیی نێوان ئەم دوانە زۆر ئاڵۆزە و بە هیچ شێوەیەک پەیوەندییەکی هەمیشەیی و یەکئاڕاستە نییە.

(لیبرالیزم) لە بەرفراوانترین مانایدا، واتە پاڵپشت و لایەنگری چەمک و پێناسەیەکی تایبەتی دەوڵەت کە تێیدا دەوڵەت کارکرد و دەسەڵاتێکی سنوورداری هەیە؛ بەم شێوەیە، دەتوانین دەوڵەتی لیبراڵ لە دەوڵەتی ڕەها و ئەو دەوڵەتانەیش کە ئەمڕۆ بە دەوڵەتی کۆمەڵایەتی ناو دەبرێن، جیا بکەینەوە.

(دیموکراسی)یش لە بەرفراوانترین مانایدا، واتە پاڵپشت و لایەنگری لە جۆرە شیاوەکانی حکومەت، کە تێیدا دەسەڵات نەک لە دەستی تاکێک یان چەند تاکێکدایە، بەڵکو هیی هەموانە، یان بە دەربڕینێکی وردتر، لە دەستی زۆرینەدایە. بەم جۆرە، دەتوانین دیموکراسییش لە حکومەتی تاکەکەسی یان (ئۆلیگارشی) جیا بکەینەوە.

هەر دەوڵەتێکی لیبراڵ لە بناغەدا دیموکراتی نییە؛ لە ڕاستیدا چەند نموونەیەکی مێژوویی لەمەڕ دەوڵەتی لیبراڵ هەبوون کە بەشداریکردنی خەڵک تێیاندا زۆر بچووک و کەم بووە، تەنها تایبەت بوون بە چینە دەوڵەمەندەکان. هەر حکومەتێکی دیموکراتیکیش بە هەمان شێوە لیبراڵ نییە، لە ڕاستیدا کە دەوڵەتی کلاسیکی لیبراڵ ئێستا خۆی لە نێو قەیراندا دەبینێت، ئەمە لە ئەنجامی هەمەگیربوونی بەردەوامی ڕەوتی بەدیموکراتیبوونە، کە بە هۆی پەرەسەندنی هەنگاو بە هەنگاوی مافی دەنگدان تا ڕادەی بەگشتیبوون، هاتووەتە کایەوە.

بێنجامین کۆنستان[1] لە وتارە گرنگەکەی خۆیدا لە ئەکادیمیای پادشایەتی لە پاریس لە ساڵی ١٨١٨، لیبرالیزمی بە پێوەری ئەندێشە نوێ و کۆنەکانی لەمەڕ ئازادی، لە بەرامبەر دیموکراسی دانا و بە وردبینییەوە کەوتە شیتەڵکردن و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە جیاوازییەکانی نێوان هەردووکیان. قسەکانی کۆنستان سەرەتایەکمان دەخەنە بەردەست بۆ توێژینەوە و بەدواداچوونی پێشینەی پەیوەندیی تێکچڕژاو و مایەی مشتومڕی دوو داخوازیی بنچینەیی، دوو داخوازی کە زەمینەی سەرهەڵدان و پەیدابوونی چەند دەوڵەتێکی هاوچەرخی لە پێشکەوتووترین وڵاتاندا (لەڕووی ئابووری – کۆمەڵایەتی) فەراهەم کردووە، سنووردارکردنی دەسەڵات و دابەشکردنی دەسەڵات.

[1] بێنجامین کۆنستان دو دێربێک (١٧٦٧–١٨٣٠)، پاریس، ڕۆماننووس و سیاسەتمەداری ناوداری فەڕەنسایی سەدەی هەژدەیەم.

کۆنستان دەنووسێت: "لە دنیای کۆندا، خەڵک خوازیاری دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان هەموو هاوولاتیاندا بوون و ئازادی لای ئەوان ئەو مانایەی هەبوو.

لە دنیای نوێدا: خەڵک خوازیاری دابینکردنی ئاسایش و پاراستنی دارایی تایبەتیانن و ئازادی بە دابینکەرێک دەزانن بۆ پاراستنی ئەو داراییەی کە لە دامەزراوەکانی خۆیان بە دەستی دێنن."[1]

کۆنستانی تاسەر ئێسقان لیبراڵ، لەو باوەڕەدا بوو، کە ئەو دوو داخوازییە لەگەڵ یەکدا ناکۆکن؛ بە بڕوای ئەو، بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ لە بڕیاردانە گشتییەکاندا، سەرەنجام تاک بەرەو پاشکۆیەتی لە دەسەڵاتی دەستەبەندی ڕادەکێشێ و لەو ڕێڕەوەدا ئازادیی تایبەت و تاکەکەسیی خۆی لە دەست دەدا، ئەمە لە کاتێکدا ئازادیی تاکەکەسی هەمان ئەو شتەیە کە هاوولاتی ئەمڕۆ لە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی داواکاریەتی.

کۆنستان دەگاتە ئەم ئەنجامە:

"ئەمڕۆ ئیدی سوود لە پێناسە و چەمکی کۆنی ئازادی، واتە بەشداریکردنی بەردەوام و چالاکانە لە دەسەڵاتی دەستەجەمعی وەرناگرێت، بە پێچەوانەوە، لای ئێمە ئازادی بەو مانایە دێت کە هەموو کەسێک لە کەشوهەوای ئاسوودەدا خاوەنی سەربەخۆیی تایبەت و تاکەکەسیی خۆی بێت."[2]

کۆنستان قسە لە پێشینان دەکات، بەڵام ڕووی دەمی لە کەسایەتییەکی هەمان ڕۆژگاری خۆیەتی کە ئەویش ژان ژاک ڕۆسۆ[1]یە، ڕۆسۆ بە سوودوەرگرتنێکی فراوان لە نووسینی ئەندیشمەندە کلاسیکەکان، کۆماری ئایدیالیستانەی خۆی لە چوارچێوەی پرۆتۆکۆڵی کۆمەڵایەتیدا خستبووە ڕوو.

بە ڕای ڕۆسۆ، ئەو دەسەڵاتەی کە بە ڕەزامەندی و بەپێی پرۆتۆکۆڵێکی ئارەزوومەندانە و گشتی دێتە سەر کار، لە هەر هەڵە و کەموکوڕییەک بێبەرییە و "پێویست ناکات بۆ خەڵکی خۆی بگەڕێتەوە و دڵنیایان بداتێ، چونکە ئەوە مەحاڵە کە ئادەمیزاد ئامادەی ئەوە بێت زیان و ئازار بە ئەندامێکی لەشی خۆی بگەیەنێت."[3]

لە ڕاستیدا دەبێت ئەوەمان قبوڵ بێت کە ڕۆسۆ لە باس و لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا هەرگیز سەبارەت بە خواستی گشتی[2] تا ئەو ڕادەیە نەچووە پێش کە پێویستیی هەبوونی سنووربەندیی دەسەڵاتی دەوڵەت قبوڵ نەکات، بۆیە کە ڕۆسۆ بە باوکی دیموکراسیی تۆتالیتار ناو دەبرێت، هەڵەیەکی تێڕوانینە باوەکانە لەبارەی ئەوەوە. ڕۆسۆ پێی وابوو کە پرۆتۆکۆڵی کۆمەڵایەتی، دەسەڵاتێکی ڕەها بە حکومەت دەبەخشێت، بەڵام لە هەمان کاتدا پێی لەسەر ئەو خاڵە داگرت کە «حکومەتیش

[1] ژان ژاک ڕۆسۆ (١٧١٢–١٧٧٨)، فەیلەسوف، نووسەر، ڕووەکناس، ئاوازدانەر و مۆزیکزان، ئەدیب، چیرۆکنووس و پەروەردەکاری بەناوبانگی فەرەنسایی. خاوەنی چەندین شاکارە، وەک کتێبی ئیمێل و پەیمانی کۆمەڵایەتی و ددانپێدانانەکان و...
2 General will

نابێت ئەو سنووربەندییانە بەسەر هاوولاتیانی خۆیدا بسەپێنێت کە سوودیان بۆ کۆمەڵ نییە.»[٤]

سەرەڕای ئەمە، بە پێچەوانەی تیۆرانین و پێشمەرجەکانی یاسای سروشتییەوە کە بنەمای تیۆری دەوڵەتی لیبراڵیش لەوەوە بنەوان دەبەستێت، گومانی تێدا نییە کە ئەو سنووربەندییانە بەر لە هاتنەکایەی دەوڵەت دانانرێن. ڕۆسۆ لەو باوەڕەدا بوو ”هەر تاکێک بە قبوڵکردنی پەیمانی کۆمەڵایەتی، تەنها ئەو بەشە لە دەسەڵاتەکانی خۆی ڕادەستی حکومەت دەکات کە کۆنترۆڵکردنیان بە لای کۆمەڵەوە گرنگە“، بەڵام ئەو لە ئەنجامگیریدا دەڵێت: ”هەروا دەبێت قبوڵ بکەین کە تاکە سەرچاوەی بڕیارلێدان لەوەی کە ئایا کۆمەڵ کۆنترۆڵکردنی چ شتێک بە گرنگ دەزانێت، حکومەت خۆیەتی.“[٥]

## ٢
## مافەکانی مرۆڤ

بنچینەی فەلسەفەی دەوڵەتی لیبراڵ وەک دەوڵەتێکی سنووردار لە بەرامبەر دەوڵەتی ڕەها، دەبێت لە ڕێبازی مافە سروشتییەکاندا بدۆزینەوە، ڕێبازێک کە ئەندیشمەندانی قوتابخانەی مافی سروشتی (یان یاسای سروشتی) دایان هێناوە. بەپێی بەرنامەی ئەو ڕێبازە، هەموو خەڵک هەندێک مافی بنچینەییان هەیە، وەک مافی ژیان، ئازادی، ئاسایش، بەختەوەری و دەوڵەت (یان بە دەربڕینێکی ڕوونتر، هەموو ئەو کەسانەی بۆ ناچارکردنی خەڵکی دی، کە ملکەچ و بەرفەرمان بن، سوود لە دەسەڵاتێکی یاسایی وەردەگرن)، دەبێت ئەو مافانە بپارێزن و پێشێلیان نەکەن و لە دەستتێوەردانەکانی ئەوانی دی بیانپارێزن، بەخشینی هەر مافێک بە هەر تاکێک دوو جۆر سەلماندن و قبوڵکردن لە خۆ دەگرێت:

یەکەم: قبوڵکردنی توانا و دەسەڵاتی هەر تاکێک لەوەی کە هەرچی پێی خۆشە بیکات.

دووەم: قبوڵکردنی دەسەڵاتی هەر تاکێک بۆ بەرگری لە خۆی و تەنانەت لە کاتی پێویستیدا بەکارهێنانی توندوتیژی خۆی، یان خەڵکانی دیکەش، دژی ئەو کەسانەی کە دەستدرێژی دەکەنە سەر ئەو مافەی، لەو ڕووەوە ئەرکی سەرشانی خەڵکی دیکەشە خۆیان دوور بگرن لەو کار و ڕەفتارانەی کە ڕەنگە ببنە بەربەست لە بەردەم (تاک)دا لەو ڕەفتار و شێوازانەی کە بە حەزی خۆی دەیەوێت بیانگرێتە بەر. (ماف) و (ئەرک) دوو چەمکی ڕێنوێنیکەرن، بۆیە لەسەر زنجیرەیەک یاسا و ڕێسای ڕێنوێنی جێگیرن، کە هاوکات دداننان بە توانا و دەسەڵاتی هەر تاکێک بۆ گرتنەبەری ئەوەی خۆی دەیەوێت، هەموانیش وا لێ بکات پابەند بن بەوەی خۆ لەو کارانە ببوێرن کە ڕەنگە بە شێوەیەک ببنە بەربەست لە بەردەم ڕەفتاری ئازادانەی تاکدا.

بەم شێوەیە، دەتوانین ڕێبازی یاسای سروشتی پێناسە بکەین، ئەو یاسایانەی کە لە لایەن مرۆڤەوە دانـراون، بەو واتایەی ئەو یاسایانە دەکرێت لە ڕێی وردبوونەوە و هۆشی خۆمانەوە بدۆزینەوە و بەو ئەندازەیەی کە چەند ئەرک و ماف لە یاسا ئەخلاقی یان یاساییەکانەوە سەرچاوە دەگرن، ئاواش یاسای سروشتی بە سەرچاوەی ئەرک و مافە سروشتییەکان دەژمێررێن. ئێمە بۆیە ڕێبازی یاسای سروشتی وەک ڕێبازی (فەلسەفی)ی لیبرالیزم دادەنێین، چونکە ئەندیشمەندە لیبراڵەکان هەوڵ دەدەن، بە هاوکاریی چەمکە گشتییەکانی ئەو ڕێبازە

سەبارەت بە ناخ و غەریزەی مرۆڤ، دەسەڵات سنووردار بکەن، بەبێ ئەوەی هیچ هەست بەوە بکەن کە ڕێبازی ئەوان پێویستی بە لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوە و خستنەڕووی بەڵگەی مێژوویی هەیە. جۆن لۆک[1] یەکێکە لە دامەزرێنەرانی لیبرالیزمی مۆدێرن، لە دووەمین (پەیام سەبارەت بە حکومەت) دا هەلومەرجی سروشتی بە خاڵی دەستپێک بۆ لێکۆڵینەوەکانی خۆی دادەنێت و بە ئازادی و یەکسانیی ڕاستەقینەی دەژمێرێت، بارودۆخێک کە یاسای سروشتی بەسەریدا حکومڕانە و «ئەو یاسایە خەڵک لەسەر ئەو بنەمایە پەروەردە دەکات کە هەر وەک چۆن مرۆڤەکان یەکسان و سەربەخۆن، بەو پێیە نابێت هیچ کەس چاو ببڕێتە گیان و ماڵی کەسی دی و نابێت زیان بە تەندروستی و ئازادییەکانی ئەوانی دی بگەیەنێت.»[٦]

ئەمە بەرهەمی هەوڵ و کۆششەکانی لۆک بوون بۆ خستنەڕووی ئەو بارودۆخە خەیاڵییە، کە ئەو پێی وابوو ئەمە دۆخی سەرەتایی ژیانی مرۆڤ بووە، تاکە ئامانجی لۆک لەو کارەیدا فەراهەمکردنی نموونەیەکی پەسەندکراو بوو بۆ خستنەڕووی سنوور و چوارچێوەی دەسەڵاتی دەوڵەت، لە ڕاستیدا (ڕاگەیەنراوی سەربەخۆیی ئەمەریکای باکوور – ١٧٧٦)

[1] جۆن لۆک (١٦٣٢-١٧٠٤)، یەکێک لە فەیلەسوفە گەورەکانی سەدەی هەڤدەیەمی ئینگلیستان و بە باوکی لیبرالیزمی کلاسیک ناسراوە. لۆک یەکێکە لە گەورەترین تیۆریسیەنەکانی ئەندیشەی پەیمانی کۆمەڵایەتی، سەر بە ڕێبازی ئەزموونگەراییە و بە یەکێک لە کاریگەرترین بیرمەندانی چاخی ڕۆشنگەری دادەنرێت.

و (ڕاگەیەنراوی مافەکانی مرۆڤی شۆڕشی فەڕەنساش – ١٧٨٩) لەو ڕێبازەی مافە سروشتییەکانەوە سەرچاوە دەگرن. لەو دوو بەڵگەنامەیەدا بە ڕوونی قسە لە بنەما گرنگەکانی دەوڵەتی لیبراڵ وەک دەوڵەتێکی سنووردار کراوە: "مەبەست لە هەر جۆرە خڕبوونەوەیەکی سیاسی، هەمان ئەو پارێزگاریکردنەیە لە مافە سروشتییەکان و سەروەریی مرۆڤەکان – مادەی دووەمی ڕاگەیەنراوی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتییان – ١٧٨٩).

بەم شێوەیە، دەتوانین ڕێبازی مافەکانی مرۆڤ بە بەڵگەسازییەک دابنێین بۆ هەلومەرجێک بۆ چەندین سەدە بەر لە ئێستا، کە لە ئەنجامی کێشمەکێش و مرخێش مرخێشی نێوان پادشا و هێزەکانی دیکەی کۆمەڵگە، بە تایبەت لە بریتانیا، هاتبووە کایە و دواتر فەیلەسوفەکان و یەزدانناسان و مافپەروەران بە شێوەی جیاجیا پەیگیرییان کرد و مشتومالْیان دا، لە بڵاوکراوەی ماگناکارتا[1]دا کە پادشا جۆن[2]یش لە ساڵی ١٢١٥دا ناوەڕۆکەکەی قبوڵ کرد، ئەوە بە فەرمیناسینی ئەو مافانە دەخاتە ڕوو کە لە سەدەکانی دواتردا ناویان نرا (مافەکانی مرۆڤ).

---

[1] ماگنا کارتا (جارنامەی هەمەلایەن) جاڕنامەی پەیمانی ئاشتیی یاسای ئینگلیزییە کە بە شێوەیەکی فەرمی لە ساڵی ١٢١٥ بە زمانی لاتینی نووسراوە و دەنگی بۆ دراوە، پادشا جۆن، پادشای ئینگلیستان و بارۆنەکان و ئەسقۆفی گەورەی کانتربێری واژۆیان کردووە.

[2] پادشا جۆن، کە بە (جۆن لاکلاند)یش ناو دەبرێت (١١٦٧–١٢١٦)، کوڕی هێنریی دووەمە و ساڵی ١١٩٩ دوای ڕیچاردی شێردڵی برای بووەتە پادشای ئینگلیستان. ئەو پادشایە زیاتر بە هۆی واژۆکردنی ماگنا کارتاوە بەناوبانگە.

ئازادییەکان[1]، یان قەڵەمڕەوی ددانپێدانراوی ڕەفتاری تاک و دارایییە تایبەتییەکانی، کە لە دەستدرێژییەکانی دەسەڵاتی پادشا پارێزراوە، لەوانەیە لە ناوەڕۆکی ماگناکارتا و بڵاوکراوەکانی دواتـردا وا لێک بدرێتەوە کە دەسـەڵاتی حکومڕان هەندێک ئیمتیازاتی یەکلایەنەی داوە بە هاووڵاتیان، بەڵام هەموو ئەو بڵاوکراوە و ڕاگەیەنراوانە بەرهەمی پرۆتۆکۆڵ و پەیمانێکی ڕاستەقینەی نێوان دەستە و گرووپە ڕکابەرەکان بـووە، بۆ نموونە، ئەو پەیمانەی کە هەموان بە پەیمانی پێڕەویکردن[2] دەیناسن، چەندین ماف و ئەرکی دوولایەنەی لە پەیوەندییە سیاسییەکان لە خۆ گرتووە؛ دیاریکردنی ئەرکەکانی حکومەت لە پاراستنی مافی ڕەعییەت و دەستوپێوەندەکانی و دیاریکردنی ئەرکەکانی ڕەعییەتیش لە پێڕەویکردن و ملکەچی بۆ حکومەت وەک (پەیمان و پابەندبوونێکی سیاسی)، ئامانجی بنەڕەتیی بڵاوکراوەی (ئازادییەکان) ناساندنی ڕێوشوێن و سنووری بەرفەرمانیی هاووڵاتیان (رادەی پابەندبوونی سیاسییان) و چوارچێوە و ڕادەی دەسەڵاتی حکومڕانەکان بووە. لە ڕاستیدا بڵاوکراوە کۆنەکان دەرەنجامی پرۆتۆکۆڵە دوولایەنەکانن، بەڵام ئەوانەش وەک ئەو بڵاوکراوانەی کە حکومەتە پادشاییە مەشروتەخوازەکان لە چاخی گەڕانەوە[3]دا و دواتر قبوڵیان کردن،

1 Liberties franchises, freedoms

2 Pactum subjectionis

٣ چاخی گەڕانەوەی بنەماڵەی بۆربۆنەکان بۆ سەر دەسەڵات دوای ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی یەکەمی فەڕەنسا (١٨١٥–١٨٣٠).

بۆ نموونە، (بڵاوکراوەی ١٨٤٨ی ئالبێرتاین)، زیاتر وا دەکەونەوە کە گوایە پادشا ئیمتیازاتێکی یاسایی یەکلایەنەی بەخشیوەتە هاووڵاتیان، بەڵام ئەوە لە بانگەشەیەکی خەیاڵییانەی بەهەڕمێن زیاتر نییە و مەبەست لەوە تەنها پاراستنی ئەو بنەمایەیە کە گەورەیی و شکۆمەندیی پادشا بەسەر خەڵکی دیدا بهێڵرێتەوە و مانەوەی حکومەتی ڕەها لە هەلومەرجێکدا بهێڵرێتەوە کە توانا و دەسەڵاتی باوی دەسەڵاتداران بە شێوەیەکی واقیعی سنووردار بووبێت.

ئەوەش نموونەیەکی دیکەیە لە لینگەوقووچیی بەردەوامی مێژوویی و پەیماننامەی مافەکان و بەڵگەسازییە عەقڵانییەکان، کە لە ئەنجامی ئەو ڕووداوانـەدا هاتبوونە کایەوە. دەوڵەتی لیبراڵ لە ڕوانگەی مێژووییەوە، بەرهەم و دەرەنجامی گەندەڵیی بەردەوام و فراوانیی دەسەڵاتی ڕەهای حکومەتەکان و هەروا پشێوی و ئـاژاوەی کودەتایی، لە کات و ساتە قەیراناوییە لەناکاوەکان بـوو، وەک (ئینگلتەرا لە دەسـەی حەڤدەیەم و فەڕەنساش لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەمدا).

لە ڕوانگەی عەقڵانییشەوە، دەوڵەتی لیبراڵ بە بەرهەمی پەیمانێک دەژمێرن لە نێوان تاکە ئازادەکان کە لە دەرەوەی یەکدا کۆ دەبنـەوە بۆ پێکەوەژیانێکی ئـازادانـە و پایـەدار و پرۆتۆکۆڵ و بڕیارنامە مۆر دەکـەن. لە ڕاستیدا مـرۆڤ لە پێواژۆی مێژوودا و لە ڕێـڕەوی بەلیبراڵیبوونی هەنگاو بە

هەنگاوی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، لە کۆیلایەتی سەرەتایی ڕزگاری بووە و ئازادییەکی باشی بە دەست هێناوە، ئەمە لە کاتێکدا تیۆریسیەن و ئەندیشمەندانی ڕێبازی مافە سروشتییەکان ئەو پێواژۆیە بە پێچەوانە دەنوێنن، تەنها لەبەر ئەو گریمانەیەی کە دەڵێت: ئازادی یەکەمین بنەما و کۆڵەگەی ژیانی مرۆڤ بووە، هەروەها بە هۆی ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت مرۆڤ لە بنچینەوە بەپێی غەریزە و ناخی خۆی ئازادە، ئەو ئەنجامە وەردەگرن کە لە کۆمەڵگەی سیاسیدا دەبێت دەسەڵاتی فەرمانڕەوا سنووردار بکرێت، بەم شێوەیە، ڕێبازی مافە سروشتییەکان شیکردنەوەیەکی لینگەوقووچ لە ڕەوتی ڕووداوە مێژووییەکان دەخاتە ڕوو، ئەوەی کە لە ڕوانگەی مێژووییەوە بەرهەم و دەرەنجامی ئەو ڕووداوانە بووە، بە خاڵی بنچینەیی و دەستپێک یان بە بەرەنجامی ڕووداوە مێژووییەکان دەژمێرێت.

ڕێبازی مافە سروشتییەکان و تیۆری پەیماننامە (یان پرۆتۆکۆڵی کۆمەڵایەتی) پەیوەندییەکی توندیان لەگەڵ یەکدا هەیە.

بەگوێرەی تێڕوانینەکانی ئەو دوو ڕێبازە، دەسەڵاتی سیاسی تەنها کاتێک ڕەوایی هەیە کە مایەی ڕەزامەندیی بەرفەرمانان (هاووڵاتیان) بێت (لە تێزەکانی لۆکەوە). کەوایە، حکومەت لەسەر بچینەی پرۆتۆکۆڵی نێوان بەرفەرمانان (کەسانێک کە دەسەڵات و فەرمانی هێزێکی لە خۆباڵاتریان

قبوڵ کردووه) و بەڕێوەبەرانی حکومەت (کەسانێک کە لە لایەن بەرفەرمانانەوە دەسەڵاتیان پێ سپێرراوە) دادەمەزرێت. ئەو حوکمە لەو بنەما سەلمێنراوەوە سەرچاوە دەگرێت کە تاکەکان مافی سەربەخۆیان هەیە لە بەرامبەر حکومەتدا؛ ئەرک و کارکردی بنەڕەتیی حکومەتیش فەراهەمکردنی هەلومەرجێکە بۆ هێنانەکایەی تەواوی مافەکانی تاک لە چوارچێوەی ژیانێکی کۆمەڵایەتیی پڕ لە ئاسایش و ئارامی. لایەنی هاوبەشی ڕێبازی مافی مرۆڤ و تیۆری پەیماننامە هەمان ئەو باوەڕبوونەیە بە ڕەسەنێتیی تاک[1] لە بەرامبەر کۆمەڵگە کە بەگوێرەی ئەوە تاک هاوشان لەگەڵ بەرەژەوەندی و خواستەکانی، واتە هەمان ئەوەی کە لە ڕێبازی یاسای سروشتی بە مافە سروشتییەکان ناوی دەبەن، بەر لە پەیدابوونی کۆمەڵگە هەبووە و لە پێش ئەوەوەیە. ئەو تیۆرە لەگەڵ دەربڕینە جیاجیاکانی تیۆری ڕەسەنێتیی گشت[2] (کۆمەڵگە) سەبارەت بە پەیوەندیی تاک و کۆمەڵگە ناکۆکە.

لە تیۆری ڕەسەنێتیی گشتدا، بە پێچەوانەی تیۆری ڕەسەنێتیی تاک لە ڕێبازی مافە سروشتییەکاندا، پەیدابوونی کۆمەڵگە لە پێشتر و بەر لە تاک و هەموو کۆمەڵ و هەموو بەشەکانیشی دادەنێت (وەک گێڕانەوەی ئەرەستۆیی لەمەڕ پەیوەندیی تاک و کۆمەڵگە کە ڕەگێکی دێرینەی توندوتۆڵی لە

1 Individualism
2 Organicism

ئەندێشەی سیاسیدا هەبوو).

تیۆری نوێی پەیماننامە خاڵی وەچەرخانی ڕاستەقینەیە لە مێژووی سیاسیدا. ئەندێشەی سیاسی، پێشتر لەژێر کاریگەریی تیۆری ڕەسەنێتیی گشتدا بوو، بەڵام دواتر بیرمەندانی پرۆتۆکۆڵی کۆمەڵایەتی پەیوەندیی نێوان تاک و کۆمەڵگەیان تەواو بە پێچەوانەی تیۆری ڕەسەنێتیی گشتەوە لێک دایەوە؛ ئەوان چیدی کۆمەڵگەیان وەک واقیعێکی سروشتی و جیاکراوە لە خواستی تاکەکان حسێب نەدەکرد و پێیان وابوو کۆمەڵگە پێکهاتەیەکی دروستکراوە کە بە دەستی تاکەکان هێنراوەتە کایەوە، لە لایەن ئەو تاکانەی کە بە هۆی هاوشێوەیی و مەیلی هاوبەش لە هێنانەکایەی بەرژەوەندی و داخوازییەکانیان و بۆ سوودبینین و بەهرەگیریی بێکەموکوڕی لە مافەکانی خۆیان، لە دەوری یەکدی کۆ بوونەتەوە.

بەم شێوەیە، لە ڕێبازی مافە سروشتییەکاندا، ئەو پرۆتۆکۆڵەی کە دەوڵەت دێنێتە کایەوە، پرۆتۆکۆڵێکی ئیختیارییە، چونکە بەپێی ئەو تیۆرە، گشت تاکەکان خاوەنی هەندێک مافی سروشتین و ئەو مافەش تەنها لە ئەنجامی پێکەوەژیانی ئازاد و ڕێکوپێکی خۆیانەوە لە میانەی پرۆتۆکۆڵ و پەیمانێکی ئیختیارانەی نێوان تاکەکان دابین دەکرێت، پرۆتۆکۆڵێک کە پێداویستیی هێنانەکایەی ئەوەیە هەموو تاکە هاوبەرژەوەندەکان چاو لە بەشێک لە مافەکانی خۆیان بپۆشن.

بەبێ شۆڕشی کۆپەرنیکی[١]، کە بۆ یەکەمین جار زەمینەی ئەوەی ڕەخساند لە ڕوانگەی هاووڵاتیانەوە لە مەسەلەی دەوڵەتی لیبراڵ بڕوانرێت، نەک لە ڕوانگەی دەسەڵاتداران، تیۆری دەوڵەتی لیبراڵ، کە بەر لەهەموو شتێک تیۆری هێنانەکایەی سنووردارێتیی یاساییە بەسەر دەوڵەتدا، نەیدەتوانی بێتە ئاراوە، بەبێ تیۆری ڕەسەنێتیی تاک، لیبرالیزمیش ناتوانێت لە ئارادا بێت.

[١] نیکۆلاس کۆپەرنیکوس (١٤٧٣-١٥٤٣)، ئەستێرەناس و بیرکاریزان و ئابووریناسی پۆڵەندی-ئەڵمانی کە پەرەی بە تیۆری چەقبوونی کۆمەڵەی خۆر دا و بە شێوەیەکی کرداری جێگیری کرد. تیۆری شۆڕشی کۆپەرنیکی یەکێکە لە گەشاوەترین بەڵگە زانستییەکانی چاخی ڕۆشنگەری کە نەک هەر بە دەستپێکی ئەستێرەناسیی نوێ دەژمێررێت، بەڵکو دیدگای مرۆڤی لەبارەی جیهانی بوونەوە بە تەواوی گۆڕی.

# ٣
# سنووری دەسەڵاتی دەوڵەت

تا ئێستا سەبارەت بە چەمکە گشتییەکانی دەوڵەتی سنووردار، یان سنووربەندییەکانی سەر دەوڵەت قسەمان کرد، ئێستا دەبێت ڕوونی بکەینەوە کە ئەو چەمک و دەربڕینانە دوو لایەنی جیا لە مەسەلەکە بە خۆوە دەگرن، کە هەندێک جار پێویستە بەم شێوەیە لە یەکدییان جیا بکەینەوە:

ا– سنووری دەسەڵاتی دەوڵەت،

ب– سنووری کارکرد و چالاکییەکانی دەوڵەت.

کەچی دەشێت جیاجیا و بەبێ پێکبەستنەوەی هەریەک لەو دوو لایەنە، لەویدی بکۆڵینەوە، بەڵام جێی باسە کە تیۆری لیبراڵ هەردوو جۆرە سنووربەندییەکە، چ ئەوەی پەیوەستە بە سنوور و دەسەڵاتەکانی دەوڵەت و چ ئەوەی پەیوەستە بە کارکردەکانی، دەگرێتەوە. ئەمڕۆ دەوڵەتی خاوەن ئیختیاراتی سنووردار، بە دەوڵەتی دامەزراو لەسەر بنەمای مافەکان ناو دەبرێت و ئەو دەوڵەتەش کە چالاکی و کارکردەکانی سنووداره، بە دەوڵەتی کەمینە ناو دەبرێت. لیبرالیزم دەوڵەتێکی بە هەردوو

ئەو تایبەتمەندییانە مەبەستە. هەڵبەت دەتوانین هەندێک دەوڵەتی دامەزراو لەسەر بنەمای مافەکان پیشان بدەین کە دەوڵەتی کەمینە نەبن، وەک (دەوڵەتی کۆمەڵایەتی لە جیهانی ئەمڕۆ)دا، یان دەوڵەتی کەمینە هەبن کە دەوڵەتی دامەزراو لەسەر بنەمای مافەکان نەبن (وەک ئەو نموونەیەی کە لە لیڤیاتان[1]ی هۆبز[2]دا هاتووە: دەوڵەتێک بە وردترین مانای ڕەها، بەڵام لە ڕووی قەڵەمڕەوی ئابوورییەوە، لیبراڵ).

دەوڵەتی دامەزراو لەسەر بنەمای مافەکان، لە بەرامبەر دەوڵەتی ڕەها بە مانای دەوڵەتی باڵادەست بەسەر یاسا و دەوڵەتی کەمینە لە بەرامبەر دەوڵەتی زۆرینە دادەنێن و دەخەنە ڕوو، هەر لەبەر ئەوەشە کە دەڵێن داکۆکیکردن لە دەوڵەتی دامەزراو لەسەر بنەمای مافەکان لە بەرامبەر دەوڵەتی ڕەها، داکۆکیکردن لە دەوڵەتی کەمینەش لە بەرامبەر دەوڵەتی زۆرینە بە مانای دەوڵەتی لیبراڵ دێت، هەرچەندە ئەو دوو تێڕوانینە ڕزگاریخوازە لە مێژوو و لە واقیعدا هەموو دەمێک لەگەڵ یەکدیدا هاوجووت نەبوونە.

---

[1] لیڤیاتان، شاکارە فەلسەفییە بەناوبانگەکەی تۆماس هۆبزی فەیلەسوفی ناوداری ئینگلیز کە ساڵی ١٦٥١ بە زمانی ئینگلیزی لە شاری لەندەن بڵاو کراوەتەوە. لیڤیاتان یەکەمین کتێبی هەمەگیرە لەبارەی دەوڵەتی نوێ و تایبەتمەندی و کارکرد و ئەرکەکانی دەوڵەت.

[2] تۆماس هۆبز، فەیلەسوفی ئینگلیزی، لایەنگری جۆرە حکومەتی ڕەهای پادشایی و دەسەڵاتداریی وەک لیڤیاتانی دەریایی، کە لەسەر بنەمای پەیمانی کۆمەڵایەتی و ڕەزامەندیی هاووڵاتیان دێتە کایەوە.

دەوڵەتی دامەزراو لەسەر بنەمای مافەکان، بە شێوەیەکی گشتی بەو دەوڵەتە دادەنرێت کە دەسەڵاتەکەی بەگوێرەی پێوەرە گشتییەکان (یاسای بنەڕەتی) دارێژراوە، بەو مانایەی دەسەڵاتی دەوڵەت دەبێت تەنها لە چوارچێوەی ئەو یاسایانەدا پەیڕەو بکرێت و هاووڵاتیانیش لەو مافە بێچەندوچوونە بەهرەمەند ببن کە بتوانن بۆ سەلماندن و پێشگرتن لە هەر خراپبەکارهێنانێکی دەسەڵات، یان بەکارهێنانی زیاد لە ئەندازەی دەسەڵات، سکاڵا و دەنگی خۆیان بگەیەنن بە دەسەڵاتی سەربەخۆی دادوەری. بەم شێوەیە، دەوڵەتی دامەزراو لەسەر بنەمای مافەکان، ڕەنگدانەوەی تیۆرێکی لەمێژینەی سەردەمی کۆنە، کە لە ڕێی تیۆرە سیاسییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە گەیشتووەتە ئەمڕۆ. بەپێی ئەو تیۆرە بێت، حکومەتی یاسا لە حکومەتی دروستکراوی دەستی مرۆڤ باشترە، هەر وەک ئەو وتەیەش کە دەڵێت: (یاسا پادشا دادەنێت)، ئەو خاڵە بە ڕوونی نیشان دەدات.[٧]

تەنانەت لە ڕۆژگاری ڕەهاییبوونی ڕێبازیشدا، ئەو تێڕوانینە لە شوێنی خۆیدا مایەوە و ئەو بنەمایەی کە دەڵێت (فەرمانڕەوا لە سەرووی یاساوەیە)[١]، وا لێک دەدرایەوە کە ئەگەرچی فەرمانڕەوا لەو یاسایانەی کە خۆی دای ناون بەخشراوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ملکەچی یاسا یەزدانییەکان، یاسا سروشتییەکان

---

1 Princeps legiibus solutus

و ئەو یاسا بنەڕەتییانەی حکومەتی پادشاییە. کاتێک باس لە تێگەیشتن و هەڵهێنجانی لیبراڵییانەی دەوڵەتی دامەزراو لەسەر بنەمای مافەکان دەکەین، پێویستە مەرجێکی دیکەش بۆ پێناسە کلاسیکییەکەی دەوڵەتی ئایدیالی لیبرالیزم زیاد بکەین.

ئەو مەرجە بریتییە لە داڕشتنی مافە سروشتییەکان بە شێوەی بەیاسابوون، یان بە واتایەکی دی، گۆڕینی مافە سروشتییەکان بۆ مافی داڕێژراو، بە مانا وردەکەی، واتە ئەو مافانەی کە یاسا داکۆکی و پارێزگارییان لێ دەکات.

لە تیۆری لیبراڵیدا، دەوڵەتی دامەزراو لەسەر بنەمای مافەکان نەک هەر بە مانای پەیڕەویکردنی جۆرەکانی گشت دەسەڵاتی دەوڵەت لە یاسا گشتییەکانی وڵات دێت، بەڵکو بە مانای سنووربەندیی زۆر گرنگ بەسەر خودی ئەو یاسایانەشە، ئەمە لە بەفەرمیناسینی هەندێک مافی بنچینەییەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە ڕووی یاساییەوە، بەو پێیەش لە ڕووی بنەماییەوە، بە (لەپێشێلکردننەهاتوو) دەژمێررێن (ئەو زاراوەیە لە مادەی دووەمی یاسای بنەڕەتیی ئیتاڵیاشدا هاتووە).[8] لەو دیدگایەوە، دەتوانین تێڕوانین و هەڵهێنجانی توندڕەوانە لەمەڕ دەوڵەتی دامەزراو لەسەر بنەمای مافەکان لە هەڵهێنجانی نەرم و گونجاو لێک جیا بکەینەوە. لە هەڵهێنجانی نەرمدا، ئەوەندە بەسە کە دەوڵەتی دامەزراو لەسەر بنەمای مافەکان، تەنها دەوڵەتێکی سەرەڕۆ نەبێت و بەگوێرەی یاسا دامەزرابێت و بە

ڕێوە بچێت، نەک بەپێی حەز و ئارەزووی تاکەکان.

تەنانەت لە هەڵهێنجانێکی نەرمتردا، هەڵهێنجانی کێلزێن[1]، هەر دەوڵەتێک کە بەگوێرەی پێوەرەکانی مافە حوکم بکات، ئەوا بە دەوڵەتی دامەزراو لەسەر بنەمای مافەکان دەژمێررێت، پێناسەیەک کە چەمکی دەوڵەتی دامەزراو لەسەر بنەمای مافەکان بە توندی لە ناخەوە تووشی سستبوون و داهێزان دەکات.

تیۆری لیبراڵ هەڵهێنجانێکی توندڕەوانە لە دەوڵەتی دامەزراو لەسەر بنەمای مافەکان دەخاتە ڕوو، لەو هەڵهێنجانەدا تایبەتمەندێتیی بێئەملاوئەولای دەوڵەتی دامەزراو لەسەر بنەمای مافەکان لە هەموو ئەو ڕێوشوێنە یاساییانەوە ئیلهام دەگرێت کە ڕێ لە گشت جۆرە ڕەفتارێکی نایاسایی و تاکڕەوانەی دەسەڵات دەگرێت و پێشگیری لە خراپبەکارهێنان و سوودوەرگرتنی نایاسایی لە دەسەڵات دەکات، گرنگترین ئەو ڕێوشوێنانە بەم شێوەیەن:

١- ملکەچبوونی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن لە بەرامبەر دەسەڵاتی یاسادانان، یان بە واتایەکی وردتر، ملکەچبوونی حکومەت (سەرچاوەی بنەڕەتیی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن) لە بەرامبەر پەرلەمان (سەرچاوەی بنەڕەتیی دەسەڵاتی یاسادانان و ئاڕاستە سیاسییەکان).

[1] هانس کێلزین (١٨٨١-١٩٧٣)، نەمسایی، مافپەروەر و فەیلەسووفی یاسا. کێلزین بە یەکێک لە دیارترین بیرمەندانی سەدەی بیستەم دادەنرێت.

٢- وەڵامگۆیی و بەرپرسیاریی پەرلەمان لە بەرامبەر دادگایەکی دەسەڵاتدار کە لایەنی یاسایی و چاودێریکردنی کاروباری یاسادانانی پێ سپێررابێت سەبارەت بە دەسەڵاتی یاسادانانی ئاسایی خۆی.

٣- سەربەخۆیی ڕێژەیی حکومەتە ناوچەییەکان لە بەرامبەر حکومەتە ناوەندییەکان لەسەر ئاستی جیاجیادا.

٤- دادگا سەربەخۆکان لە دەسەڵات و ناوەندە سیاسییەکاندا.

## ٤
## ئازادی لە بەرامبەر دەسەڵاتدا

مەبەست لە بەکارهێنانی ڕێوشوێنی یاسایی، کە بە تایبەتمەندێتیی دەوڵەتی دامەزراو لەسەر بنەمای مافەکان دەژمێررێت، بریتییە لە پشتیوانیکردن لە تاک لە بەرامبەر خراپکەڵکوەرگرتن لە دەسەڵات، بە واتایەکی دی، ئەو ڕێوشوێنانە بە مانای دەستبەرکردنی ئازادییەکان دەژمێررێن، تێڕوانینێک سەبارەت بە ئازادی کە بە (ئازادیی نێگەتێڤ) ناسراوە: بوارێک لە کارکرد و چالاکیی تاک کە دەسەڵاتداران مافی ئەوەیان نییە ڕێی لێ بگرن لەو کارەی خۆی حەزی لێیەتی، بیکات یان ناچاری بکەن بە کردنی کارێک کە پێی خۆش نییە بیکات. بەگوێرەی دیدگای زاڵ لە نەریتی لیبراڵدا، (ئازادی) و (دەسەڵات) دوو چەمکی دژ بە یەک و هەریەک سەروکاری بە بوارێکی جیا لەوەی دیکە هەیە، بۆیە لەگەڵ یەکدا ناکۆکن. لەو دیدگایەدا و لەمەڕ پەیوەندیی دوو تاک، زیادبوونی دەسەڵاتی هەر یەکێکیان، دەسەڵاتی مۆڵەتدار یان قەدەغەکراو، بە مانای کەمکردنەوە و داشکاندنی ئازادی (ئازادیی نیگەتیڤ)ی ئەوەی

دیکەیانە، بە پێچەوانەشەوە، تا یەکێکیان ئازادیی خۆی زیاتر پەرە پێ بدا و فراوانتری بکات، ئەوا دەسەڵاتی ئەوەکەی دی بەرتەسک و کەمتر دەبێتەوە.

لێرەدا پێویستە بگوترێت کە لە ئەندێشەی لیبراڵدا تەنها ڕێوشوێنە یاساییەکانی حکومەتی دامەزراو لەسەر بنەمای مافەکان، دابینکەری ئازادیی تاک نین، بەڵکو وێڕای ئەمانە، تەنها ئەو ئەرکانە بە دەوڵەت دەسپێرن کە پەیوەندییان بە پاراستنی ئاسایش و سیستمی گشتی لەسەر ئاستی میللی، یان نێودەوڵەتییەوە هەیە. لە ئەندێشەی لیبراڵدا تیۆری پێویستبوونی کۆنترۆڵی دەسەڵات و تیۆری سنووردارکردنی ڕۆڵی دەوڵەت هاوتا و هاوسەنگ[1]ی یەکدین و تەنانەت ڕەنگە کەسانێک هەبن پێیان وابێت تیۆری دووەم مەرجێکی پێویست بێت بۆ تیۆری یەکەم، بەو مانایەی کە تا قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت بەرتەسکتر بکرێتەوە، ئەوا دەکرێت خراپکەڵکوەرگرتن لە دەسەڵاتیش زۆر باشتر و ئاسانتر کۆنترۆڵ بکرێت و لەنێو ببرێت. بە کورتی، کۆنترۆڵکردنی دەوڵەتی کەمینە ئاسانترە لە کۆنترۆڵکردنی دەوڵەتی زۆرینە. لە ڕوانگەی تاکەوە، کە لیبرالیزمیش ئەوە بە بنچینە دەزانێت، دەوڵەت بەڵایەکی پێویستە. بەم شێوەیە، گەرچی دەوڵەت خۆی لە خۆیدا بەڵایە (لایەنی هاوبەشی لیبرالیزم و ئانارشیزم – و. ف) بەڵام بەڵایەکی

[1] (Pari passu): هاوسەنگ.

پێویستە (لایەنی لەیەکجیای لیبرالیزم و ئانارشیزم – و. ف). لەبەر ئەوە، دەبێت تا دەکرێت دەستتێوەردانی دەوڵەت لە قەڵەمڕەو و ڕەفتار و چالاکییەکانی تاک کەم بکرێتەوە. تۆماس پاین[1] لە سەروبەندی دەستپێکردنی شۆڕشی ئەمەریکادا، وێڕای پشتیوانیکردن لە مافەکانی مرۆڤ، ئەو دیدگایەی بە ڕوونی بەم شێوەیە دەربڕی:

"کۆمەڵگە پێداویستییەکانمان و حکومەتیش بەدکاری و سەرەڕۆییەکانمان دەخەنە ڕوو، کۆمەڵگە و حکومەت هەردووکیان ئێمە بەرەو خۆشبەختی و ئاسوودەیی ڕێنوێنی دەکەن، کۆمەڵگە بە شێوەیەکی دروستکەرانە لە ڕێی یەکخستنی خواست و ئارەزووەکانمان و حکومەتیش لە ڕێی ڕێگرتن لە خراپەکاری و سەرەڕۆییەکانمان، کۆمەڵگە هانی لێکنزیکبوونەوە دەدات، بەڵام حکومەت کەلەبەر و جیاوازییەکان دەخاتە ڕوو، کۆمەڵگە پشتیوانمانە، بەڵام حکومەت تۆڵەستێن و سزادەرمانە، کۆمەڵگە هەرچۆن بیگری بەهرە و شکۆیەکە، بەڵام حکومەت تەنانەت لە باشترین حاڵەتیشدا لە بەڵایەکی پێویست بەولاوە شتێکی دیکە نییە و لە خراپترین حاڵەتیشدا بەڵایەکە کە مرۆ ناتوانێت بەرگەی بگرێت."[9]

[1] تۆماس پاین (١٧٣٦–١٨٠٩)، ڕۆشنبیر، بیرمەند، شۆڕشگێر و ئایدیالیستی بە ڕەچەڵەک ئینگلیزی. بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دادەنرێت، ناوبراو زۆربەی تەمەنی خۆی لە فەڕەنسا و ئەمەریکا بردووەتە سەر.

بەم جۆرە، ئەگەر ئازادی لەسەر بنەمای پێناسەی زاڵ بۆ تیۆری لیبراڵ، واتە –ئازاد لە دەوڵەت–لەبەرچاو بگرین، دەتوانین پەیدابوونی دەوڵەتی لیبراڵ بە بەرەنجامێکی هاوکات دابنێین کە بە لێکدانەوەی دەربڕینی (پاین)، هەمان بەرفراوانبوونی هەنگاو بە هەنگاوی ئەم قەڵەمڕەوەیە کە تێیدا تاک لە دەستێوەردانی دەسەڵاتی دەوڵەت پارێزراوە، یان بە دەربڕینی هیگڵی و مارکسیستی، بەرەنجامێکە کە تێیدا کۆمەڵگە، یان کۆمەڵگەی مەدەنی، وردەوردە لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەت ڕزگاری دەبێت.

دوو قەڵەمڕەوی بنەڕەتیی ئەو ئازادییە بەم شێوەیەن: یەکێک ئازادی لە پرسە ئایینی و مەعنەوییەکان و ئەوەی دی ئازادی لە ژیانی ئابووری و کاروباری ماددیدا. ڤێبەر[1] لە تێزە ناسراوەکەی خۆیدا سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان ئەخلاقی پرۆتستانتی و ڕۆحی سەرمایەداری، نیشانی دا کە ئەو دوو بەرەنجامە پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ یەکدا هەیە، هەرچۆنێک بیگری، ئەوە ڕاستییەکە کە پەیدابوونی دەوڵەتە لیبراڵەکان هاوزەمانی دوو دیاردەی دیکە بوون: یەکێک ئەو دەوڵەتانەی کە لەسەر تووڕدانی باوەڕەکان و سەرهەڵدانی دەوڵەتە بێلایەنەکان یان گوێنەدان و خۆبواردن لە باوەڕە ئایینییەکانی هاووڵاتییان دامەزراون، ئەوەی دووەمیان لەنێوچوونی ئیمتیازات و کۆتوبەندەکانی سیستمی دەرەبەگایەتی

[1] ماکس ڤێبەر (١٨٦٤–١٩٢٠)، کۆمەڵناسی ئەڵمانی.

و سەرهەڵدان و پەیدابوونی خواست و ئارەزووی ئازادانەی هەموان بۆ گەیشتن بە سامان و ئازادیی دانوستان، کە ئەوە نیشانەی پەیدابوون و پەرەسەندنی کۆمەڵگەی سەوداگەری بۆرژوازییە.

لەو ڕوانگەیەوە، دەبێت دەوڵەتی لیبراڵ لە هەر شێوەیەکی باوکسالاری جیا بکرێتەوە. لە ڕوانگە و دیدگای باوکسالارانەدا، ئەرکی دەوڵەت بریتییە لە سەرپەرشتیکردنی هاوولاتیانی خۆی، سەرپەرشتیکردنێکی وەک ئەوەی باوک بەرامبەر منداڵەکانی خۆی دەیکات، کە هەمیشە جۆرێک نیگەرانی بۆ هاوولاتیان، یان تاکەکانی کۆمەڵگە دروست دەکات. لەو ڕووەی کە کۆمەڵگە بۆ خۆدەرخستنی خۆی هەردەم بە بچووک و بێبایەخ تەماشایان دەکات. یەکێک لە ئامانجەکانی لۆک کە لە "دوو پەیام سەبارەت بە حکومەتی مەدەنی"دا نیشانی دا، ئەوە بوو کە دەسەلاتی مەدەنی، یان دەسەلاتێک کە مەبەست لە هێنانەکایەی دەستبەرکردنی ئازادی و خاوەنێتیی تاکەکانە، کە بۆ بنیاتنانی حکومەتێک پێکەوە کۆ دەبنەوە، لەگەڵ حکومەتی باوکسالار و بە پلەی یەکەم لەگەڵ دڵنەواییکردن و بەندەنەوازیدا جیاوازیی هەیە. بەم شێوەیە، کانت[1] لەمەڕ ڕەتکردنەوەی باوکسالاری بە ڕوونی و زۆر بە توندی نووسیویەتی:

[1] ئیمانوئێل کانت (١٧٢٤-١٨٠٤) فەیلەسوفی ناوداری ئەڵمانی لە چاخی ڕۆشنگەریدا. کتێب و شاکارە فەلسەفییەکانی کانت کاریگەرییەکی زۆر گەورەیان لەسەر فەلسەفەی نوێ و تیۆری ئەزموونگەرایی و عەقڵگەرایی سەرەتایی و ئیپستمۆلۆژیا و ئەخلاق و فەلسەفەی سیاسی هەیە.

"حكومەتی باوكسالار[1]، واتە حكومەتێك كە وەك فەرمانڕەوایی باوك بەسەر منداڵەكانیدا لەسەر بنەمای خێرخوازی لەگەڵ خەڵكدا جێگیرە و بە شێوەك ڕەفتاریان لەگەڵدا دەكات، كە كەسانێكی بچووك و هیچنەزانن و چاكە و خراپەی خۆیان لێك جوێ ناكەنەوە. لەو حكومەتەدا خەڵك وا ڕادەهێنرێن و ناچار دەكرێن كە ڕێی كارلێككردن بگرنە بەر و چاو ببڕنە دەستی حكومەت تاكو ڕێگەی خۆشبەختییان نیشان بدات و هیچ چاوەڕوانییەكی زیاتریان نەبێت لەوەی كە حكومەت خۆی پێیان ڕەوا دەبینێت. ئەو جۆرە حكومەتە بەدترین جۆرە لە تاكڕەویدا كە بیری لێ بكرێتەوە.»[10]

نیگەرانی و سەرقاڵیی كانت بەر لە هەر شتێك سەبارەت بە ئازادیی ئەخلاقیی تاكە. لە بواری ئازادیی ئابووری و سوود و دەستكەوتی تاكیشدا نیگەرانی و بایەخدانەكانی ئادەم سمیس[2] زۆر بەرجەستە و دیارن. بەپێی (سیستمی ئازادیی سروشتی)، حكومەت تەنها سێ بەرپرسێتیی گرنگی لە ئەستۆیە:

یەكەم: داكۆكیكردن لە كۆمەڵگە لە بەرامبەر دوژمنانی بیانیدا.

دووەم: پاسەوانیكردن و پاراستنی مافی گشت تاكێك لە بەرامبەر دەستدرێژیی خەڵكانی دیكە.

---

١ Imperium paternale

٢ ئادەم سمیس (١٧٢٣-١٧٩٠)، فەیلەسوفی ئەخلاقی و ئابووریناسی سكۆتلەندی. سمیس بە داڕێژەری ئابووریناسیی كلاسیك و پێشەنگی ئابووریی سیاسی دادەنرێت.

سێیەم: لە ئەستۆگرتنی هەندێک کاروباری کۆمەڵایەتی کە دەستکەوتی تایبەتی تاکەکان بەو تاکانە خۆیان دەستەبەر ناکرێت. کانت و سمیس توێژینەوەی خۆیان لە دوو جێی زۆر لێکجیا دەست پێ دەکەن، بەڵام ئەوەی ئەوان دەگەیەنێت بەو بڕوایەی کە سنووردارbوونی ڕۆڵی دەوڵەت پێویستە، داوایەکی هاوبەشە کە ئازادیی تاک لەپێشتر و گرنگترە لە دەسەڵاتی حکومەت، ئەرکەکانی حکومەت پەیوەستن بە ماف و بەرژەوەندییەکانی تاک و لەوەوە سەرچاوە دەگرن.

ویلهێلم ڤۆن هومبۆڵت[1] لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا، سەدەی بڵاوکراوەی مافەکان، سەدەی کانت و سمیس، لە نامیلکەی (سنووربەندیی کارکرد و چالاکییەکانی دەوڵەت – ١٧٩٢)دا ئەنجامگیرییەکی زۆر باش سەبارەت بە دەوڵەتی ئایدیالی لیبرالیزم دەخاتە بەردەست.

دەتوانین مەبەستی نووسەر بە ڕوونی لە ناونیشانی نامیلکەکە و لەوەش گرنگتر، لەو قسانەی کە لە میرابۆ[2]ی پیر وەرگیراون و لە بەشی یەکەمی نامیلکەکەدا ئاماژەیان بۆ کراوە، هەڵبهێنجین:

کێشەی هەرە زەحمەت بریتییە لە دانانی یاسا پێویستەکان و پابەندیی هەمیشەیی بە بنەمای یاسایەکی پەسەندکراو و

---

[1] ویلهێلم ڤۆن هومبۆلت (١٧٦٧–١٨٣٥)، زمانناس، دیپلۆماتکار، فەیلەسوف و دامەزرێنەری زانکۆی هومبۆڵت لە بەرلین.
[2] میرابۆ (١٧١٥–١٧٨٩)، ئابووریناس و باوکی میرابۆی وتاربێژی بەناوبانگی شۆڕشی فەڕەنسا.

بەمتمانە لە کۆمەڵگەدا. ئەوە پێویستی بە حکومەتێک هەیە کە لە کاری فەرمانڕەوایی خۆیدا، توندوتیژی و ڕکوکینە وەلا بنێت، چونکە ئەو ڕکوکینەیە کوشندەترین نەخۆشییە کە حکومەتە مۆدێرنەکان پێیەوە گرفتارن.

هومبۆڵت سوورە لەسەر ئەو باوەڕەی کە تاک بە هەموو تایبەتمەندییەکانی و ئەو فرەچەشنییەی کە وەسف ناکرێت، دەبێت خاڵی دەستپێکی ئێمە بێت. هومبۆڵت جەخت دەکاتەوە کە ئامانجی ڕاستەقینەی مرۆڤ، تۆکمەکردن و خستنەکاری هەموو تواناکانی خۆیەتی و بۆ ئەوەی بگەینە ئەو ئامانجە و ئامادەکاریمان هەبێت، ئەوە دەبێت دەوڵەتی نموونەیی ئێمە بەپێی ئەو بنەمایانەی خوارەوە بە ڕێوە ببرێت:

هۆش تەنها ئەوەی بۆ مرۆڤ دەوێت کە هەر تاکێک لە ژیانی تایبەتی خۆیدا بۆ تۆکمەکردن و ئامادەکارییەکانی خۆی خاوەنی ئازادییەکی بێچەندوچوون بێت، هەلومەرجێک کە سروشتیش تێیدا دەستلێنەدراو لە شوێنی خۆیدا بێت و تەنها لەو کار و چالاکییانەی کە خودی تاک بەپێی خواستێکی ئازادانە و گونجاو لەگەڵ زەمینەی پێداویستی و تایبەتییەکانی دەیانکات، کارلێک بکەن، هەلومەرجێک کە تێیدا تاک تەنها لە چوارچێوەی دەسەڵات و مافەکانیدا سنووردار دەکرێت.[١١]

هومبۆڵت لەو گریمانەیەدا دەگاتە ئەو ئامانجەی کە "هەر جۆرە دەستتێوەردانێکی دەوڵەت لە کاروباری تایبەتیدا، واتە

ئەو کاروبارانەی پەیوەندییان بە دەستدرێژیکردنە سەر مافی تاکەکانی دیکەوە نییە، دەبێت یەکسەر ڕەت بکرێنەوە."[١٢] هومبۆڵت تێڕوانینی کۆن و جێگیر لەسەر بنەمای ڕەسەنایەتیی گشت سەبارەت بە پەیوەندیی تاک و دەوڵەت ئاوەژوو دەکاتەوە، ئەو ئاوەژووکردنەوەیە لەگەڵ ئاوەژووکردنەوەیەکی دیکە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی پێوە هەیە، واتە پەیوەندیی نێوان ئامانج و ئامراز، وەک یەکە و پێی بەهێز دەبێت. بە قسەی ئەو، دەوڵەت تەنها ئامرازە، نەک ئامانج: "بۆ بەرزکردنەوە و پێشخستنی ڕۆشنبریی هاووڵاتیان، تا ئەو ڕادەیەی کە بتوانن بۆ بەشداریکردن لە بەرنامە و پرۆژەکانی دەوڵەتدا هۆشیارییەک پەیدا بکەن و لەو ئیختیارات و دەسەڵاتەی کە دامودەزگا سیاسییەکان لە قازانجی بەرژەوەندییەکانی تاکدا دەیانخەنە بەردەست، چاوکراوانە مامەڵە بکەن."[١٣]

ئامانجی دەوڵەت، ئەگەر ئامانجێکی هەبێت، ئەوا (ئاسایش)ـە. هومبۆڵت لە نامیلکەکەیدا چەندین جار دووبارەی دەکاتەوە کە ئامانجی دەوڵەت لە یەک وشەدا بریتییە لە (ئاسایش)، واتە (دەستەبەرکردنی ئازادییە سیاسییەکان).[١٤]

## ٥
## سوود و بەرهەمی ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوە

هومبۆڵت لە نووسینەکانی خۆیدا، ئازادیی تاک بە تاکە ئامانجی دەوڵەت دادەنێت و جەخت دەکاتەوە کە دەوڵەت بۆ خۆی ئامانج نییە، بەڵکو تەنها ئامرازێکە. وێڕای ئەوە، نووسینەکانی بابەتگەلی دیکەشیان تێدایە، کە تێڕامان و لەسەروەستانیان جێی بایەخە بۆ توێژینەوەی ئەندێشەی لیبراڵ لە هەموو ڕوویەکەوە، بە تایبەت پرسی ستایشکردنی لیبراڵەکان لە (جۆرایەتیدا). هومبۆڵت لە هەڵسەنگاندنێکی ورددا سەبارەت بە دەوڵەتی خێرخواز[١]، واتە ئەو دەوڵەتەی کە زیاد لە ڕادە بە تەنگ (خۆشگوزەرانی)ی هاووڵاتیانی خۆیەتی، ڕوونی دەکاتەوە کە دەستتێوەردانی دەوڵەت جگە لەو کار و چالاکییانەی کە بۆی دەستنیشان کراون، واتە هەمان پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ و دەرەوە، دەبێتە هۆی هاوشێوەبوونی ڕەفتاری تاکەکان لە کۆمەڵگەدا و بەو شێوەیە، جۆرایەتییە سروشتییەکانی نەریت و خووی تاکەکان تووشی کپبوون دەکات، (بەڵگە

[١] (Proidetiol state): دەوڵەتی خێرخواز.

و پاساوەکانی هومبۆڵت پێش ئەو هەڵسەنگاندن و ڕەخنە نوێیانەی "نیولیبرالیزم" لەسەر نووسینە بەناو زیانئاوەرەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەران کەوتوون). حکومەتەکان، بە پێچەوانەی تاکەکان، عەودالی خۆشگوزەرانییەکن کە دوور بێت لە نارێکی و بێسەروبەری، (بەلام ئەوەی کە ئادەمیزاد بۆ خۆی چاوی تێ بڕیوە و بۆ خۆی دای ناوە و پێویستە دای بنێت، شتێکی تەواو جیایە لەوە، واتە بریتییە لە جۆرایەتی و چالاکی).[١٥]

ڕەنگە لە جێی خۆیدا بێت کە وای دابنێین ئەو کەسانەی بە پێچەوانەی ئەوە بیر دەکەنەوە، مرۆڤ بە ئامراز دادەنێن، بە ڕاستی کاردانەوەی هومبۆڵت لە بەرامبەر "قەفەسی ئاسنین"ی دەوڵەتی بیرۆکراتی مۆدێرندا چۆن دەبوو؟!

درێژەی پێ دەدات: "لەبەر ئەوەیە کە دەبینین لە زۆربەی دەوڵەتەکاندا هەر دەیەیەک دوای دەیەیەکی دی، ژمارەی پۆست و پلەوپایە دەوڵەتییەکان و پانتایی ڕەفتارەکانیان بەرەو زیادبوون دەچێت، لە کاتێکدا کە بواری ئازادیی هاووڵاتیان بەو ئەندازەیە بەرتەسک و کەم دەبێتەوە."[١٦]

بەو ئەنجامە دەگات کە "بەم شێوەیە، لەو ڕێڕەوەدا تاک دەبێتە قوربانیی هەلومەرجەکان و سەرەتاییترین دەسەلات و ئارەزووشی دەبێتە قوربانیی وەدەستخستنەوەی ئامانجە پۆزەتیڤەکان."[١٧]

بەم جۆرە، داکۆکیکردن لە تاک لە بەرامبەر بانگەشەی دەوڵەت لەمەڕ دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی، نەک هەر لە ڕێی باسکردنی بەرژەوەندییەکانی تاک، بەڵکو هەروا لە ڕێی بەدواداچوون و تاوتوێکردنی پرسە ئەخلاقییەکانەوە بۆ پێشەوە دەبرێت. هەڵبەتە ئەمڕۆ وا خوومان بە ڕەخنەی ئابوورییانەی ڕووت لە دەوڵەتی خۆشگوزەران گرتووە، کە چیدی بیرکردنەوە لە بەها و دەستمایە قووڵە ئەخلاقییەکانی لیبرالیزمی سەرەتایی و وەبیرخۆهێنانەوەی ڕەخنەکانی لە باوکسالاری ئاسان نییە، ڕەخنەیەک کە بنچینەییترین هۆکاری بوونی خۆی لە پشتیوانی لە سەربەخۆیی تاکدا دەبینێت. لەو ڕوانگەیەوە، هەڵقەیەکی هاوبەش هومبۆڵت و کانت و کۆنستانیش پێکەوە دەبەستێتەوە. هەتا لای سمیسیش، کە بەر لەوەی ئابووریزان بێت ئەخلاقگەرا بوو، (ئازادی) بەهرە و بەهای ئەخلاقیی هەبوو.

جگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان هەمەجۆریی تاکەکان و هاوشێوەسازیی دەوڵەتی، دەتوانین بابەتێکی دیکە و تایبەتتریش لە ئەندێشەی لیبراڵدا هەڵبهێنجین، کە ئەویش پێداگرتنە لەسەر جێگیرکردنی ململانێ و ڕکابەری لە تێڕوانینە کۆنەکانی پشتبەستوو بە ڕەسەنایەتیی گشت، کە لە هەموو شتێک زیاتر بایەخ و گرنگی بە (تاکایەتی) دەدرا، کۆکبوون و تەبایی، تەنانەت ئەگەر لە ڕێی فشار و بە خورتییش بوایە، بە شتێکی پەسەندکراو دەژمێررا، دەبوا بە شێوەیەکی ڕێکوپێک

پەیڕەوی لە (گشت) کرابایە و ململانێ وەک فاکتەری تێکچوون و لێکهەڵوەشانەوەی کۆمەڵ تەماشا دەکرا و مایەی ڕەتکردنەوە بوو.

لایەنی هاوبەشی هەموو ئەو تێڕوانینانەی کە لەگەڵ ڕوانگەی ڕەسەنایەتیی گشت ناکۆکییان هەیە، بریتییە لە پێداگرتن و سووربوون لەسەر سوودبەخشیی ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان تاکەکان و گرووپەکان و (تەنانەت لە نێوان گەلان لەمەڕ ستایش و پەسەندکردنی ڕووبەڕووبوونەوە وەک هۆیەک بۆ پێگەیاندن و ئامادەسازیی بەهرە و چالاکییەکانی خەڵک). ئەمانە ئەو جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیە بۆ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و ئەخلاقیاتی مرۆڤ بە پێویست دەزانن و پێیان وایە ئەو جۆرە پێشکەوتنە تەنها لە میانەی ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەی بیروڕای جیا و بەرژەوەندیی جیا، هەروەها لە ڕێڕەوی کێشمەکێش و پێشبڕکێ لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا دێتە دی، کێشمەکێشێک کە بوار و پانتایی بەڵگە زانستییەکان و گەڕان بەدوای ڕاستیدا بۆ مرۆڤ بەرفراوان و زیاد دەکات، لە بواری ڕکابەریی ئابووریدا زیاترین خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە و لە قەڵەمڕەوی سیاسییشدا دەبێتە هۆی هەڵبژاردنی شایستەترین کەسانێک بۆ بەڕێوەبردن و حکومڕانیکردن. بەپێی ئەو چەمکە گشتییانە سەبارەت بە مرۆڤ و مێژووی مرۆڤایەتی، جێی سەرسوڕمان نییە کە ئەوانەی لەگەڵ ڕوانگەی

ڕەسەنایەتیی گشت ناکۆکن، ئازادیی تاک –واتە ڕزگاربوون لە کۆتوزنجیری نەریتی کۆن و ڕێوڕەسم و دەسەڵاتگەرایی ئایینی یان نائایینی، کە چەندین سەدە تاکەکان بە دەستیەوە گرفتار بوون– بە پێداویستیی جێگیرکردنی (جۆرایەتی) لە کەسایەتیی مرۆڤەکاندا دابنێن، مەسەلەیەک کە بە بڕوای ئەوان نەک هەر لەگەڵ ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوە ناکۆک نییە، بەڵکو ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوە فاکتەرێکە بۆ گەیاندنی ئەو ئازادییەی تاک بۆ ئەوپەڕی پوختەیی و پێگەیشتنی خۆی.

کانت لە نامیلکەکەی خۆیدا لەژێر ناوی (بیرۆکەی مێژووی گشتی لە ڕوانگەی جیهانییەوە –١٧٨٤) بە ئاشکرا بیروڕای خۆی دەردەبڕێت: "ڕووبەڕووبوونەوە ئامرازێکە کە سروشت بۆ پێگەیاندن و پەروەردەکردنی هەموو توانا و قەڵەمڕەوەکانی خۆی سوودی لێ وەردەگرێت و بەکاری دێنێت."[١٨] مەبەستی کانت لە ڕووبەڕووبوونەوە[١]، حەز و مەیلی مرۆڤە لەمەڕ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ململانێ لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا، حەز و مەیلێک کە هەموو توانا و چالاکییەکانی تاک بەئاگا دێنێت و وەگەڕی دەخات، بەسەر هەستی سستبوون و تەمبەڵیدا زاڵی دەکات و هانی دەدات بەرەو سەرکەوتن و دەرکەوتن لە نێوان خەڵکانی دی.

ڕەنگە لە جێی خۆیدا بێت بڵێین کە لە بەراوردکردنی کۆمەڵگەی ناکۆک و کۆمەڵگەی هەماهەنگ لە ڕوانگەی ئەخلاقی و

1 Antagonism

ئابوورییەوە، حوکمدانەکەی کانت بنچینەی ئەندێشەی لیبراڵی بە ڕوونی نیشان دابێت: "لەحاڵەتی نەبوونی ململانێی کۆمەڵایەتیدا، گشت توانا و داهێنانەکانی مرۆڤ لە قۆناغی سەرەتایی خۆیدا و لە شوانکارەییدا دەمێننەوە و تاکەکان وەک مێگەلی بەردەم گۆپاڵی شوان هیچ شتێکی بەهادار بۆ ژیانی خۆیان بە دەست ناهێنن."

لەسەر بنەمای ئەو حوکمە جەنجاڵئامێزەیە کە کانت بەم شێوە دەربڕینە دەکەوێتە پێداهەڵدان و ستایشکردنی حیکمەتی سروشت و داهێنان: "سوپاسی سروشت – لێرەدا مەبەستی کانت لە سروشت، غەریزە و کەڵکەڵەی ناخە– دەکەین بە هۆی سەرکێشی و گیانی پڕ لە ئیرەیی و بەخیلانەی لە ڕکابەری و مەیلی چاوچنۆکانەی بۆ خاوەنێتی و دەستبەسەرداگرتنی فەرمانڕەوایی! چونکە بەبێ ئەوە، توانا خودییەکانی مرۆڤ هەر بە کرچوکاڵی و پینەگەیوی دەمانەوە."[19]

بەم شێوەیە، لیبرالیزم وەک بیردۆزێک بۆ دەوڵەتی سنووردار، دەوڵەتی پشتبەستوو بە مافەکان لە بەرامبەر دەوڵەتی ڕەها و دەوڵەتی کەمینە لە بەرامبەر دەوڵەتی زۆرینەدا دادەنێت. بیردۆزی پێشکەوتنی پشتبەستوو بە ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوە، ناکۆکی و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دیکەش دێنێتە گۆڕێ، ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان دەوڵەتە ئازادەکانی ئەورووپا و حکومەتە تاکڕەوەکانی[1] ڕۆژهەڵات. تاکڕەوی

[1] تاکڕەوی: دیکتاتۆری.

دەستەواژەیەکی کۆنە کە وێڕای مانا شیکارییەکەی خۆی، هەمیشە مانایەکی پەراوێزیی زۆر مایەی مشتومڕی دیکەیشی هەبووە. بە برەودان و بەرفراوانکردنی ئەندێشەی لیبراڵ، دەستەواژەی تاکڕەوی مانایەکی نێگەتیڤی دیکەیشی لە خۆ گرت، چونکە دەوڵەتە تاکڕەوەکان هەموو خەڵک بۆ ژێر چەپۆکی خۆیان ڕادەکێشن، هەر وەک ئەوەی کە ماکیاڤیلی[1] سەبارەت بە سەرجەمی سەڵتەنەتی تورکان دەڵێت: «تەنها یەک فەرمانڕەوا کاروبارەکان هەڵدەسووڕێنێت و ئەوانی دی گشتیان خزمەتکاری بەردەرگان.»[20] یان بە هەمان شێوە کە هیگڵ[2] سەبارەت بە دەوڵەتە تاکڕەوەکانی ڕۆژهەڵات دەڵێت: «تەنها یەک کەس ئازادە.»[21]

لەبەر ئەو هۆیەیە کە خەڵکی ڕۆژهەڵات حەز بە سستی و تەمبەڵی و بێجووڵەیی دەکەن، یاسای پێشکەوتنی ناسنووردار لەسەر ئەوانە هاوجووت نییە و تەنها بایەخی بۆ ئەورووپای شارستانی هەیە. لەو جۆرە تێڕوانینەدا، چەمکی دەوڵەتی لیبراڵ وێڕای دیاریکردنی گوتارێکی سیاسیی گشتی، بە پێوەرێکیش بۆ شیکردنەوەی مێژوو دەژمێررێت.

[1] نیکۆلۆ ماکیاڤێلی (١٤٦٩–١٥٢٧)، شاعیر، مێژوونووس و شانۆنامەنووسی ناوداری ئیتاڵیایی و نووسەری کتێبی بەناوبانگی میر.
[2] گیۆرگ ویلهێلم فریدریش هیگڵ (١٧٧٠–١٨٣١)، فەیلەسوفی گەورەی ئەڵمانی، یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئایدیالیزمی ئەڵمانی. شاکارە فەلسەفییەکانی هیگڵ، وەک کتێبەکانی دیاردەناسیی ڕۆح، زانستی لۆژیک، ئینسکلۆپێدیای زانستە فەلسەفییەکان و توخمەکانی فەلسەفەی ماف و... ناو و ناوبانگی ئەو گەورە فەیلەسوفەیان بۆ هەتاهەتایە بە نەمری هێشتووەتەوە.

## ٦
# ئەندێشەی کۆن و نوێ لەبارەی دیموکراسی

لیبرالیزم وەک تیۆرێک سەبارەت بە دەوڵـەت، (هەروەها ڕێنیشاندەر بۆ شیکردنەوەی مێژوو)، دیاردەیەکی مۆدێرنە و دیموکراسییش وەک شێوەیەک لە حکومەت، دیاردەیەکی کۆنە، بەگوێرەی پلەبەندیی ناسراوی جۆرەکانی حکومەت، کە لە ئەندێشەی سیاسیی یۆنانەوە پێمان گەیشتووە، دیموکراسی حکومەتی زۆرینە، یان با بڵێین حکومەتی ڕەشوڕووتەکانە (تەنانەت ئەگەر ڕەشوڕووتەکان دەستێکی باڵاشیان نەبێت، ئەو پێناسەیە ئەوە دەگەیەنێت کە دەسەڵات تایبەتە بە چین و توێژە فراوانەکانی کۆمەڵ).

هەر وەک لە مانا ڕیشەییەکەی دەستەواژەی دیموکراسییشدا دەردەکەوێت، دیموکراسی لە یەک وشەدا واتە حکومەتی خەڵک لە بەرامبەر حکومەتی تاک، یان حکومەتی کەمینە. بە درێژایی چەندین سەدە، گفتوگۆیەکی چڕ و فراوان لەبارەی جیاوازیی دیموکراسیی کۆن و دیموکراسیی مۆدێرن هەبووە. هەروەها بە گۆڕانی هەلومەرجەکان و باوەڕ و ڕێبازەکان و بەپێی ئەو ئاستەی کە پشتیوانی و داکۆکی لە حکومەتی خەڵک لە بەرامبەر حکومەتی تاک، یان ئۆلیگارشی کراوە، بەهای دەستەواژەی

دیموکراسی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام مانا شیکاری و گشتییەکەی هەر وەک خۆی ماوەتەوە.

لە هەر ڕوویەکەوە، تەنانەت لە گۆشەنیگای ئەوانەی جیاکردنەوەی دیموکراسیی کۆن و دیموکراسیی نوێ بە شتێکی سوودمەند دەزانن، ئەوەی کە لە ڕێڕەوی دیموکراسیی کۆن بۆ دیموکراسیی نوێ گۆڕاوە، بنەمای مافی حاکمییەتی خەڵک نییە، (مەبەست لە "خەڵک"، هەموو ئەو هاووڵاتییانەیە کە مافی بڕیاردانی تەواویان هەیە)، بەڵکو شێوەی وەکارخستن و گەشە و پەرەپێدانیەتی لە قەڵەمڕەوە جۆراوجۆرەکاندا.

لە هەمان سەروبەندی ڕاگەیەنراوی مافەکان[1]دا ئەوە دەبینین کە نووسەرانی (فیدرالیست) دیموکراسیی ڕاستەوخۆ لە دەوڵەتشارە کۆنەکان و سەدەکانی ناوەڕاست، لەگەڵ دیموکراسیی نوێنەرایەتی بە تاکە شێوەیەکی گونجاوی حکومەتی خەڵک لە وڵاتانی گەورە لە بەرامبەر یەکدا دادەنێن. هامیلتۆن[2] لەو بوارەدا دەنووسێت:

"ناتوانین مێژووی کۆمارە بچووکەکانی یۆنان و ئیتاڵیا بخوێنینەوە و هەست بە سەرسامی و بێزاری نەکەین لەو پشێوییە بەردەوام و ڕوولەزیادبوونە و لەو گۆڕانە بە دوای

[1] جارنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، پەیماننامەیەکی نێونەتەوەیی جیهانییە کە کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٠ی دیسامبەری ١٩٤٨ لە پاریس دەنگی بۆ دا.

[2] ئەلێکساندەر هامیلتۆن (١٧٥٥-١٨٠٤)، دەوڵەتمەدار و یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەمەریکا، شیکەرەوە و پارێزەری دەستووری ئەمەریکا، هەروەها دامەزرێنەری سیستەمی دارایی ئەو وڵاتە.

یەک و خێرایانەی کە کۆمەڵگەیان خستبووە نێو هەڵبەزودابەزی بەردەوامی نێوان توندوتیژی و ئاژاوەوە."[٢٢]

مەدیسۆن[١]یش لەو بڕوایەدایە: «لایەنگرانی حکومەتە میللییەکان هەرگیز بەو ئەندازەیە لە پێگە و چارەنووسی ئەو حکومەتانە نیگەران نابن کە وایان لێ بێت ئەو حکومەتانە بەرەو ئەو جۆرە تەنگژە و ئاژاوە ترسناکانە ڕابکێشن.»[٢٣]

ڕاستییەکەی، ئەو بانگەشەیەی کە دەیگوت مەیلداری بۆ دەستەبەندی لە (دەوڵەتشارەکاندا) زیان بە دیموکراسی دەگەیەنێت، لە بیانوویەک زیاتر نەبوو (گەڕانەوەیەکی دی لە هەمان بایەخپێنەدانە کۆن و بەردەوامەکانی ئۆلیگارشییەکان بە خەڵک)، چونکە ئەگەر لە ئەنجوومەندا نوێنەرانێک هەبوان، ئەوا دەستەبەندیی گرووپە ڕکابەرەکان لە پەیدابوونی حزبەکاندا سەریان هەڵدەدا. تاکە بەڵگەی گرنگ و بەهادار بۆ پشتیوانیکردن لە دیموکراسیی نوێنەرایەتی بریتییە لە گەورەیی و شکۆمەندیی دەوڵەتی مۆدێرن. هەروەها یەکێک لە یەکەمین نموونەکانی، یەکێتیی سێزدە کۆڵۆن[٢]ـەکەی بریتانیا بوو، کە نووسەرانی فیدرالیست سەرقاڵی ڕاوێژ و لێکۆڵینەوە بوون لەبارەی داڕشتنی یاسای بنەڕەتی بۆی. تەنانەت ڕۆسۆ کە

---

[١] جەیمس مەدیسۆن (١٧٥١-١٨٠٩)، چوارەمین سەرۆککۆماری ئەمەریکا و یەکێک لە سەرۆککۆمارە ناودارەکانی ئەو وڵاتە.

[٢] سێزدە کۆڵۆنەکەی بریتانیا یا سێزدە کۆڵۆنەکەی ئەمەریکا، کە کۆمەڵە کۆڵۆنێکی بریتانیای مەزن بوون لە سەر لێوارەکانی ئەمەریکای سەر زەریای ئەتڵەسی، لە سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەم، لە ساڵی ١٧٧٦دا سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایان لێ پێک هات.

لایەنگری پڕخرۆشی بیروڕای پێشینان بوو، ئەو بابەتەی قبوڵ کردبوو. ڕۆسۆ بە توندی پشتیوانیی لە دیموکراسیی ڕاستەوخۆ دەکرد و پێی وابوو: «ناشێت مافی حکومڕانی بە نوێنەران بسپێررێت؟» لەبەر ئەوەیە کە خەڵکی: «ئینگلیستان بە نادروستی خۆیان بە ئازاد دەزانن» و لەو بارەیەوە: «زۆر بە هەڵەدا چوون، ئینگلیزەکان تەنها کاتی هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان ئازادن و هەر کە نوێنەرانی پەرلەمان هەڵبژێرران، کۆیلایەتییان بەسەردا زاڵ دەبێت و ئیدی ئازادییەک لە گۆڕێدا نامێنێت.»[٢٤]

لەگەڵ ئەوەدا، تەنانەت ڕۆسۆش ئەوەی قبوڵ کردبوو "کە تا ئێستا دیموکراسیی ڕاستەقینە نەبووە و ناشبێت"، چونکە پیادەکردنی دیموکراسی پێویستی بە چەند ڕێوشوێن و پێشمەرجێک هەیە کە بریتین لە:

یەکەم: بچووکیی وڵات، بە شێوەیەک کە بتوانرێت خەڵکەکەی بە ئاسانی کۆ بکرێنەوە سەریەک و کۆنترۆڵ بکرێن.

دووەم: سادەیی لە نەریت و ڕێڕەوی ژیان.

سێیەم: ڕادەیەکی باشی یەکسانی لە پلەوپایە و داراییدا.

چوارەم: ژیانی سادە و بێئارایشت.

لەبەر ئەمە، ڕۆسۆ دەیگوت: "ئەگەر ئادەمیزاد وەکو خوا دەبوو، هەنگێ حکومەتی ئادەمیزادەکانیش دیموکراتیک دەردەچوو، بەڵام حکومەتێک کە لە لایەن ئادەمیزادەکانەوە

دروست بکرێت، ناشێت بێکەموکوڕی بێت."[٢٥]

نووسەرانی فدرالیست و هەروەها ئەنجوومەنە دامەزرێنەرەکانی فەرەنساش گەیشتبوونە ئەو بڕوایەی کە دیموکراسیی نوێنەرایەتی چاکترین جۆری حکومەتی دیموکراتی و گونجاوە بۆ زۆرینەی هەرەزۆری خەڵک، حکومەتێک کە خەڵک بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بڕیار لەمەڕ کاروباری خۆیان نادەن، بەڵکو کەسانێک هەڵدەبژێرن کە بە نوێنەرایەتیی ئەوان ئەو کاروبارانە بکەن. وێڕای ئەوانەش، بێگومان لای ئەوان پیادەکردنی دیموکراسیی نوێنەرایەتی بە واتای بەکەمزانینی بنەمای حاکمییەتی خەڵک نەبوو. ڕەنگە لە یاسای بنەڕەتیی ڤێرجینیا ١٧٧٦[١]دا گەواهیی ئەو قسەیە بکرێت، واتە یەکەمین یاسای بنەڕەتیی نووسراو لە ویلایەتەکانی ئەمەریکای باکوور تەماشا بکرێت؛ لەو بەڵگەنامەیە و لە یاسا بنەڕەتییەکانی دوای ئەوەشدا هاتووە کە:

"هەموو دەسەڵات لە خەڵکەوەیە و لە خەڵکەوە سەرچاوەی گرتووە، دۆزگەر و دادوەرەکانیش ڕازگر و خزمەتگوزارن و لە هەر حاڵەتێکدا لە بەرامبەر خەڵکدا بەرپرسیارن."

لە مادەی سێیەمی ڕاگەیەنراوی ١٧٨٩[٢]شدا گوزارەیەکی لەو جۆرە بەرچاو دەکەوێت: «مافی حکومڕانێتی لە بنچینەدا

[١] یاسای بنەڕەتی ڤێرجینیا، ئەم یاسایە یەکەم جار لەساڵی ١٨٦١دا داڕێژراوە، دواتر لە ساڵی ١٩٦٠دا دیباجەیەکی بۆ زیاد کراوە و لە چواردە مادەدا داڕێژراوەتەوە.

[٢] جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتیان، یەکێکە لە دوکیۆمێنتە نەمرەکانی شۆڕشی گەورەی فەرەنسی.

هیی میللەتە، هیچ گرووپێک، یان تاکێک، مافی داسەپاندنی دەسەڵاتی نییە، مەگەر ئەوەی کە ئەو دەسەڵاتە بە ڕوون و ئاشکرا لە میللەتەوە سەرچاوەی گرتبێت. هەڵبەتە لە ڕاستیدا بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی دەسەڵات لە لایەن خودی هاووڵاتیان لەگەڵ بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی دەسەڵات لە ڕێی نوێنەرە هەڵبژێرراوەکانی ئەوان ناکۆک نییە (یاساکانی ئێستای ئیتاڵیا کە تێیاندا ئامادەکارییەک بۆ هەمەپرسی کراوە، ئەمە نیشان دەدات، گەرچی لەو هەمەپرسییانەدا خەڵک دەتوانن تەنها هەندێک لە یاساکان بگۆڕن یان ڕەت بکەنەوە)، بەڵام وێڕای ئەمە، بنەمای مافی حکومڕانێتی هەردوو چەمکی دیموکراسیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لە بەرچاو و مەبەست بووە، هەرچەندە ئەو دوانە لە شێوە و چۆنێتی و پیادەکردنی حکومڕانیدا جیاوازییان لەگەڵ یەکدا هەیە.

دیموکراسیی نوێنەرایەتی ئەو بۆچوونەشی بەهێز کرد کە نوێنەرە هەڵبژێرراوەکانی هاووڵاتیان لە خودی ئەوان باشتر درک بە بەرژەوەندییە گشتییەکانی هاووڵاتیان دەکەن، چونکە هەر هاووڵاتییەک تەنها بە بەرچاوتەنگییەوە بیر لە بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی دەکاتەوە. ئەو بەڵگانەی باس کران، بەسن کە دیموکراسیی نوێنەرایەتی بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانی حکومەتی خەڵک بە گونجاوتر بزانین.

هەروەها خۆبەهەڵەدابردنە ئەگەر لە بەراوردکردنی دیموکراسیی کۆن و دیموکراسیی مۆدێرندا، بۆ هێنانەدیی ئامانجە ئاماژەبۆکراوەکان، دیموکراسیی کۆن بە کامڵتر و گونجاوتر بزانین.

مەدیسۆن پێی وابوو بە سپاردنی دەسەڵاتی حکومەت بە ژمارەیەکی کەم لە تاکەکان کە ئاستی هۆشیارییان بۆ هەموان ساغ بووبێتەوە، کەسانێک دەبنە بڕیاردەری (بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکان)ی وڵات کە: "بە دوور دەزانرێت پرسەکە بکەن بە قوربانیی لایەن و لایەنکاری و شتی ڕاگوزەر و کەمبایەخ."[٢٦] هەڵبەتە ئەوەش کە هەر کەسە و لە دوای هەڵبژاردنیەوە چ ڕێباز و شێوازێکی ئیشکردن دەگرێتە بەر، بە خۆیەوە پەیوەستە. بەهەرحاڵ، ئەو نوێنەرە ئیدی کارگوزاری تایبەتی ئەو کەسانە نابێت کە دەنگیان بۆ داوە، بەڵکو نوێنەری سەرجەم میللەت دەبێت، ئەگەر بڕیار وابووبێت کە دیموکراسی بە مانای ڕاستەقینەیەوە نوێنەرایەتی بێت، ئیدی نەدەکرا نوێنەرە هەڵبژێرراوەکان لە چوارچێوەی خواستی دەنگدەرانەوە لە قاوغ بدرێن. ئەو وابەستەییە تایبەت بوو بە هەندێک کۆمەڵگەی سەردەمە کۆنەکان کە لەسەر بنەمای پلەوپایە (کاست –caste ) دامەزرابوون، کۆمەڵگەگەلێک کە گرووپە جیاجیا و ئەنجوومەن و دەستە و تاقمەکان، نوێنەرەکانی خۆیان وەک ئامرازێک بۆ دەستەبەرکردنی داخوازییە تایبەتییەکانیان لە لایەن حکومەتەوە

تێدا بەکار دەهێنا.

بریتانیا لە شکاندنی ئەو نەریتەشدا پێشڕەو و دەستپێشخەر بوو. هەر وەک کە بێرک[1] نووسیویە: «هەموو خەڵک مافی ڕادەربڕینی خۆیان هەیە، ڕای دەنگدەرانیش گرنگ و مایەی ڕێزلێگرتنە، نوێنەرانیش پێویستە هەمیشە بە پەرۆشەوە گوێ لە خەڵک بگرن... بەڵام سەپاندنی فەرمان، بە شێوەیەک کە نوێنەر ناچار بکات وەک پاشکۆ و لاساییکەرانە، پشتیوانی و داکۆکیی کوێرانە و بێچەندوچوون لە ڕای دەنگدەران بکات، بە تەواوەتی لەگەڵ یاساکانی ئەم وڵاتە نامۆ و ناکۆکە.»[27]

تەنانەت ئەنجوومەنە دامەزرێنەرەکانی فەڕەنساش، کە بەپێی بیروبۆچوونە ڕوون و ئاشکراکانی سی ییس[2] هەڵدەسووڕان و کاریان دەکرد، لە یاسای بنەڕەتیی ١٧٩١[3]، بەشی سێیەم، برگەی یەکەم، مادەی حەوتەمدا بۆ جیاوازیی فەرمی و ناچاری، نوێنەران ئامادەکارییەکیان لە خاوەن دەنگەکان کردبوو. بەگوێرەی ئەو مادەیە، فەرمانکردن بە نوێنەران بۆ ئەنجامدانی هەر جۆرە فەرمانێک قەدەغە کرابوو و یاسا خۆی حوکمی دەکرد کە: «نوێنەرانی هەڵبژێرراو چیدی تەنها نوێنەری ئەو ناوچەیە نین کە لێی هەڵبژێرراون، بەڵکو نوێنەری هەموو

[1] ئێدموند بێرک (١٧٢٩-١٧٩٧)، بیرمەندی سیاسیی ئیرلەندی، بەناوبانگترین بەرهەمی بریتییە لە کتێبی (ڕامان لەبارەی شۆڕشی فەڕەنسا ١٧٩٠).

[2] ئێمانۆئێل ژوزێف سی ییس (١٧٤٨-١٨٣٦)، ڕێبەری شۆڕشی فەڕەنسا کە دواتر بوو بە یەکێک لە بەڕێوەبەرانی کودەتای ناپلیۆنی یەکەم.

[3] یاسای بنەڕەتیی ئەمەریکا کە ساڵی ١٧٩١ هەموار کراوەتەوە.

میللەتن، بەو پێیە، دەنگدەران مافی ئەوەیان نییە کە فەرمانیان بەسەردا بکەن.»[٢٨]

لەوە بەدواوە ئەمە بوو بە یەکێک لە بنەما پێویستەکانی کار و چالاکیی سیستمی پەرلەمانی و نوێنەرانی لە چوونەژێر باری دەنگدەران بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانیان قەدەغە کرد. ڕاستییەکەی، هەر ئەو بنەمایە سەردەمی حکومەتی پەرلەمانی لە بارودۆخی پێشوو، کە لەسەر بنەمایەکی ناکۆک، واتە نوێنەرایەتیی گرووپی[١] بنیات نرابوو، جیا دەکردەوە، بارودۆخێک کە تێیدا نوێنەرانی بە شێوەیەکی فەرمی ناچار دەکرد فەرمانی دەنگدەران جێبەجێ بکەن و بۆ بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندیی دەنگدەرەکانی خۆیان تێ بکۆشن، هەر کاتێکیش نوێنەرێک لەم بارەیەوە کەمتەرخەمییەکی بکردایە، ئیدی لە مافی نوێنەربوون بێبەش دەبوو. لەنێوچوونی دەوڵەتی گرووپی[٢] هەلومەرجی هاتنەکایەی تایبەتمەندی و سەربەخۆیی (تاک)ی فەراهەم کرد و کەسەکانی دی نەک وەک ئەندامی گرووپێک، بەڵکو وەک کەسانی سەربەخۆ بەرپرسێتیی هەڵبژاردنی نوێنەرانی سەرجەم گەلیان لە ئەستۆدا بوو. دەنگدەران داوایان لە نوێنەران ئەوە بوو کە نوێنەرایەتیی هەموو گەل بکەن، لەو ڕووەوە نوێنەران خۆیان شێوازی کارکردنی خۆیان دیاری دەکرد و لە بڕیارەکانیاندا پابەندی هیچ فەرمانێک نەبوون، جا

1 Corporative represention
2 Coporative state

ئەگەر مەبەست لە دیموکراسیی مۆدێرن هەمان دیموکراسیی نوێنەرایەتییە و ئەگەر گەوهەری دیموکراسیی نوێنەرایەتییش ئەوەیە کە نوێنەرانی گەل بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پابەند و گرێدراوی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی دەنگدەرانی خۆیان نەبن، ئەمە لە لایەک واتە دیموکراسیی مۆدێرن، گەل بۆ تاکی لەیەکجیا[١] بەشبەش دەکات، لە لایەکی دی، دووبارە لە ئاستێکی پێشکەوتووتر و چاکتر و لە هەمان کاتدا سنووردارتردا یەکیان دەخاتەوە، –واتە کۆمەڵگەی پەرلەمانی– جێگیر و پایەدارە. ئەمڕۆ ئەو بەرەنجامەی لێکجیاکردنەوەیە زەمینەیەکە بۆ هەڵهێنجانی لیبراڵییانە لە دەوڵەت کە وەک پێشتر گوتمان، پێگەکانی دەبێت لە بنەمای مافە سروشتی و ڕەواکانی تاکدا بدۆزینەوە.

١ (Atomization): تاکی لەیەکجیا.

## ٧
## دیموکراسی و یەکسانی

لیبرالیزمی نوێ و دیموکراسیی کۆن زیاتر وەک دوو دژەتێزی یەکدی لێک دراونەتەوە. دیموکراتەکانی ڕۆژگاری کۆن بێئاگا بوون لە تیۆری مافە سروشتییەکان و لەو تیۆرەش کە بەگوێرەی ئەو، دەبوایە دەوڵەت چالاکییەکانی خۆی لەپێناو مانەوەی کۆمەڵگە بۆ لایەنی کەمی پێویست سنووردار بکات. لیبراڵەکانی سەردەمی نوێش لە سەرەتادا بەرامبەر هەر حکومەتێکی گەلی زۆر بەدگومان بوون و لە سەرانسەری سەدەی نۆزدەیەم و تەنانەت لە سەرەتای سەدەی بیستەمیشدا باوەڕیان بە دەنگدانی مافی سنووردار هەبوو و پشتیوانییان لێ دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دیموکراسیی مۆدێرن نەک هەر لەگەڵ لیبرالیزم ناکۆک نییە، بەڵکو لە هەندێک ڕووەوە، لانی کەم تا ڕادەیەک، دەتوانین ئەو دیموکراسییە وەک ڕێخۆشکەر و پەرەپێدەری سروشتی لیبرالیزم دابنێین.

بێگومان ئەو پرسە تەنها کاتێک ڕاست دەردەچێت کە ئێمە دەستەواژەی (دیموکراسی) بە مانای یاسایی دامەزراوەیی، نەک ئەخلاقی، لەبەرچاو بگرین؛ واتە زیاتر بە مانای شکڵی،

نـەک مـانـای نـاوەڕۆکـی. گومانی تێدا نییە کە بـە درێژایـی مێژوو، دەستەواژەی (دیموکراسی)، لانی کەم لە بەکاربردنی سەرەتاییدا، بە هەردوو مانا و تێگەیشتنەوە شی کراوەتەوە. لە هەر جێیەک کە بنەمای دابەشکردنی ڕاستەقینەی دەسەڵاتی سیاسی لە نێوان زۆرینەی هاووڵاتیاندا لە ئـارادا بێت، ئەوا هـەوادارانـی لێکدانەوەی یەکەم زیاتر هـەوڵ دەدەن کۆمەڵە بنەمایەک بەرجەستە بکەن کە هەموان پابەندن بە چاودێری و پاراستنیەوە. ئەمە لە کاتێکدا کە لایەنگرانی لێکدانەوەی دووەم زیاتر هەوڵی بەرجەستەکردنی ئامانجی یەکسانیخوازی دەدەن و پێیان وایە کە حکومەتی دیموکراتیک پێویستە ئیلهامی لێ وەربگرێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو جۆرە جیاوازییە، هەمیشە وابــووە کـە لـە نـێوان دیموکراسیی شکڵی و دیموکراسیی ناوەڕۆکیدا، یان بە واتایەکی دی، لە نێوان حکومەتێک کە لە دەستی خەڵکدایە و ئەو حکومەتەی کە بۆ خەڵکە، جیاوازی دابنێین.

لێرەدا دەردەکەوێت کە دەستەواژەی (دیموکراسی) لە دوو مانای لەیەکجیادا بەکار براوە، کە ئەوە ڕەنگە مقۆمقۆییەکی بێهودە سەبارەت بەوەی کە داخۆ چ سیستمێک دیموکراسیترە بهێنێتە ئارا: ئەو سیستمەی کە لەسەر بنەمای دیموکراسیی شکڵی بنیات نراوە، بەڵام بەبێ هەبوونی یەکسانی بۆ هەموان، یان ئەو سیستمەی کە حکومەتی تاکڕەو یەکسانیی بۆ هەموان

دابین کـردووە؟! دەبێت ئـەوە بگوترێت کە هـەردوو شێوە لێکدانەوەکە خاوەنی ڕەواییەکی مێژوویین، چونکە لە مێژووی کۆنی هـزری دیموکراسیدا، پرسەکانی دیموکراسیی شکڵی لەگەڵ ئامانجەکانی دیموکراسیدا تێکەڵکێش کراون (هەرچەندە ئەو دوو لێکدانەوەیە تەنها لە تێڕوانینی ڕۆسۆوە لەگەڵ یەکدی تێکەڵکێش کرابوون، تێڕوانینێک کە هێنانەدیی ئامانجە تەواو یەکسانیخوازەکانی تەنها لە ڕێی شکڵگیری و ئامادەیی ئیرادەی گشتیدا دەبینییەوە)، بەڵام ئەو ڕاستییەی کە مێژوو هەردوو چەمک و لێکدانەوەکانی دیموکراسیی بە خۆیەوە دیوە، بە هیچ شێوەیەک یارمەتیدەر نییە بۆ ساخکردنەوەی لایەنە هاوبەشە پێشبینیکراوەکانی ئەو دوو لێکدانەوەیە.

لە هـەردوو چەمکی باسکراودا، تەنها چەمکی یەکەمیان (دیموکراسی بە مانای شکڵی و یاسایی – یان ماف) لەگەڵ پەیدابوونی دەوڵەتی لیبراڵدا پەیوەندیی مێژوویی هەبووە. لەبەرچاوگرتنی دیموکراسی لە شێوەی دووەمدا (دیموکراسی بە مانای ناوەڕۆکی) تێگەیشتن لە پەیوەندیی نێوان دیموکراسی و لیبرالیزم زۆر ئاڵۆز دەکـات. بێگومان بەڵگەیەکمان لە بەردەستدا نییە بمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە ئەو مشتومڕە بێـهودانـەی لـە ڕابـــوردوودا لـەمـەڕ ئـەو مـەسـەلانـە کـراون، بەم زوانـە کۆتاییان بێت؛ لە ڕاستیدا ئەگەر لە لێکۆڵینەوەی پەیوەندیی نێوان لیبرالیزم و دیموکراسیدا، دیموکراسی بە مانا

ناوەڕۆکدارییەکەی وەک خاڵی مەبەست تەماشا بکەین، ئەوا لەگەڵ کێشەیەکی ئاڵۆزتر و دژوارتر ڕووبەڕوو دەبینەوە، کە ئەویش پەیوەندیی نێوان (ئازادی) و (یەکسانی)یە. ئەوە واتە قبوڵکردنی ئەو گریمانەیەی کە دەڵێت دەتوانرێت وەڵامی لیبڕاوانەی پرسیاری وەک (چ جۆرە ئازادی؟ و چ جۆرە یەکسانییەک؟) بدرێتەوە. بە دەرخستنی ئەو ئازادییانەی کە پەیوەستن بە مافی ئازادی و مافی یەکسانی لە ڕوانگە و قەڵەمڕەوی ئابووریدا (ئەو داخوازییانە کە لە دوو تیۆری دژبەیەکی ئابووریی ئازاد و یەکسانیخوازییەوە هەڵدەقوڵێن) چەمکەکانی (ئازادی) و (یەکسانیخوازی) بەرفراوانترین مانا بە خۆوە دەگرن. لەو جۆرە مانایەدا ئازادی و یەکسانی دوو بەهای دژ بە یەکن و هێنانەدیی هەر یەکێکیان بە چاوپۆشین لەوەکەی دی مەیسەر دەبێت: کۆمەڵگەی لیبراڵ بە ئابووریی ئازاد، بمانەوێت یان نەمانەوێت، کۆمەڵگەیەکی نایەکسانە، کۆمەڵگەی یەکسانیش بە هەمان شێوە لیبراڵ نییە. ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی لە هەڵهێنجانی لە بنەڕەت ناکۆک و ناهاوتا سەبارەت بە مرۆڤ و کۆمەڵگە سەرچاوە دەگرن، هەڵهێنجانی لیبراڵەکان، لەسەر ڕەسەنایەتیی تاک، واتە ڕووبەڕووبوونەوە و هەمەجۆری جێگیرە و هەڵهێنجانی یەکسانیخوازییش لەسەر ڕەسەنایەتیی گشت، واتە هەماهەنگی و هاوشێوەیی. ئامانجی بنچینەیی لیبراڵەکان پێگەیشتن و پێشکەوتنی کەسایەتیی تاکە،

تەنانەت ئەگەر پێگەیشتن و پێشکەوتنی دەوڵەمەند و خاوەن بەهرەکان بە دواکەوتنی هەژار و بێبەهرەکانیش تەواو بێت. ئەمە لە کاتێکدا کە ئامانجی بنچینەیی یەکسانیخوازی بریتییە لە چاکسازیی بارودۆخی سەرجەم کۆمەڵگە، هەتا ئەگەر ئەو پرسە سنووربەندی و بەرتەسکبوونەوەیەکیش لە قەڵەمڕەوی ئازادییەکانی تاکدا بەدوای خۆیدا بێنێت.

تەنها یەک جۆرە یەکسانی، واتە یەکسانی لە مافی ئازادیدایە کە نەک هەر لەگەڵ لیبرالیزمدا کۆکە، بەڵکو تێڕوانینی لیبراڵ دەربارەی ئازادی لە ڕاستیدا خوازیاری خودی ئەو جۆرە یەکسانییەیە، یەکسانی لە ئازادیدا ئەو مانایە دەدا هەرکەس دەبێت تا ئەو ئەندازەیە ئازادیی هەبێت کە زیان بە ئازادیی خەڵکی دی نەگەیەنێت و تەنها دەرفەتی کردنی ئەو کارەشی هەبێت کە ئازادیی یەکسان و بەرابەری خەڵکی دی پێشێل نەکات. لە سەرەتاکانی پەرەسەندنی دەوڵەتی لیبراڵدا، ئەو جۆرە یەکسانییە دوو بنەمای گرنگی هێنایە کایەوە، کە دواتر لەگەڵ گەڵاڵەنامە یاساییەکانیشدا خرانە ڕوو:

ا- یەکسانی لە بەرامبەر یاسادا.

ب- یەکسانی لە ڕووی مافەکانەوە.

بنەمای یەکەم دەتوانین لە یاساکانی "١٧٩١، ١٧٩٣، ١٧٩٥"ی فەڕەنسا و دوای ئەویش لە ڕاگەیەنراوی ١٨١٤ (مادەی یەکەم)، یاسای بنەڕەتیی "١٨١٣"ی بەلژیک (مادەی شەشەم)

و ڕاگەیەنراوی "١٨٤٨"ی ئالبێر تاین (مادەی بیستوچوارەم) ببینین.

هەروەها پاشکۆی چواردەیەمی یاسای بنەڕەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش کە (پاراستنی یاسایی یەکسان)ی بۆ هەموو هاووڵاتیان لە خۆ گرتووە، گرنگیی بەو بابەتە داوە و لەسەری ڕاوەستاوە. بنەمای دووەمیش لە (مادەی یەکەم) ی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتیانی ساڵی "١٧٨٩" بە شێوەیەکی فەرمی ڕاگەیەنراوە کە: "مرۆڤەکان ئازادانە دێنە دنیا و لە مافەکانی خۆشیاندا ئازاد و یەکسان دەمێننەوە." بەم شێوەیە، هەردوو بنەما لە مێژووی لایەنگری لە حکومەتی یاسا لە سەردەمی نوێدا خۆیان نیشان دەدەن. هەروەها ئەو دوو بنەمایە لە بەشی یەکەمی (مادەی سێیەم)ی یاسای بنەڕەتیی ئێستای ئیتاڵیاشدا بەیەکەوە هاتوون: "هەموو هاووڵاتیان لە پێگەی کۆمەڵایەتیی یەکساندا هاوتان و لە بەرامبەر یاساشدا لەگەڵ یەکدا یەکسانن."

دەتوانین بنەمای (یەکسانی لە بەرامبەر یاسا، بە مانای سنوورداری وەک دەقی نووسراوی بنەمای باڵادەست بەسەر هەموو دادگا و دەستەکانی داوەری دابنێین: (یاسا بۆ هەموان یەکسانە)، ئەمە مانایەکی دیکەی نییە جگە لەوەی کە دۆزگەر (قاضی) دەبێت لە بەکارهێنانی یاسادا بێلایەن بێت و ئەو بێلایەنییە بە بەشێکی پێویست لە ڕەوت و بڕیارە یاساییەکانی

دەوڵـەتـی بنیاتنراو لەسەر مافەکان دەژمێررێت. دەرەنجام ئەوەیە کە یەکسانی لە بەرامبەر یاسـادا، تایبەتمەندییەکی خودیی دەوڵەتی لیبراڵە، ئەو خاڵەی کە پێشتر لە باسەکەمان سەبارەت بە دەوڵەتی دامـەزراو لەسـەر بنەمای مافەکان لێی دواین و لەسـەری ڕاوەستاین، لە واتایەکی فراوانتریشدا بنەمای یەکسانی لە بەرامبەر یاسادا هەمان بنەمای جێبەجێکردنی یەکسانییانەی یاسایە بۆ هەموو هاووڵاتیان، وێڕای ئەو مانایەی کە دەڵێت دەبێت یاساکانی تایبەت بە پلەوپایە تایبەتییەکان، یان پێگەی تایبەتی ئەو پلەوپایانە هەڵبوەشێنرێنەوە، یان بە هیچ شێوەیەک نویێ نەکرێنەوە. ئەمە بنەمایەکی یەکسانیخوازانەیە کە لە هەموو جیاوازخوازییەکانی ڕابوردوو دوور دەکەوێتەوە.

لـە پێشـەکیی ڕاگـەیـەنـراوی سـاڵی ١٧٩١دا هـاتـووە کە ئەنجوومەنەکانی دامەزرێنەران خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی (یەکجارەکیی هەموو ئەو دەزگا و دامەزراوانە بوون کە بۆ ئازادی و یەکسانیی مافەکان زیانبەخش بوون). لەم میانەیەدا ناسراوترین دامەزراوە دەرەبەگییەکان باس کراون، لە دوایین دێڕەکانی پێشەکییەکەدا هاتووە کە: "لەمەودوا هیچ گرووپێک، یان تاکێکی کۆمەڵ نە خاوەنی ئیمتیازێکی تایبەت دەبێت و نە لە مافە گشتییەکانی هاووڵاتیانی فەڕەنسا بێبەش دەبێت." بـەم شێوەیە، ئـەو شکڵبەندییانە ڕوونترین شێوەی بنەمای یەکسانی لە بەرامبەر یاسا دەخەنە ڕوو و مانای ڕەتکردنەوەی

کۆمەڵگەی بنیاتنراو لەسەر پلەوپایە (کاست) دەگەیەنن، بەو پێیەش، پشتڕاستکردنەوە و پاڵپشتیی چەمکێک لە کۆمەڵگە دەگەیەنن کە لە بنەڕەتدا لە لایەن تاکە تەواو بێلایەنەکان[١]ـەوە پێک هێنراوە.

چەمکی یەکسانی لە مافەکانیشدا بە دەوری خۆی نیشاندەری ئەوەیە کە چەمکی یەکسانی ئیدی لە ئەندێشەی یەکسانیی بەرامبەر یاسا زیاتر هەنگاوی ناوە، بەو مانایەی کە هەموو هاووڵاتیان لە جیاوازیخوازەکانی کۆمەڵگەی بنیاتنراو لەسەر پلەوپایەی ڕۆژگارەکانی پێشوو دوور دەخاتەوە و لە هەمان کاتیشدا مافە بنەڕەتییەکان کە لە دەقی یاساییدا داڕێژراون و متمانەیان پێ دراوە، بۆ هەموان بە یەکسانی دەستەبەر دەکات. دەتوانین یەکسانی لە بەرامبەر یاسادا وەک شێوەیەکی تایبەت و مێژوویی لە یەکسانیی مافەکان بژمێرین، بۆ نموونە: دەکرێت مافی هەموان بەبێ گوێدان بە ڕەگەز و ڕەچەڵەک، لە گەیشتن بە دەزگای داوەری، یان گەیشتن بە پۆست و کاری گرنگی کارگێڕی و سەربازی لەبەرچاو بگرین، چونکە یەکسانبوون لە مافدا، خۆی لە خۆیدا یەکسانییە لە هەموو مافە بنچینەییەکاندا کە لە یاسای بنەڕەتیدا داڕێژراون و ئەمە ئەو واتایە دەگەیەنێت کە تەنها ئەو مافە بە مافی بنچینەیی دەژمێررێت کە هەموو هاووڵاتیان، لە هەر چینێکی کۆمەڵایەتی، ڕەگەز، ئایین، نەژاد و... بگرێتەوە. ئەو کۆمەڵە مافە بنچینەییانە لە هەر سەردەم

[١] (Uti snguli): تاکە بێلایەنەکان.

و کۆمەڵگەیەکدا جیاوازییان لەگەڵ یەکدا هەبووە، بۆیە ناتوانین یەکسەر و بۆ هەمیشە پێڕستێک لەو بارەیەوە بخەینە بەردەست. تەنها دەتوانین ئەوە بڵێین کە لە هەر یاسایەکی بنەڕەتیدا دەبێت هەر ئەو مافە بە مافی بنچینەیی بزانین کە بەبێ هیچ جیاوازییەک گشت هاووڵاتیان بگرێتەوە، لە یەک وشەدا، مافگەلێک کە هاووڵاتیان تێیدا لەگەڵ یەکدا یەکسان بن.

## ٨
## ئاوێتەکردنی لیبرالیزم لەگەڵ دیموکراسی

ئەو بنەمایانەی یەکسانی، کە پەیوەندیدارن بە پەیدابوونی دەوڵەتی لیبراڵ و ئێمەش لە بەشی پێشوودا لێیان دواین و لەسەریان ڕاوەستاین، هیچ یەکێکیان پەیوەندییان بە یەکسانیخوازیی دیموکراتیکەوە نییە، یەکسانیخوازیی دیموکراتیک پێویستی بە بەجێهێنانی ڕادەیەک لە یەکسانیی ئابوورییەوە هەیە، واتە ئامانجێک کە لەگەڵ ئەندێشەی لیبراڵدا نامۆیە. ئەندێشەی لیبراڵ بە تێپەڕینی کات، وێڕای قبوڵکردنی یەکسانی لە مافەکاندا، بنەمای یەکسانیی دەرفەتەکانیشی قبوڵ کردووە.

ئەم بنەمایە یەکسانیی تاکەکان لە مافی سوودوەرگرتن لە دەرفەتەکان دەستەبەر دەکات، نەک ڕێژەی ئەو سوودوەرگرتنە لەو دەرفەتانە. ئاوا بەپێی لێکدانەوە شیاو و جۆراوجۆرەکان سەبارەت بە چەمکی یەکسانی، دەبینین کە لیبرالیزم و دیموکراسی دوو ڕێی جیا لە یەکیان گرتووەتە بەر، هەر لەبەر ئەوەشە کە سەردەمانێکی درێژ ئەو دوانە لە هەمبەر یەکدیدا

خرابوونە ململانێیەکی مێژووییەوە. ئەی بە چ مانا و پێوەرێک دەتوانین دیموکراسی بە گەشە و هێنانەکایەی ڕاست و دروستی دەوڵەتی لیبراڵ بژمێرین و ژمارەیەک حکومەتی ئەم سەردەمە بە (لیبراڵ–دیموکراتیک) بزانین؟ دەبێت بگوترێت لیبرالیزم نەک هەر لەگەڵ دیموکراسیدا کۆک و تەبایە، بەڵکو لەوەش زیاتر دەتوانین بە پەرەسەندنی سروشتی لیبرالیزمی دابنێین، بەو مەرجەی کە مەبەست لە دیموکراسی، لایەنی ئایدیال و یەکسانیخوازانەی نەبێت، بەڵکو مەبەست لێی تایبەتمەندێتیی دیموکراسی وەک پێوەر، یان شێوازێکی سیاسی بێت، کە وەک پێشتر گوتمان، ئەمە هەمان حاکمییەتی خەڵکە، حاکمییەتی خەڵکیش تەنها کاتێک بە شێوەیەکی کاریگەر جێبەجێ دەکرێت، کە زۆرینەی هاووڵاتیان ڕۆڵ و پشکیان لە بەشداریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بڕیاردانە بەکۆمەڵ و گشتییەکاندا هەبێت، یان بە واتایەکی دی، مافە سیاسییەکان تا ئەو ڕادەیە پەرەیان سەندبێت کە هەموو هاووڵاتیان –ژن و پیاو– مافی دەنگدانی خۆیان هەبێت، مافێک کە تەنها مەرجی لایەنی کەمی تەمەن (کە بریتییە لە تەمەنی یاسایی) سنووورداری دەکات.

هەرچەند زۆر لە نووسەرە لیبراڵەکان بەگشتبوونی مافی دەنگدان بە شتێکی نابەجێ و ناپەسەند دەژمێرن و لە سەرەتای پەیدابوونی دەوڵەتی لیبراڵدا تەنها دەوڵەمەندەکان مافی دەنگدانیان هەبوو، بەڵام مافی دەنگدانی گشتگیر لەگەڵ

دەوڵـەتـی دامــەزراو لەسـەر بنەمای مافەکان، یـان دەوڵەتی کەمینە، هیچ جۆرە جیاوازکارییەکی بنچینەیی نییە. بەم شێوەیە، هێواش هێواش پەیوەندیی دوولایـەنـەی نێوان لیبرالیزم و دیموکراسی دەرکەوت. لە سـەرەتادا جگە لە ناوەڕۆک، دەقی ئەو بەیاننامانەی کە دەوڵەتەکان پێگە و بنەماکانی خۆیانی تێدا دەخەنە ڕوو، ئەوە نیشان دەدەن کە ڕەنگ بێت دەوڵەتی لیبراڵ نادیموکراتیک بێت، بەڵام ئەمڕۆ ڕێی تێ ناچێت دەوڵەتی لیبراڵی نادیموکراتیک، هەروەها دەوڵەتی دیموکراتیکی نالیبراڵی، بوونی هەبێت؛ بە کورتی، بەڵگەی باوەڕپێکراو بۆ قبوڵکردنی ئەو دوو خاڵەی خوارەوە هەن:

یەکەم: ئـەوەی کە گرتنەبەری شێوازی دیموکراتیک بۆ پاراستنی مافە بنچینەییەکانی تاک کە دەوڵەتی لیبراڵ خۆیشی لەسەر ئەو بنەمایە جێگیرە، شتێکی پێویستە.

دووەم: ئەوەی کە جێبەجێکردنی ئەو شێوازە دیموکراتییانەش، خوازیاری پاراستنی هەمان ئەو مافە بنچینەییانەی تاکە.

سەبارەت بە خاڵی یەکەم، دەبێت بگوترێت کە باشترین دابینکەر بۆ پاراستنی مافی ئازادی لە بەرامبەر هەوڵ و مەیلی بەڕێوەبەرانی حکومەت بۆ بەرتەسککردن و سەرکوتکردنی ئەو مافە، بریتییە لە توانا و چالاکییەکانی هاووڵاتیان لە داکۆکیکردن لەو مافە لە هەمبەر هەر خراپکەڵکوەرگرتنێک کە ڕەنگە ئەنجام بدرێت.

ئەمڕۆ باشترین و شیاوترین چارە بۆ ڕێگەگرتن لە هەر خراپکەڵکوەرگرتنێک لە دەسەڵات (مەبەست لە باشترین و شیاوترین چارە، ڕێگەچارەی لێبڕاو و بێهەڵە و کێماسی نییە)، بریتییە لە بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی زۆرترینی هاووڵاتیان لە دارشتنی یاساکاندا.

لەو ڕوانگەیەوە، مافە سیاسییەکان بە پێداویستییەکی سروشتیی مافی ئازادی دەژمێررێن. هەر وەک ئەو وتەیەی یێلینک[1]یش کە بووەتە ویردی سەر زاری هەموان، مافی بەشداریی چالاکانەی هاووڵاتیان[2] باشترین دابینکەری مافی ئازادی و مافی هاووڵاتیبوونە؛ ئەمە لە کاتێکدا لەو حکومەتەی کە لەسەر بنەمای حاکمییەتی خەڵک جێگیر نییە، تاکە دابینکەری مافی ئازادی و مافی هاووڵاتیبوون[3]، بریتییە لە مافی سروشتیی هاووڵاتیان بۆ بەگژداچوونەوەی ستەم و چەوسانەوە.

سەبارەت بە خاڵی دووەمیش، شایانی باسە کە لێرەدا مەسەلەی پێویستبوونی دیموکراسی بۆ مانەوەی دەوڵەتی لیبراڵ مەبەست نییە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە ئەگەر دیموکراسی بەپێی بنەما و بە شێوەیەکی ڕاست و دروست جێبەجێ بکرێت، پێویستە مافە ڕەواکانی تاک بە فەرمی بناسرێن و دەبێت ئەوەش لە بیر نەکرێت کە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان تەنها ئەو کاتە مانای پیادەکردنێکی کاریگەر و شیاوی دەسەڵاتی

---

[1] گیۆرگ یێلینک (١٨٥١-١٩١١)، مافناسی نەمسایی.
[2] (Lura activae civitatis): مافی بەشداریی هاووڵاتیان.
[3] (Lura libertis civitatis): مافی ئازادی و هاووڵاتیبوون.

سیاسیی هاووڵاتیان دەگەیەنێت (واتە دەسەڵاتی کارتێکردنە سەر بڕیاردانە گشتییەکان) کە ئەو دەنگانەی خەڵک دەیانخاتە سندووقەکانی دەنگدان، دەنگی ئازاد بن. بە واتایەکی دی، هەموو دەنگدەران ئازادیی ئەندێشە و چاپەمەنی و کۆڕ و کۆبوونەوە و ئازادیی ڕێکخراوەیی و هەموو ئازادییە خودییەکانی دەوڵەتی لیبراڵیان هەبێت، ئەو ئازادییانەی کە کۆڵەکە و مەرجی پێویستن بۆ بەشداریکردنی ڕاستەقینە، نەک بەشداریکردنێکی درۆزنانە، کە لە ڕەوتی هەڵبژاردنەکاندا دەیانبینین.

بەم شێوەیە، ئامانجەکانی لیبراڵ و شێواز و ڕێبازەکانی دیموکراتی وردەوردە تێکهەڵکێش کراون، هەروەها لە سەرەتادا کە مافی ئازادی مەرجێکی پێویست بووە بۆ جێبەجێکردنی ڕاست و دروستی (بنەماکاری) دیموکراتیک، پێشکەوتنی دیموکراسییش بە تێپەڕینی کات بووە بە ئامرازی سەرەکی بۆ داکۆکیکردن لە ئازادی. ئەمڕۆ تەنها ئەو دەوڵەتانە دیموکراتین کە لە نێو هەناوی شۆڕش و وەرچەرخانەکانی لیبراڵدا پەیدا بوون و چەکەرەیان کردووە، هەر تەنها لەو دەوڵەتانەشدایە کە مافەکانی مرۆڤ دەپارێزرێن. لە دنیای هەنووکەدا هەر دەوڵەتێک کە دەسەڵاتخوازە[1]، ئەوا دژی لیبراڵ و دژی دیموکراتیشە.

---

١ (Authoritarism): دەسەڵاتخواز.

## ٩
## ڕەسەنێتیی تاک و ڕەسەنێتیی گشت

پەیوەندیی دوولایەنەی نێوان لیبرالیزم و دیموکراسی لەبەر ئەوە هاتووەتە دی، چونکە هەردووکیان خاڵێکی سەرەتای هاوبەشیان هەیە، هەردووکیان لەسەر ئەنجامگیرییەک لە کۆمەڵگەدا جێگیرن، کە لەسەر ڕەسەنێتیی تاک بنیات نراوە. لە سەرجەم مێژووی ئەندێشەی سیاسیدا دووڕێیانی لێکجیا و کەلێن و کەلەبەری گەورە هەبووە: ڕەسەنێتیی گشت (ڕەسەنێتیی کۆمەڵ)، یان ڕەسەنێتیی تاک (ئۆتۆمیزم). قسە لەسەر نموونەیەکی یەکهێڵی نییە، بەڵام بە کەمێک سنگفراوانیەوە، دەتوانین بڵێین کە ڕەسەنێتیی گشت تێڕوانینێکی کۆن و کلاسیکە و ڕەسەنێتیی تاکیش تێڕوانینێکی مۆدێرنە (یان لانی کەم دەشێت بڵێین تیۆری دەوڵەتی مۆدێرن لە تیۆری ڕەسەنێتیی تاکەوە سەرچاوە دەگرێت). ئەو وتەیە لە قسەکانی کۆنستان لەمەڕ ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەی مێژووی نێوان دیموکراسیی (کۆن) و لیبرالیزمی (مۆدێرن) زیاتر لە ڕاستیەوە نزیکە، لە تیۆری ڕەسەنێتیی گشتدا دەوڵەت پەیکەرێکە بە پێکهاتەیەکی یەکپارچە کە لە چەندین بەش دروست بووە و

هەربەشە و ژیانی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام هەموویان بە شێوەیەکی ئۆرگانیک بۆ بەرەوپێشبردنی ژیانی هاوبەش و بەکۆمەڵ هاوکاریی یەکدی دەکەن. لەو تێڕوانینەدا تاک خاوەنی هیچ سەربەخۆییەک نییە، بەڵام لە تێڕوانینی ڕەسەنێتیی تاکدا، دەوڵەت کۆمەڵەیەکە کە تەنها لە ڕێڕەوی کار و کاردانەوەی تاکەکان و ئەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ یەکدیدا پێکی دێنن، دێتە کایە. (ئەرستۆ) لە یەکەمین لاپەڕەکانی کتێبی (سیاسەت) دا پێناسەیەکی ڕوون لەمەڕ بنەما سەرەکییەکانی تیۆری ڕەسەنێتیی گشت دەخاتە بەردەست: "گشت وەک پێویستییەک لە پێش تاکەوەیە، چونکە ئەگەر جەستەی ئادەمیزاد لەنێو چوو، ئیدی قاچ و سەریش بوونیان نامێنێت"، بەم شێوەیە دەبینین کە "شار[١] لە خۆیەوە هەیە و لە تاک لەپێشترە.»[٢٩]

بەر لە (هۆبز)، هیچ تێزێکی پوختە و هەمەلایەنە لەبارەی ڕەسەنێتیی تاکەوە دانەڕێژرابوو. هۆبز هەڵسەنگاندنەکەی خۆی لە گریمانەی هەلومەرجی سروشتییەوە دەست پێ دەکات. لە هەلومەرجی سروشتیدا تەنها چەند تاکێک هەن کە بە هۆی ئارەزووە جیاجیاکانیان و بەرژەوەندییە پێکناکۆکەکانیان، جیاوازییان لەگەڵ یەکدیدا هەیە و بە ناچاری بۆ پێشگیری لە نەمانی گشتیی خۆیان، لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێکی هەمەلایەنەدا، لە کۆمەڵگەی سیاسیدا کۆ دەبنەوە. بەم شێوەیە، پاش و پێشکردنی پرەنسیپەکانی تیۆری بیرمەندە کلاسیکییەکان

١ Polis

(واتە دەستپێکردن لە تاکەوە، نەک کۆمەڵ) کاریگەرییەکی گرنگ و چارەنووسسازی هەبووە لەسەر سەرهەڵدان و پەیدابوونی ئەندێشەی مۆدێرنی دیموکراسی و لیبرالیزم. تا ئەو شوێنەی کە بە لیبرالیزمەوە پەیوەستە، هەڵهێنجان و ئەنجامگیریی ڕەسەنێتی و یەکپارچەیی گشت، کە دەوڵەت بە کۆمەڵ، یان بە قەوارەیەکی گشتگیری لەپێشتر و گرنگتر لە تاکەکان دەزانێت، ناتوانێت هیچ بوار و قەڵەمڕەوێک بۆ ڕەفتار و هەنگاوی سەربەخۆ لە دەوڵەت بۆ کەس بهێڵێتەوە و هیچ جیاوازییەک لە نێوان قەڵەمڕەوی تایبەت و قەڵەمڕەوی گشتیدا دابنێت و بەرژەوەندییەکانی تاک لە بەرژەوەندییە گشتییەکان جوێ بکاتەوە. ئەو بەرژەوەندییانەی تاک کە لە پەیوەندی لەگەڵ تاکەکانی دیکەدا، (لە بازاڕدا) دروست دەبن. دیموکراسییش لەسەر ئەو هەڵهێنجانە جێگیرە کە بەگوێرەی ئەو دەسەڵات لە خوارەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەندێشەی دیموکراسی ئەو هەڵهێنجانە دژبەرەی تیۆری ڕەسەنێتیی گشت، واتە بەکارهێنانی دەسەڵات لە سەرەوەڕا، وەک نیشانەیەک لە نموونە و ئۆلگۆی ستەمکارانەی حکومەت دەژمێرێت.

هەڵبەتە ئەو بۆچوون و چاوەڕوانییە ئەندامشێوە[1]یە، کە فەرمان لە ئەندامەکانی خۆی وەربگرێت، نەک لە (سەر)ەوە، پرسێکی دژوار و ئەستەمە.

---

[1] (Organism): ئەندامشێوە.

پێویسته ئەوەش بگوترێت کە هەرچەندە لیبرالیزم و دیموکراسی هەردووکیان لەسەر ڕەسەنێتیی تاک بنیات نراون، بەڵام چەمکی تاک لای هەردووکیان وەک یەک نییە. بە دەربڕینێکی وردتر، پاراستنی بەرژەوەندییەکانی تاک لە لایەن لیبرالیزم و لە لایەن دیموکراسییەوە دوو مانای لەیەکجیایان هەیە. لەوانەیە ئەو خاڵەش بەڵگەیەکی دیکە بێت لەسەر ئەوەی کە بۆچی ئاوێتەکردنی دیموکراسی و لیبرالیزم جێبەجێ دەبێت، بەڵام پێویست نییە هیچ کام لە هەڵهێنجانەکانی ڕەسەنێتیی تاک، مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی دابڕاو و ناکۆمەڵایەتی، یان تاک بە دابڕاو دابنێت. نابێت تیۆری ڕەسەنێتیی تاک لەگەڵ ئانارشیزمی فەلسەفیی نموونەی ئەوەی (ستێرنەر)[1] وەک یەک دابنرێت. هەرچۆنێک تەماشا بکەین، لیبرالیزم و دیموکراسی دوو هەڵسەنگاندنی لەیەکجیا لەمەڕ تاک و کۆمەڵگە دەدەنە دەست: لیبرالیزم پەیوەندیی تاک بە پەیکەری کۆمەڵگەوە دەپچڕێنێت و تاک فڕێ دەداتە نێو جیهانێکی تاریک و نامۆ و پڕ لە مەترسیی ململانێ بۆ مانەوە و ناچاری دەکات (لایەنی کەم زۆربەی تەمەنی) لە دەرەوەی منداڵدانی دایکی بژی، بەڵام دیموکراسی جارێکی دی پەیوەندیی تاک لەگەڵ هاوڕەگەزەکانیدا گرێ دەداتەوە، بۆ ئەوەی بە هۆی یەکێتی و هەماهەنگیی ئەوانەوە سەرلەنوێ کۆمەڵگە ڕێک بخرێتەوە، هەڵبەتە نەک کۆمەڵگەیەکی

---

[1] ماکس ستێرنەر (١٨٠٦-١٨٥٦)، نووسەر و فەیلەسوفی ئەڵمانی و یەکێک لە هیگڵییە لاوەکان.

یەکپارچە، بەڵکو کۆمەڵگەیەک کە لەسەر هاوکاریی تاکە ئازادەکان بنیات نرابێت. لیبرالیزم چ لە مەسەلە ماددییەکان و چ لە مەسەلە مەعنەوییەکاندا، ئازادیی تاک بە ئازادی لە بەرامبەر دەوڵەت دەژمێرێت و پشتیوانیی لێ دەکات، بەڵام دیموکراسی بە پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی بنیاتنراو لەسەر لێکگەیشتنی هاوبەشی تاکەکان، کۆمەڵگە و تاک لەگەڵ یەکدیدا ئاشت دەکاتەوە. تاک لای لیبرالیزم دامەزرێنەری هەر کارێکە کە بەدەر لە سنووری ڕەفتاری دەوڵەت بە ڕێوە دەچێت، لای دیموکراسییش تاک لایەنگری دەوڵەتێکی جیاوازە کە بڕیاردانە بەکۆمەڵ و گشتییەکان لەو دەوڵەتەدا لە دەسەڵاتی تاکەکان، یان نوێنەر و هەڵبژێرراوەکانیاندا بێت. لیبرالیزم تواناکارییەکانی تاک لە خۆپێگەیاندن و گەشەدان بە بەهرەکانی خود بەرجەستە دەکات و لە گشت هەلومەرجێکدا جەخت لەسەر پێشکەوتنی هزری و ئەخلاقیی تاک دەکاتەوە، بەڵام دیموکراسی زیاتر لە هەر شتێک بایەخ بە تواناکارییەکانی تاک دەدات لە بەگەڕخستن و دەرهێنانیان لە دابڕان و گۆشەگیری و ڕێگەچارەی جیاجیا دەخاتە ڕوو بۆ ئەوی هاووڵاتیان بزانن دەسەڵاتێکی هەمەگیر (بەڵام نەک زۆردارانە) بێننە کایە. لیبرالیزم و دیموکراسی هەریەکە و سەروکاریان بە لایەنێکی تاکەوە هەیە، لیبرالیزم بە لایەنی دەروونی و دیموکراسییش بە لایەنی دەرەکییەوە.

له لیبرالیزمدا تاک وەک جیهانێکی بچووک یان گشتێکی تەواوە لە خۆیدا، کەچی لە دیموکراسیدا تاک وەک گەردیلەیەکە و بەشبەش ناکرێت، بەڵام دەشێت هەر گەردیلەیەک بە شێوازی جیاجیا لەگەڵ گەردیلەیەکی هاوشێوەیدا یەک بگرێت و پێکەوە یەکێتییەک دروست بکەن، یەکێتییەک کە دەتوانرێت لەسەر خواستی تاکەکان هەر کاتێک پێویستی کرد، هەڵبوەشێنرێتەوە.

هەردوو هەڵهێنجانی لیبراڵ و دیموکراتیک لە تیۆری ڕەسەنێتیی تاک و لە ڕەوتی ململانێ لەگەڵ شێوە جۆراوجۆرەکانی تیۆری ڕەسەنێتیی گشتدا دێنە کایە، بەڵام هەریەک لەوانە بەرهەمی ڕەوتێکی تایبەتە، هەڵهێنجانی لیبراڵ لە ڕەوتی پووکانەوەی هەنگاو بە هەنگاوی گشتدا دێتە کایە، بە شێوەی منداڵان کە بە گەیشتنیان بە تەمەنی یاسایی بەرەو بەدەستهێنانی قەڵەمڕەوێکی گەورەتر بۆ کار و چالاکیی تاکایەتیی خۆیان، لە گرووپی توانادار و سالارانەی سەرەتایی دوور دەکەونەوە. هەڵهێنجانی دیموکراتیکیش لە ڕەوتی لێکترازان و پووکانەوەی دەروونیی پەیکەری گشتدا دێتە کایە. لەو ڕێڕەوەدا توخم و لایەنگەلێک دێنە ئارا کە لە تەواوی پێکهاتەکە جیا و سەربەخۆن؛ بەو شێوەیە، دەتوانن درێژە بە ژیانی سەربەخۆیانەی خۆیان بدەن. کاریگەریی ڕەوت و ڕەهەندی دووەمیش ڕێکخستنەوە و مشتومالدانی دەسەڵاتی دەوڵەتە، بە شێوەیەک کە دەوڵەت فاکتەری هێنانەدیی دەسەڵاتی

تاکەکان بێت، واتە هەر وەک تیۆری پەیماننامە کە تێیدا دەوڵەت لەسەر بنەمایەکی یاسایی وەک پەیماننامە (پرۆتۆکۆڵ) جێگیرە، بنەمایەک کە لە قەڵەمڕەوی مافە تایبەتییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە و لەگەڵ خواستی تاکەکان بۆ هێنانەکایەی خواستێکی هاوبەش، هاوتا و هاوشان دەبێت.

## ١٠
## لیبراڵەکان و دیموکراتەکان لە سەدەی نۆزدەدا

مێژووی پەیدابوونی دەوڵەتی لیبراڵ لە ئەورووپا و گۆڕانی بۆ دەوڵەتی دیموکراتیک، هاوکاتە لەگەڵ گەڕانەوەی حکومەتە پادشاییەکان (جگە لە بریتانیا) بۆ سەر حکوم لەو کیشوەرەدا. بێندیتۆ کرۆچە[١] لە ساڵی ١٩٣٢دا، دەیەمین ساڵەی حکومەتی فاشیستی، لە نووسینێکدا (بە جەختکردنەوەیەکی پڕ واتا و ناوازە کە هەلومەرجی ئەوکاتی باش تێدا خرابووە ڕوو) دەیەکانی سەرەتای سەدەی نۆزدەی بە دەورانی (ئایینی ئازادی)ی ناو برد و ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەو سەردەمە (قۆناغی دەستپێکی شارستانییەتێکی تازەیە).[٣٠]

هەڵهێنجانی کرۆچە لە ئازادی، ئەو دەرەنجام و تێگەیشتنەی لە خۆ دەگرت کە لیبراڵەکان مەبەستیان بوو. کرۆچە لەبارەی "گۆڕینی حکومەتی ڕەها بۆ حکومەتی یاسا" و هەروەها ئازادیی دیموکراتی، واتە "چاکسازیی یاساکانی هەڵبژاردن و پەرەپێدانی بەشداریی سیاسی"یەوە قسەی دەکرد، هەرچەندە کرۆچە ئەو

[١] بندێتۆ کرۆچە (١٨٦٦–١٩٥٢)، مێژووناس، فەیلەسوف، ڕەخنەگری ئەدەبی و سیاسەتوانی ناوداری ئیتاڵیایی و لایەنگری ڕێبازی هیگڵی.

دوانەی بە ڕوونی لە یەک جیا نەدەکردنەوە.

لایەنێکی دیکەی هەڵهێنجانی کرۆچە لە ئازادی، (ئازادبوون لەژێر چەپۆکی بێگانە)، یان سەربەخۆیی نەتەوەییە. لەگەڵ ئەوانە هەمووی، ئێمە دەبێت بەدواداچوونی ئەو (قۆناغی دەستپێکە) بۆ ڕۆژگارێکی دوورتر بگەڕێنینەوە، هەڵبەتە نەک گەڕانەوە بۆ (جەنگەڵەکانی ژەرمەنی – ئەڵمانی) کە هیگڵیش دوای مۆنتیسکیۆ[1] بە زێدی ئازادیی مۆدێرنی دەزانی، بەڵکو بۆ ئینگلیستانی سەدەی حەڤدەیەم کە چ لە بواری تیۆری و چ لە ئاستی کرداریدا لانکی پەیدابوونی دەوڵەتی لیبراڵ بووە و بۆ چەندین سەدە وەک سەرمەشقێکی نموونەیی ئەمەریکا و ئەورووپا مایەوە. شۆڕشی پیوریتانی[2] بە ورووژاندنی ئەندێشە جیاجیا و گرووپە ئایینی و بزووتنەوە سیاسییەکان، ڕێگەی پێشکەوتنی ئەندێشەکانی وەک ئازادیی تاک و ئازادیی ئایین و ئازادیی بیر و چاپەمەنیی کردەوە، ئەو ئازادیانەی کە وا کەوتنەوە دواتر ببنە میراتی ئەندێشەی لیبراڵ. دەرەنجامە خوێناوییەکانی ئەو ڕووداوانە گرنگی و باڵادەستیی پەرلەمانی بەسەر پادشادا مسۆگەر کرد و سەرەنجام بە شێوەیەکی ناهاوسەنگ و پلە بە پلە حکومەتی هەڵبژێرراوی (وەک شێوەیەک لە ئامانجی

[1] شارل لۆی دو سکۆندا، کە زیاتر بە مۆنتسکیۆ ناسراوە (١٦٨٩–١٧٥٥)، نووسەر و فەیلەسوفی گەورەی فەڕەنسایی چاخی ڕۆشنگەری و لە دامەزرێنەرانی داڕشتنی مێژووی نوێیە.

[2] پیوریتانەکان: گرووپێک بوون لە پرۆتستانتە ڕیفۆرمخوازەکانی ئینگلیز لە سەدەکانی شازدەیەم و حەڤدەیەمدا، کە خوازیاری پاککردنەوەی کڵێسای ئینگلیستان بوون لە هەموو نەریتێکی کاسۆلیکی ڕۆمی.

دیاریکراو) لێ کەوتەوە، ئامانجێک کە ئەمڕۆش (بە داخەوە تەنها لەبەر نەبوونی ئەڵتەرناتیڤێکی باشتر) زۆر هەمەگیر و بەهەرمێنە. لەم ڕێڕەوەدا تیۆری لێکدابڕینی هێزەکان بوو بە ئیلهامبەخشی مۆنتیسکیۆ و ئەو تیۆرە لە ڕێگەی ئەوەوە گەیشت بە لایەنگرە ئەمەریکی و ئەورووپییەکانی حکومەتی یاسا. ئەگەر مەبەستی دیموکراسی لێرەدا ئەوە بێت هەموو هاوولاتییەک کە تەمەنی یاسایی هەیە خاوەنی مافی سیاسی بێت، ئەوا پێویستە بڵێین ئامانجی دیموکراسییش بۆ یەکەم جار لە سالانی شۆڕشی مەزن[1]دا بە شێوەیەکی ئاشکرا خرایە ڕوو. لە ڕاستیدا لێڤڵەرەکان[2] بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک لەژێر ناوی (ڕێککەوتنی گەل ١٦٤٨)، بۆ یەکەمین جار لە دژی بنەماکانی زاڵ بەسەر کۆمەڵگەدا هاتنە مەیدان، ئەو بنەمایانەی کە جگە لە موڵکدارەکان، هەموو تاکەکانی دیکەیان لە مافە سیاسییەکاندا بێبەش دەکرد و دانرابوو کە لانی کەم تا دوو سەدەیەک هەروا بەردەوام بێت، تەنها لەو چاخەدا بنەما دیموکراتیکەکان بەپێی ئەو بەیاننامەیە جێی بنەمای پێشوویان گرتەوە کە بەگوێرەی ئەوە:

[1] مەبەست شۆڕشی گەورەی فەڕەنسایە (١٧٨٩-١٧٩٩).
[2] لیڤڵەرەکان، یەکەمین حزبی سیاسی بوو لە ئەورووپای نوێ کە لە شەڕی ناوخۆی ئینگلیستاندا لایەنگری کۆمار و دیموکراسی بوو. لیڤڵەر بە مانای (هاوئاستکەر) دێت. دوژمنانی ئەو حزبە ئەو ناوەیان بەسەردا بڕیبوو، چونکە دەیانگوت لایەنگرانی ئەو حزبە خەریکی ئەوەن داراییەکانی هەموو کەس بگەیەنن بە یەک ئاست. حزب هیچ نوێنەری لە پەرلەمان نەبوو، خوازیاری یەکسانی لە هەڵبژاردنی نوێنەر، فراوانکردنی مافی دەنگدان و جێگیرکردنی ڕیفۆرمی ئابووری بوو بە قازانجی جووتیاران و پیشەوەرانی بچووک.

"خەڵکی ئینگلیستان دەبێت نوێنەرانی خۆیان بەپێی سیستمێکی یەکسانی دادپەروەرانەتر و بێلایەنانەتر هەڵببژێرن. بۆ ئەو مەبەستە، لەمەودوا ژمارەی نوێنەرانی هەموو گەل دەبن بە ۳۰۰ کەس... لە گشت هەڵبژاردنێکدا هەر پیاوێک کە تەمەنی لە سەرووی ۲۱ ساڵییەوە بێت، مافی هەڵبژاردنی هەیە."[٣١]

هەمدیسان هەر ئینگلیستان بوو، کە دوای شۆڕشی شکۆمەندی ۱٦۸۸ لە میانەی پرۆسەیەکی ئاشتییانە و پلە بە پلەی گۆڕانە ناوخۆییەکان، دوور لە ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژانە و دوور لە گوشار و دواکەوتن، حکومەتی پادشایی پەرلەمانی لە جێی حکومەتی پادشایی (مەشروتە) پیادە کرد و دیموکراسیی گەشەسەندوو جێی دیموکراسیی سنوورداری گرتەوە.

پرۆسەی بەدیموکراتیکبوون، تەنانەت لە فەڕەنساش، کە لە زۆر ڕووەوە پێشەنگی وڵاتانی دیکەی ئەورووپا بوو، زۆر ناهاوسەنگتر دەچووە پێشەوە. شۆڕشی ۱۸٤۸ کە دەیویست دیموکراسی بە خورتی پیادە بکات، بە خێرایی تێک شکا و سەرەنجام بە دروستبوونی دیکتاتۆرێکی قەیسەرییانەی تازە (ئیمپراتۆریای دووەمی ناپلیۆنی سێیەم) تەواو بوو. لە ئینگلیستان دوایین دیکتاتۆریی قەیسەرییانە[١]، دیکتاتۆرییەتی کرۆمویل[٢] بوو، کە ئەوەش پەیوەندیی بە ڕابوردوویەکی

[١] (Caesarian): قەیسەرییانە.
[٢] ئۆلیڤەر کرۆمویڵ (۱٥۹۹–۱٦٥۸)، ڕێبەری باڵی بەرهەڵستکاری پادشا لە شۆڕشی ئینگلیستان.

دوورەوە هەبوو، بەڵام لە فەڕەنسا ئیمپراتۆرییەتی ناپلیۆن تەنها ماوەیەکی کورت دوای کۆماری ژاکوبن[1] هاتە کایەوە، کە هەلومەرجێک دروست بوو هەستێکی دژەدیموکراتی و دژە لیبراڵی توندی لە نێوان نووسەرانی ئەو سەردەمەدا وروژاند. ئەو هەلومەرجە ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشا و کاریگەرییەکی زۆری کردە سەر ئەو باسەی کە داخۆ گۆڕینی دەوڵەتی لیبراڵ بۆ دەوڵەتی دیموکراتیک مەیسەر دەبێت، یان ئەگەر مەیسەر بوو، مایەی پەسەندە. کەموزۆر هەموو نووسەرە کۆنزەرڤاتیڤەکان کە لە تێڕوانینەکانیاندا نیشانەیەک لە بۆچوونەکانی بیرمەندە کلاسیکەکان، بە تایبەت بۆچوونەکانی (ئەفلاتون) بەدی دەکرا، لەسەر ئەو خاڵە هاودەنگ بوون کە دیموکراسی و زۆرداری دووڕووی یەکن، بە بڕوای ئەوان، (دیکتاتۆرییەت) بەرهەمێکی ترسناکی ئەو پشێوی و بێبەندوبارییە بەربڵاوەیە کە لە ئەنجامی خاووخلیچی و نەبوونی ناکارایی (کۆماری خەڵکخەڵەتێن) دێتە کایەوە. تۆکوڤیل[2] لە دوایین لاپەڕەکانی کتێبی (دیموکراسی لە ئەمەریکا) بەم شێوەیەی خوارەوە پێشبینیی گرنگی خۆی خستووەتە ڕوو:

"هەوڵ دەدەم بیخەمە بەرچاوم، داخۆ ئەم جارە چەوسانەوە لە پشت چ پەردە و لە دوای چ ڕوخسارێکی نوێوە خۆی

---

[1] کۆماری ژاکۆبن، ڕادیکاڵترین حزبی سیاسی بوو لە شۆڕشی گەورەی فەڕەنسادا کە دانتۆن و ڕۆبسپیر دوو لە ڕێبەرانی بوون.

[2] ئەلێکسی دو تۆکوڤیل (١٨٠٥-١٨٥٩)، سیاسەتمەداری فەڕەنسی لە نیوە سەدەی نۆزدەیەمدا.

دەردەخا، یەکەم جار حەشامەتێکی بێژماری خەڵکانی هاوشێوە و یەکسان دەبینم، کە بەردەوام بەدوای هەندێک خۆشیی بچووک و بێبایەخدا عـەودالْ دەبن تا دڵ و گیانی خۆیانی پێ خۆش بکەن... ئەم خەڵکانە لە سایە و قـەدەری دەسەڵاتێکدا دەژین کە پاسەوانیانە و هەر بە تەنهاش خۆشنوودی و دابینکردنی ئاییندەی ئەوانی لە ئەستۆدایە."[٣٢]

ڕووخانی خێرای کۆماری کەمخایەنی ١٨٤٨ و جێگرتنەوەی لە لایەن ئیمپراتۆریی دووەم، پێ دەچوو پێشبینییەکانی ئەو لێکۆڵەرە دووربینەی (دیموکراسیی ئەمەریکا) بسەلمێنن.

لە سەرانسەری سەدەی نۆزدەدا دوو ڕەوتی بەلیبراڵیبون و بەدیموکراتیبوون پێ بە پێی یەکدی بـەرەو کامڵبوون و پێگەیشتن دەچــوون. لـە هـەر شوێنێکدا گەشەپێدانی مافی دەنگدان وەک پێویستییەک بۆ دەوڵەتی لیبراڵ زانرابوا، ئەوا ئەو دوو ڕەوتە مل بە ملی یەک بۆ پێشەوە دەچوون و لە هەر جێیەکیش مافی دەنگدانیان بە کۆسپێک لە بەردەم پێشکەوتنی دەوڵەتی لیبراڵ زانیبایە و پێیان وابوایە کە مافی دەنگدان نەک پەرە بە ئازادی نادات، بەڵکو سنووردارتریشی دەکات، ئیدی ئەو دوو ڕەوتە دوو شتی لەیەکجیا بوون.

بەم شێوەیە، ئەو وەڵامـە جیاوازانە کە پەیوەست بوون بە پەیوەندیی لیبرالیزم و دیموکراسییەوە، درز و کەلەبەریان خستە نێوان لیبراڵەکان: لە لایەک لیبراڵە ڕادیکاڵەکان کە هەم

لیبراڵ بوون و هەم دیموکرات، لە لایەکی دی کۆنزەرڤاتیڤەکان کە دیموکرات نەبوون و هەر جۆرە پەرەسەندنێکی مافی دەنگدانیان بە لاوازکردنی ئازادییەکان دەزانی و بە بەردەوامی دژایەتییان دەکرد. لە نێوان دیموکراتەکانیشدا کەلەبەرێکی لەو جۆرە دروست بوو.

لە ڕووبەڕووبوونەوەی دیموکراتە لیبراڵەکان لە بەرامبەر دیموکراتە نالیبراڵەکاندا، دیموکراتە نالیبراڵەکان زیاتر بە پرسی دابەشکردنی دەسەڵاتەوە خەریک بوون تا سنووردارکردنی. کێشەی ئەوان زیاتر بۆ پێکەوەنانی حکومەتە خۆجێیییەکان بوو تا دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەندی، ئەوان پتر سەرگەرمی بەشبەشکردنی ئاسۆیی دەسەڵاتەکان بوون تا بەشبەشکردنی ستوونیی ئەو دەسەڵاتانە و زیاتر بە تەنگ کۆنترۆڵکردنی قەڵەمڕەوە گشتییەکانەوە بوون تا داکۆکیکردنێکی شێلگیرانە لە قەڵەمڕەوە تایبەتییەکان.

هەر وەک بزاڤی تێکۆشان بۆ گەشەپێدانی مافە سیاسییەکان سەبارەت بە دەستەبەرکردنی مافی دەنگدانی هەمەگیر، قۆناغە تا ڕادەیەک جیاجیا و کەمخایەنەکانی خۆی تەی دەکرد، لیبراڵە دیموکراتەکان و دیموکراتە لیبراڵەکانیش تا دەهات وردەوردە پتر لە یەک نزیک دەبوونەوە.

دیموکراتە نالیبراڵەکانیش زیاتر خۆیان لە نزیک بزووتنەوە سۆسیالیستە سەرەتاییەکانەوە دەبینییەوە، ئەگەرچی پەیوەندیی

نێوانیان بە لایەنی زۆر پەیوەندییەکی تێکەڵ بە پێشبڕکێ و ڕکەبەری، وەک ئەوەی حزبی ماتسینی[1] لە ئیتاڵیا بوو. بەم شێوەیە، دیموکراتە نالیبراڵەکان و لیبراڵە کۆنزەرڤاتیڤەکانیش تا ڕادەی ناکۆکی لە یەکدی دوور کەوتنەوە.

لە ڕوانگەیەکی گشتییەوە دەکرێت پەیوەندیی نێوان لیبرالیزم و دیموکراسی بە سێ شێوە لێک بدەینەوە:

١– لیبرالیزم و دیموکراسی لەگەڵ یەکدیدا کۆکن و بەوپێیە پێکەوەژیانی هەردووکیان شیاو و مەیسەر دەبێت، واتە دەشێت دەوڵەتێک هەم لیبراڵ بێت و هەمیش دیموکراتیک. هەڵبەتە ئەمە بە واتای نادیدەگرتنی دروستبوونی دەوڵەتگەلی لیبراڵی نادیموکراتیک، یان دیموکراتیکی نالیبراڵ نییە (هەر وەک ئەوەی لیبراڵە کۆنزەرڤاتیڤەکان دەوڵەتی چەشنی یەکەم و دیموکراتە ڕادیکاڵەکانیش دەوڵەتی چەشنی دووەمیان مەبەستە).

٢– لیبرالیزم و دیموکراسی دوو دژەتێزن، بەو مانایەی کە پەرەسەندنی زیاد لە ئەندازەی دیموکراسی دەبێتە هۆی لەنێوچوونی دەوڵەتی لیبراڵ (ئەمە پاساوی لیبراڵە کۆنزەرڤاتیڤەکانە)، یان بەو مانایەی کە دەستەبەرکردنی دیموکراسی بە شێوەیەکی تەواو، تەنها لە دەوڵەتێکی کۆمەڵایەتیدا مەیسەر دەبێت کە وازی لە دەوڵەتی کەمینە هێنابێت (ئەمە پاساوی دیموکراتە ڕادیکاڵەکانە).

---

[1] جۆزیپێ ماتسینی (١٨٠٥–١٨٧٢)، لە ڕێبەرانی بزاڤی ئازادیبەخشی نەتەوەیی ئیتاڵیا و سەرۆکی حکومەتی کاتی (کۆماری ڕۆما–١٨٤٩).

٣- ليبراليزم و ديموكراسى وەک پێویستییەک بەیەکەوە بەستراون، بەو مانایەی کە تەنها دیموکراسی دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی لیبراڵ بە شێوەیەکی تەواو مەیسەر دەکات و دیموکراسییش تەنها لە دەوڵەتی لیبراڵدا دەستەبەر دەبێت.

کەوایە، دەشێت پەیوەندیی نێوان لیبرالیزم و دیموکراسی بە مانا فراوانەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

١- مەیسەربوونی پێکەوەژیانی لیبرالیزم و دیموکراسی.

٢- مەیسەرنەبوونی پێکەوەژیانی لیبرالیزم و دیموکراسی.

٣- پێویستیی پێکەوەژیانی لیبرالیزم و دیموکراسی.

لەو کاتەوە کە دیموکراسی وەک شێوازێکی حکومەت بە یەکسانی لەگەڵ لیبرالیزم و لەگەڵ سۆسیالیزمیشدا هەماهەنگ بووە، دەکرێت توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی نێوان دیموکراسی و سۆسیالیزمیش لە چوارچێوەیەکی وەک یەکدا بکرێت:

یەکەم: مەیسەربوونی پێکەوەژیانی دیموکراسی و سۆسیالیزم.

دووەم: مەیسەرنەبوونی پێکەوەژیانی دیموکراسی و سۆسیالیزم (دیدگای دیموکراتە لیبراڵەکان و هەروەها دیدگای لایەنگیری ئەودیوی دیکەی خولیاش، واتە لایەنگرانی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا).

سێیەم: پێویستبوونی پێکەوەژیانی دیموکراسی و سۆسیالیزم (دیدگای تیۆریسیەن و بزووتنەوەکانی سۆسیال

دیموکراسی)، بەو مانایەی کە دیموکراسی تاکە ئامرازێکە بۆ هێنانەدیی سۆسیالیزم، سۆسیالیزمیش بە تاکە ڕێگەی بەئەنجامگەیاندنی ڕاست و دروستی پرۆسەی دیموکراسی دەژمێررێت.

## II
## سەرەڕۆیی زۆرینە

ئالێکسی دو تۆکوڤیل و جۆن ستورات میل[1] دوو نووسەری سەرکەوتووی لیبراڵ لە سەدەی نۆزدەیەمدا و هەریەک نوێنەری باڵێک لە لیبرالیزمی ئەورووپایی بوون: باڵی کۆنزەرڤاتیڤ و باڵی ڕادیکاڵ. ئەو دوو نووسەرە هاوسەردەمە، ئاشنا و ستایشکەری یەکدی بوون (تۆکوڤیل دووساڵ لە میل بە تەمەنتر بوو). میل لە (لەندەن ڕێڤیو) کە بڵاوکراوەیەکی ڕادیکاڵە ئینگلیزەکان بوو، هەڵسەنگاندنێکی دوورودرێژی لەسەر بەرگی یەکەمی (دیموکراسی لە ئەمەریکا) نووسی.[٣٣] لە کتێبەکەشیدا کە لەسەر دیموکراسیی نوێنەرایەتی بوو و دوای مردنی تۆکوڤیل لە ساڵی ١٨٦١ بڵاو کرایەوە، دیسان باسی (شاکاری مەزن)ی دۆستەکەی خۆی کردووەتەوە.[٣٤] (تۆکوڤیل)یش کاتێک لە سەرەمەرگدا نامیلکەی (میل)ی لەمەڕ ئازادی پێ گەیشت، بەم شێوەیە بۆی نووسی: "گومان لەوەدا نییە ئێوە هەمیشە ئاگاداریتان لەوە هەبووە، کە بۆ توێژینەوەی قەڵەمڕەوی ئازادی، جگە لە دەستتنانەنێودەستی یەکدی و پێکەوەهەنگاوںان بۆ پێشەوە، چارەیەکی دیکەمان نییە."[٣٥]

[1] جۆن ستوارت میل (١٨٠٧-١٨٧٣)، فەیلەسوف و سیاسەتمەداری ئینگلیزی.

وێڕای فەرهەنگ و نەریت و خولق و خووی جیاجیای ئەو دوو نووسەرە، نووسینەکانیان بە ڕوونی دوو تێڕوانینی هاوبەشی نەریتی بنچینەیی لیبرالیزمی ئەورووپی، لیبرالیزمی بریتانی و لیبرالیزمی فەڕەنسی نیشان دەدەن.

تۆکاڤیل چەندین ساڵ خەریکی لەسەرڕاوەستان و لێکۆڵینەوەی چەمکی دیموکراسی لە کۆمەڵگەی نوێ و ڕوولەداهاتوو بوو. میلیش، کە لە ئینگلیزەکان زیاتر پەیوەندیی بە وڵاتانی دیکەوە هەبوو، شارەزایی لەسەر ئەندێشەی فەڕەنسی و لە هەمووش پتر ئەندێشەی (کانت) هەبوو.

تۆکوڤیل بەرلەوەی دیموکرات بێت، لیبراڵ بوو؛ ئەو بە توندی لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە پێویستە ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای ئازادی جێگیر بێت و لە ئازادیدا، بە تایبەت ئازادیی ئایینی و ئەخلاقی، بنەوان بگرێت (کەمتر گرنگیی بە ئازادیی ئابووری دەدا). لەگەڵ ئەوەشدا، تۆکوڤیل تێ گەیشت کە ئەو شۆڕش و هەوڵە خێرا و بەردەوامانەی کە سەدەیەک بۆ گەیشتن بە دیموکراسی هەن، ئیدی هیچ شتێک ناتوانێت ڕێیان لێ بگرێت و بیانوەستێنێت. ئەو لە پێشەکیی هەوەڵین بەشی (دیموکراسی لە ئەمەریکا – ١٨٣٥) ئەو پرسیارە دەخاتە ڕوو:

"ئایا کەسێک هەیە پێی وابێت دیموکراسی، کە سیستمی دەرەبەگایەتیی لە نێو بردووە و بەسەر پادشاکاندا سەرکەوتووە، تازە لە بەرامبەر چینە مامناوەندی و دەوڵەمەندەکان

پاشەکشە بکات؟ ئایا دیموکراسی کە ئێستا زۆر بەهێز بووە و دوژمنەکانیشی بە پێچەوانەوە زۆر لاوازن، لە جوولە دەکەوێت؟“[٣٦]

تۆکوڤیل دەیگوت لە نووسینی ئەو کتێبەدا لەژێر کاریگەریی جۆرە تاسانێکی فیکریدا بوو، تاسانێک لە بینینی ئەو دیمەنانەی (شۆڕش) کە بێوچان هەموو کۆسپ و بەربەستەکانی دەبڕی و تەنانەت بە نێو ئەو کەلاوانەدا کە خۆی دروستی کردبوون، هەروا بۆ پێشەوە دەڕۆیشت. تۆکوڤیل بۆ دەرککردنی ماهییەتی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیک، چەندین جار سەفەری بۆ ئەمەریکا (وڵاتی تەواو جیاواز لەگەڵ ئەورووپا) کردووە و لەوێدا (سیمای ڕاستەقینەی دیموکراسی)ی بە چاوی خۆی تەماشا کردبوو. ئیدی لەوە بەدواوە تا کۆتایی تەمەنی خۆی هەر سەرقاڵ و مژوولی ئەو پرسیارە بوو کە: ”ئایا ئازادی دەتوانێت لە کۆمەڵگەی دیموکراتیکدا جێگیر و پایەدار بمێنێتەوە و ئەگەر دەتوانێت بمێنێتەوە، بە چ شێوەیەکە؟“

لای تۆکوڤیل، دیموکراسی بە دوو جۆر لێک دراوەتەوە، لایەنێکی واتە ئەو جۆرە حکومەتەی کە بە پێچەوانەی حکومەتی (ئەرستۆکراتەکان)، هەموو خەڵک لە کاروبارە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشدارییان هەیە و هاوبەشن؛ لە لایەنی دیکەوە لەسەر ئەو کۆمەڵگەیە کە لە ئامانجی یەکسانییەوە ئیلهام وەردەگرێت، چاودێر و جێگیرە. کۆمەڵگەیەک کە سەرەنجام پێکهاتە

کۆمەڵایەتییە کۆنەکان، کە لەسەر زنجیرەیەک پلەوپایەی لەگۆڕاننەهاتوو جێگیرن، تێک دەشکێنێت. لە ڕاستیدا تۆکوڤیلیش، وەک میلی، برادەری پێی وابوو کە دیموکراسی وەک حکومەت مەترسیی باڵادەستی و سەرەڕۆیی زۆرینەی بەدواوەیە، چونکە دیموکراسی لە مانای بەدیهێنانی پلە بە پلەی ئامانجە یەکسانیخوازەکاندا مەترسیی هاوشێوەکردنی تاکەکان و نەمانی (هەمەچەشنی) لەگەڵدایە، مەترسییەک کە لە ماوەی درێژخایەندا تاکڕەویی لێ دەکەوێتەوە. تۆکوڤیل پێی وابوو کە دیموکراسی و تاکڕەوی دوو شێوەی جۆراوجۆری سەرەڕۆیین و لەگەڵ ئەو جیاوازییانەش کە لە نێوانیاندا هەیە، هەردووکیان ڕەتکەرەوە و دژی ئازادین. ئەو ڕاستییەی کە تۆکوڤیل لە هیچ شوێنێکی کتێبەکەیدا ئەو دوو مانایەی دیموکراسی وەک پێویست لێک جیا نەکردووەتەوە، لەوانەیە ببێتە هۆی داوەریی جیاجیا، تەنانەت دژبەیەک، سەبارەت بە تێڕوانینی ئەو لەسەر دیموکراسی. هەر کاتێک مەبەست لە دیموکراسی، ستایشکردنی بەهای یەکسانیی کۆمەڵایەتی و سیاسی، یان یەکسانکردنی هەلومەرج بۆ هەموو خەڵک و گوێنەدان بە ئازادی بێت، نەک کۆمەڵێک لە بنەما و بەشداریکردنی ڕێکخراوەیی و بەبنەماکراوی خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسی، ئەوا لەو کاتەدا تۆکوڤیل لیبراڵێکی تا سەر ئێسقانە. ئەو تەنانەت بۆ تاوێکیش لە بە گرنگتر و باشتردانانی ئازادیی تاک لە بەرامبەر یەکسانیی کۆمەڵایەتیدا دوودڵ نابێت، ئەمە لە

کاتێکدا دڵنیاشه لەوەی کە گەلانی دیموکرات، تەنانەت ئەگەر مەیل و هەوەسێکی سروشتییان بۆ ئازادی هەبێت، لە هەمان کاتدا ئارەزوو و شۆر و شەوقێکی (زۆر لەتێربوونەهاتوو و هەمیشەیی و بەردەوام)یان بۆ یەکسانی هەیە: (ئەوان یەکسانییان لە ئازادیدا دەوێت)، بەڵام مادام ناتوانن ئەوە بە دەست بێنن (هەروا خوازیاری یەکسانین لە کۆیلایەتیدا)،[٣٧] ئەو گەلانە لەگەڵ هەژاری و نەبوونیدا دەگونجێن، بەڵام بەرگەی حکومەتی ئەرستۆکراتەکان ناگرن.

تۆکوڤیل فەسڵی حەوتەمی لە یەکەمین بەشی (دیموکراسی لە ئەمەریکا) تەرخان کردووە بۆ لێکۆڵینەوەی سەرەڕۆیی زۆرینە.

"پرەنسیپی حکومەتی زۆرینە پرەنسیپێکی یەکسانیخوازانەیە کە تێیدا پشتیوانی لە باڵادەستبوونی چەند تاکێک بەسەر تاکێکدا دەکات و لەسەر ئەو بنەمایە جێگیرە کە –عەقڵ و ژیری و بیرکردنەوەی کۆمەڵە کەسێک لە هیی یەک کەس زیاترن و ژمارەی یاسادانەران لە چۆنێتیی هەڵبژاردنیان بەبایەخترە–، ئەمە هەمان بنەمای تیۆری یەکسانیی مێشکەکانە."[٣٨]

دەسەڵاتی بێسنووری زۆرینە زۆر پاشهات و کارەساتی زیانبەخشی لەگەڵدایە، کارەساتی وەک ناجێگیریی دەزگای یاسادانان، بەکارهێنانی تاکڕەوانەی دەسەڵات لە لایەن ناوەندە فەرمییەکان، هاودەنگبوونی بیروڕا و بۆچوونەکان و کەمبوونی

ژمارەی کەسانی شایستە لە کاروبارە سیاسییەکاندا.

بۆ لیبرالێکی وەک تۆکوڤیل، دەسەڵات –جا ئەو دەسەڵاتە هیی تاک بێت یا هیی کۆمەڵ– هەمیشە بەڵایەکە و باشترین و گرنگترین بیرکردنەوەی سیاسی ئەوەیە کە زیاتر بیر لە شێوەی کۆنترۆڵکراو و سنوورداری دەسەڵات بکەینەوە تا بیرکردنەوە لەوەی داخۆ بە دەست چ کەسانێکەوەیە. باشی و خراپیی حکومەتەکان بە کەموزۆری ژمارەیی ئەوانەی کە حکومەت بە ڕێوە دەبەن هەڵناسەنگێنرێت، بەڵکو بە گەورەیی، یان بچووکیی سنوور و پانتایی کار و ڕەفتارەکانی حکومەت هەڵدەسەنگێنرێت: "دەسەڵاتی ڕەها، لە بنەڕەتدا دەسەڵاتێکی ناپەسەند و ترسناکە... کەوایە، هیچ دەسەڵاتێک لە جیهاندا نییە کە بەبێ چەندوچوون شایەنی ئەو شکۆ و ڕێزلێگرتنە بێت یان خاوەنی مافێکی ئەوەندە پیرۆز بێت، کە بمانەوێت بەبێ هیچ کۆنترۆڵ و سنووربەندییەک حکومەت بکات. بەو پێیەی هەر کاتێک ئەگەر حکومەتێکمان بینی کە دەسەڵات و مافی هەموو کارێکی هەبوو، جا ئەو حکومەتە حکومەتی خەڵک بێت یان هیی تاک، دیموکراسی بێت یان حکومەتی ئەرستۆکراتەکان، کۆماری بێت یان حکومەتی پادشایی، بە کورتی، هەر ناوێکی دیکەی لێ بنێین، ئەوا دەڵێین: هەوێنی سەرەڕۆیی لێرەوەیە و ئیدی بە ناچاری بە دوای دۆزینەوەی ئەو یاسایانەدا دەگەڕێین کە بتوانین لە پەنایاندا بژین."[٣٩]

تۆکوڤیل پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە سەرەنجام ناتوانرێت ئامانجی لیبراڵ لەگەڵ ئامانجی یەکسانیخوازانە هاوجووت و هەماهەنگ بکرێت، چونکە لە هیی یەکەمدا هیچ شتێک لە سەربەخۆیی هزری و ئەخلاقیی تاک بەهادارتر نییە، لە کاتێکدا لە حاڵەتی دووەمدا تاکەکان تا ڕادەیەکی زۆر ئارەزوو و سەلیقە و نیاز و پێگەی کۆمەڵایەتیی وەکیەکیان هەیە.

ئەو قەت ئومێدێکی ئەوتۆی بە مانەوە و پایەداریی ئازادی نەبوو لە کۆمەڵگەی دیموکراتیکدا. ئەوەشی دەسەلماند کە ئیدی خەڵکی هاوسەردەمی و نەوەکانی داهاتوو بەرگەی کۆیلەیی و ملکەچی ناگرن و چیدی بەوە ڕازی نابن. لە لاپەڕە هەرگیز لەبیرنەکراوەکانی کۆتایی بەشی دووەمی (شاکاری مەزن)ی خۆیدا کە ساڵی ١٨٤٠ بڵاو کرایەوە، پێشبینیی ئەوە دەکات کە دیموکراسی بۆ دژایەتیکردنی خۆی دەشکێتەوە، چونکە دیموکراسی لە شێوەی حکومەتێکی سەقامگیر و لە گشت جێیەک ئامادە، خۆی هەڵگری هەوێنێکی تازەی سەرەڕۆییە. ئەو بە وردبوونەوە لە چەمکی کۆنی دیموکراسی، کە کۆنستان لێی دوودڵ و بەدگومان بوو، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی تێڕوانینی ڕۆسۆ سەبارەت بە (خواستی گشتی) دەنووسێت: "خەڵکی ئەم سەردەمەی ئێمە حکومەتێکیان مەبەستە کە یەکپارچە خاوەنی توانا و پاسەوان و داکۆکیکەری کۆمەڵگە بێت، لە هەمان کاتدا لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێررابێت. بەم شێوەیە، ناوەندی دەسەڵات

و حاکمییەتی خەڵک تێکەڵی یەکدی دەبن و دەرفەتێک بۆ خەڵک دەڕەخسێت کە هەست بە ئاسوودەیی خۆیان بکەن.

خەڵک لەو حاڵەتەدا بەوە دڵی خۆی خۆش دەکات کە خۆی ئەوانەی هەڵبژاردوون، لەو جۆرە سیستمەدا هەمیشە هاووڵاتیان وابەستەی حکومەتن، مەگەر هەر ئەوەندە وابەستە نەبن تا کارگوزارانی حکومەت هەڵدەبژێرن و دوای ئەوە دووبارە دەگەڕێنەوە بۆ سەر وابەستەیی پێشوویان."[٤٠]

دیموکراسی، بە مانای بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە دەسەڵاتی سیاسیدا، خۆی لە خۆیدا بە هیچ شێوەیەک ڕێگەچارەیەکی کاریگەر نییە بۆ پێشگیری لە داشکان و کەمبوونەوەی لەسەرخۆی ئازادی لە کۆمەڵگەدا. تۆکوڤیل تا کۆتایی باسەکەی خۆی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە: "هەرگیز نابێت چاوەڕێی ئەوە بین کە بە پشتبەستن بە دەنگی دەنگدەران، حکومەتێکی لیبراڵی پڕ جموجووڵ و شایستە بێتە دی."[٤١]

بە بڕوای تۆکوڤیل، یەکەمین شت دەبێت پەیڕەوی لە ڕێنوێنییە کلاسیکییەکانی نەریتی لیبراڵ بکەین و لە هەمووی گرنگتر، داکۆکی لە هەندێک ئازادیی تاکەکەسی بکەین، وەک ئازادیی چاپەمەنی و کۆڕ و کۆبوونەوە و بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو ئەو مافانەی تاک، کە دەوڵەتە دیموکراتیکەکان گەرەکیانە لەژێر ناوی بەرژەوەندییە گشتییەکاندا فەرامۆشیان

بکەن، دووەمیش، هەموو ئەو پێوەرانە، کە لایەنی کەم یەکسانیی تاکەکان لە بەرامبەر یاسادا مسۆگەر دەکەن، لەبەرچاو بگرین و دوایین شتیش چڕبوونەوە و ناوەندگەریێتیی دەسەڵات لەناو ببەین و نەیهێڵین.

تۆکوڤیل بەر لەوەی دیموکرات بێت، لیبراڵ بوو، هەر لەبەر ئەوەش هەرگیز بە لای سۆسیالیزمدا نەشکایەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، چەندین جار ناکۆکی و دژایەتیی توندی خۆی لەگەڵ سۆسیالیزم دەربڕیوە. دەشێت مرۆڤ لە یەک کاتدا هەم لیبراڵ و هەم دیموکرات، هەروەها دەتوانێت دیموکرات بێت و سۆسیالیستیش بێت، بەڵام شتێکی فرە ئەستەم و نەشیاوە لیبراڵ و لە هەمان کاتدا سۆسیالیست بێت. تۆکوڤیل لە بەراوردکردنی دیموکراسی و ئامانجە گرنگ و بەرزەکانی ئازادیدا، کەسێکی دیموکرات نەبوو، بەڵکو تەنها لە بەرامبەر سۆسیالیزمدا داکۆکیی لە دیموکراسی دەکرد، چونکە سۆسیالیزمی بە ڕەنگدەرەوەی دەوڵەتی ئەو کۆمەڵە خەڵکە دەژمارد کە ئامانجیان هێنانەکایەی کۆمەڵگەیەکە کە تاکەکانی لە بەیانیەوە تا شەو ڕەنج دەکێشن و ئارەق دەڕێژن، نەک پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی. ئەو لە (١٢)ی مانگی سیپتەمبەری ١٨٤٨ لە ئەنجوومەنی دامەزرێنەران سەبارەت بە مافی کار، وتارێکی خوێندەوە و تێیدا کەوتە پێداهەڵدانی دیموکراسیی ئەمەریکا و گوتی: "دیموکراسی لە ئەمەریکا بە تەواوی لە مەترسیی دەسەڵاتی سۆسیالیزم بە

دوور و پارێزراوە.“

قسەکانی خۆی درێژە پێ دەدات: ”دیموکراسی و سۆسیالیزم هچ جۆرە هاوبەشی و لێکچوونێکیان نییە، ئەمانە نەک لێکجیا، بەڵکو دژی یەکن“ تەنها یەک وشەی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە: یەکسانی. ”... بەڵام جیاوازی ئەوەیە کە دیموکراسی خوازیاری یەکسانییە بۆ هەموان لە دەستەبەربوونی ئازادیدا، کەچی سۆسیالیزم خوازیاری یەکسانییە لە گوێڕایەڵی و پاشکۆیەتی بۆ هەموان.“[٤٢]

## ١٢
## لیبرالیزم و یوتیلیتاریانیزم[١]

میل، بە پێچەوانەی تۆکوڤیل، هەم لیبراڵ و هەم دیموکرات بوو و دیموکراسی، بە تایبەت حکومەتی هەڵبژێرراوی کە بە (حکومەتی خەڵکیش) ناوی دەبرد، بە گەشەی سروشتی و دەرەنجامی بنەماکانی لیبراڵ دەزانی. لە ڕاستیدا میل ئاگاداری ئەو هەڕەشانەی سەر حکومەتی دیموکراتیک بوو، بەڵام بۆ چارەسەر و ڕێگەگرتن لەو هەڕەشانە، زیاتر هیوای بە ئاییندەوە بەستبوو و چاوی بڕیبووە پێشکەوتنی وردەوردەی دیموکراسی، تەنانەت لە نووسینەکانی دواتردا، ئەوەی قبوڵ کرد کە لیبرالیزم و سۆسیالیزم لەگەڵ یەکدا ناکۆک نین. (دەربارەی ئازادی – ١٩٥٩) و (حکومەتی هەڵبژێرراو – ١٨٦٣)[٢] دوو بەرهەمی گرنگی میلن لەمەڕ تیۆری سیاسی. تۆکوڤیل تەنها نووسەرێکی سیاسی و مێژووناس بوو، بەڵام میل وێڕای ئەوانە، تیۆریسیەنێکی سیاسییش بوو و خولق و خوو و ڕۆحییەتێکی ڕیفۆرمیستانەتری لەوەی دۆستە فەڕەنسییەکەی خۆی هەبوو.

---

[١] (Utilitarianism) سوودخوازی.

[٢] حکومەتی هەڵبژێرراو، ناوی کتێبێکی میلە کە ساڵی ١٨٦١ چاپ کراوە، بەڵام بە هەڵە ساڵی چاپکردنی بە ١٨٦٣ نووسراوە.

جێرمی بێنتام[1] مامۆستایەکی گەورەی میل بوو لە پرسە تیۆرییەکاندا. فەلسەفەی (یوتیلیتاریانیزم – سوودمەندی)ی بێنتام، بناغەیەکی نوێی بۆ لێکۆڵینەوە لیبراڵییەکانی میل فەراهەم کرد، کە لای هیچ نووسەرێکی پێشتر بەدی نەدەکرا.

بەم شێوەیە، میل تێڕوانینێکی تازەی لەمەڕ لیبرالیزم خستە ڕوو، بە دەربڕینێکی وردتر، هەموو هێز و تواناکانی خۆی لەپێناو هێنانەکایەی ڕەوتێک بەکار هێنا کە وا پێشبینی دەکرا دواتر ببێتە گرنگترین و بەرجەستەترین تێڕوانین لە لیبرالیزمدا.

پاساوی بۆچوونەکانی پێشوو ئەوە بوو کە مادام تاک مافی سروشتی و ڕەوای خۆی هەیە، لەسەر حکومەتەکان پێویستە دەسەڵاتی دەوڵەت سنووردار بکەن. بێنتام لە ساڵی ١٧٩٥دا لە وتارێکدا لە ژێر ناوی (هەڵە ئاژاوەگێڕییەکان)، بە توندی ڕەخنەی لە ڕاگەیەنراوی مافەکانی فەڕەنسی گرت و بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕی و تەوسئامێزەوە، لاوازیی فەلسەفی و نەبوونی لۆژیک و ناسەقامگیری و دەستەوەستانیی ئەوانی لە بواری کردارییەوە خستە بەر تەشەر و پلار.

لە ڕاگەیەنراوی ناوبراودا هاتبوو کە: هەموو مرۆڤەکان ئازادانە دێنە دنیاوە. بێنتام ئەو قسەیەی بە قسەیەکی بێمانا و ساویلکانە ناو برد و بەوپەڕی لێبڕاوییەوە ڕەتی کردەوە. ئەو پێی وابوو: "شتێک بە ناوی مافی سروشتی، یان مافێک کە

[1] جێرمی بێنتام (١٧٤٨–١٨٣٢)، فەیلەسوف و تیۆریسیەنی ئینگلیزی و دۆست و هاوکاری جەیمس میل.

لە دامەزراندن و پێکهێنانی حکومەت گرنگتر بێت و لەپێشتر بێت، یاخۆ لە بەرامبەر یان دژی مافی یاسایی بێت، بوونی نییە و بە ماف دانانرێت."[٤٣] بێنتام (بنەمای سوودمەندی)ی وەک ئەڵتەرناتیڤی نەریتی دێرینی مافە سروشتییەکان خستە ڕوو. بەگوێرەی ئەو بنەمایە، تاکە پێوەرێک کە پێویستە هەر یاسادانەرێکی شایستە ئیلهامی لێ وەربگرێت، ئەوەیە کە یاسا دەبێت ئەوپەڕی خۆشی[١] و بەختەوەری بۆ زۆرینەی هاووڵاتیان دابین بکات. ئەمە بەو مانایە بوو کە ئەو سنووربەندییانەی پێویستە لەسەر دەسەڵاتی بەڕێوەبەرانی حکومەت دابنرێن، هیچ پەیوەندییان بە خەیاڵپڵاویی مافە سروشتییەکانەوە نییە، مافێک کە نە بوونی هەیە و نە دەکرێت بسەلمێنرێت.

بێنتام پێی وابوو کە تێڕوانینی ئەو لە ڕوانگەیەکی خودیەوە سەرچاوە دەگرێت: مرۆڤ خولیای چێژ و خۆشییە و لە دەست ئـازار و ناخۆشییەکان هەراسانە، بۆیە باشترین کۆمەڵگە ئەو کۆمەڵگەیە کە ئەوپەڕی (خۆشی) بۆ زۆرترین ژمارەی ئەندامەکانی خۆی فەراهەم بکات. بەم شێوەیە، لە نەریت و ڕێبازی هـزری ئەنگلۆساکسۆن[٢]دا بێگومان پایەدارترین و ڕوونترین کاریگەریی لە پێگەیشتنی لیبرالیزمدا هەبووە. دوای

1 Happiness

٢ ئەنگلۆساکسۆن: ئەو ناوە زیاتر بۆ ئەو هۆز و تیرە ژەرمەنیانە بەکار دەهێنرێت کە لە سەرەتاکانی سەدەی پێنجەمدا لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی بریتانیای گەورە دەژیان. ئەوان نەتەوەی ئینگلیزیان پێک هێنا و ڕۆڵی ئەوان تا سەردەمی باڵادەستبوونی نۆرمەنەکان، واتە تا ساڵی ١٠٦٦، درێژەی هەبوو. ئەمانە لە چەند هۆزێکی وەک ئانگل، ساکسۆن، وانداڵ، لۆمبارد و گوت پێک هاتبوون.

بێنتام، تیۆری یوتیلیتاریانیزم و لیبرالیزم شان بە شانی یەکدی بۆ پێشەوە ڕۆیشتن و تیۆری یوتیلیتاریانیزم بوو بە گرنگترین پشتیوان و داکۆکیکەری تیۆری دەوڵەتی لیبراڵ.

ئەندێشەی لیبراڵ، لە میانەی گواستنەوەی لە تیۆری مافە سروشتییەکانەوە بۆ یوتیلیتاریانیزم، تووشی قەیرانێکی قووڵ بووەوە، کە تەنانەت تا ئەمڕۆش کاریگەریی لەسەر ئەو لێکۆڵینەوانەی دووبارە لە بوارەکانی مافی مرۆڤدا لە گۆڕێدان، هەیە.

میلیش لایەنگری ئاشکرا و بێپێچوپەنای تیۆری یوتیلیتاریانیزمە: "بەپێی ئەو ڕێبازەی کە یوتیلیتاریانیزم، یان پرەنسیپی "هەرچی زیاتر خۆشی" وەک بنەمایەکی لایەنە ئەخلاقییەکان قبوڵ دەکات، ڕەفتاری مرۆڤ ئەو کاتە ڕەفتارێکی ڕاست و دروستە کە پەرە بە "خۆشییەکان" بدات، ئەو کاتەش هەڵە و نادروستە کە خۆشییەکان پایەماڵ و لەنێو دەبات."[٤٤]

بەپێی لێکدانەوەی میل، (خۆشی) لای بێنتام هاومانای (چێژ)، یان نەبوونی ئازارە و (ناخۆشی)یش واتای ئازار، یان نەبوونی (چێژ) دەگەیەنێت. میل پاساوی دەهێنایەوە کە یوتیلیتاریانیزم جۆرە ڕێبازێکی ئەخلاقییە، کە هەر خۆی ڕەخنەی لە گشت جۆرە مەرجێکی سروشت و ئەخلاقی هەیە، مەگەر ئەوەی کە ئەو مەرجە پەیوەندیی بە مەسەلەی ئازار و چێژەوە هەبێت. ئەو دەیگوت لەو تیۆرەدا مەبەست لە یوتیلیتاریانیزم، سوودمەندیی

کۆمەڵایەتییە، نەک سوودمەندیی بەرژەوەندیی تایبەتی تاکێک لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ تاکەکانی دیکەی کۆمەڵ. بە بڕوای ئەو، تیۆری یوتیلیتاریانیزم (سوودمەندی) تەنها تایبەت نییە بە (خۆشیی تاکەکەسێک، بەڵکو تایبەتە بە خۆشیی گشت تاکە هاوبەرژەوەندەکان)، کە ساخکردنەوەی ئەوەش پێویستی بە (داوەرێکی بێلایەن و سەرڕاست) هەیە.[٤٥]

بەم تەرزە، میل داڵغەی گەڕانەوەی بۆ تیۆری مافی سروشتی (وەک بناغە و هۆکارێک بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت) بە لاوە نا (تێڕوانینی ئەو و ڕەخنەی بێنتام سەبارەت بە مافە سروشتییەکان هاوشێوەن). میل لە پێشەکی کتێبەکەیدا، (دەربارەی ئازادی)، کە لەو کتێبەدا بنەما سەرەکییەکانی ڕێنوێنییەکانی خۆی دارشتووە، ئەو خاڵە بە ڕوونی دەخاتە ڕوو: "دەبێت بڵێم، من لە هەر ئیمتیازێک کە ڕەنگە لە پای جەختکردنەوەم لە چەمکی مافی ڕووکەش وەک ئەو مافەی کە لەسەر بنەمای سوودمەندی دێتە دی، پێم ببڕێت، چاو دەپۆشم. من پێم وایە سوودمەندی دوای داوەریی هەموو مەسەلە ئەخلاقییەکانە، هەڵبەتە سوودمەندی بە واتا فراوانەکەی، کە لەسەر بەرژەوەندییە پایەدارەکانی مرۆڤ، وەک بوونەوەرێک لە حاڵەتی پێشکەوتندا جێگیر بێت."[٤٦]

میل بە بایەخدان و لێکۆڵینەوەی چەمکی ئازادیی نێگەتیڤ، درێژەی بە نەریتی لیبراڵ دا. لەو نەریتەدا ئازادی بریتییە لەوەی

کە هیچ هێزێکی دەرەکی ڕێگە لە تاکەکانی کۆمەڵگە (جا چ وەک تاکەکەس، چ وەک گرووپی یەکانگیر) ناگرێت لەو کارەی کە خۆی حەزی لێیە بیکات، یان ناچاری بکات بە کردنی کارێک کە خۆی نایەوێت بیکات.

بەم شێوەیە، میل دەیەوێت بنەمایەک دابڕێژێت کە بەپێی ئەو بنەمایە بتوانرێت دوو قەڵەمڕەو ساخ بکرێنەوە:

قەڵەمڕەوی یەکەم: ئەوەیە کە تێیدا دەوڵەت دەتوانێت بەپێی یاسا ئازادییەکانی تاک سنووردار بکات و قەڵەمڕەوی دووەمیش پێچەوانەی هیی یەکەمە و ئەو قەڵەمڕەوەیە کە تاکەکان یان گرووپەکان دەتوانن دوور لە دەستێوەردانەکانی دەسەڵاتی دەوڵەت ڕەفتار و هەڵسوکەوت بکەن. بە واتایەکی دیکە، میل هەوڵ دەدات لە نێوان قەڵەمڕەوی تایبەت و قەڵەمڕەوی گشتیدا تخووبێک دابنێت، بە شێوەیەک کە ئازادییەکانی تاک دوور لە دەستتێوەردانی دەسەڵاتی دەوڵەت دابین و دەستەبەر بکرێن، لە هەمان کاتدا قەڵەمڕەوی ئەو ئازادییە تا ئەو ڕادەیـەی کە لە نێوان بەرژەوەندییەکانی تاک و بەرژەوەندییە گشتییەکاندا ناکۆکی نەهێنێتە کایە، پەرەی پێ بدرێت. بنەمای پێشنیازکراوی میل بەم شێوەیەیە:

"تاکە پاساوێکی پەسەندکراو سەبارەت بە دەستوەردان لە ئازادیی کار و چالاکیی هەر ئەندامێکی کۆمەڵگە، بریتییە لە پاراستنی تاک، تەنها پاساوێکی یاسایی بۆ سەپاندنی دەسەڵاتێک

که پێچەوانەی خواستی هاووڵاتیی کۆمەڵگەی شارستانی بێت، ئەوەیە کە ڕێ لە زیانگەیاندن بە ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگە بگیرێت."[٤٧]

میل لەو بنەمایە ئەو ئەنجامە هەڵدەهێنجێت کە:

"هەر کاتێک ئەگەر ڕەفتاری تاکێک زیانی بە تاکەکانی دیکە گەیاند، ئەوا لە ڕووی یاساوە بەڵگەی ئاشکرا[١] دەکەوێتە بەردەست بۆ سزادانی، هەر کاتێکیش کە سزادانی یاسایی بە دڵنیایی و بێپێچوپەنا جێبەجێ نەکرێت، ئەوا ڕەنگدانەوەیەکی خراپ و ناخۆشی بۆ هەموان دەبێت.»[٤٨]

میل بەو شیکردنەوەیە دەیەوێت ماف و دەسەڵاتی دەوڵەت لە بچووکترکردنەوەی (قەڵەمڕەوی ئازادییەکانی تاک)دا سنووردار بکات، ئەو قەڵەمڕەوەی کە تاک تێیدا لە هەڵبژاردن و گرتنەبەری هەر ڕێگە و ڕێبازێک ئازادە. تێ دەکۆشێت ماف و دەسەڵاتی دەوڵەت بە شێوەیەک سنووردار بکات کە نەتوانێت هاووڵاتیان ناچاری کردنی کارێک بکات کە مەیلیان لێی نییە، یان بە پێچەوانەوە، ڕێی کردنی کارێکیان لێ بگرێت کە خۆیان دەیانەوێت و ئەو ماف و دەسەڵاتە تەنها لە چوارچێوەی ڕەفتاری دەرەکیدا (بە دەربڕینی کانت) بە فەرمی بناسێت. بە واتایەکی دیکە، دەوڵەت تەنها کاتێک دەتوانێت دەخالەت لە ڕەفتارەکانی تاکدا بکات (ئەویش بەپێی یاسا) کە پێشبینیی ئەوە

---

1 Prima facie

بکرێت تاک لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیدا بەرژەوەندیی خەڵکی دیکە پێشێل بکات. بەم شێوەیە، تاک لە هەر جۆرە دەستدرێژییەکی دەسەڵاتی دەوڵەت پارێزراوە، تا ئەو شوێنەی کە ڕەفتارەکانی زیان بە خەڵکی دیکە ناگەیەنن. بۆ نموونە، تاک خاوەنی ئازادیی بیر و هەست و نەستی تایبەتی، ئازادیی ئەندێشە و ڕامان، ئازادیی کۆڕ و کۆبوونەوە، ئازادیی پەیگیربوونی مەیل و حەز و ئارەزوو و بەرنامەکانی خۆیەتی. لە هەندێک لە تێڕوانینە سیاسییەکاندا هەر تاکێک لە ناخی خۆیدا خاوەنی هەندێک حەز و ئارەزووە کە دەوڵەت تەنانەت لە بەرامبەر خودی تاکیشدا دەبێت داکۆکی و پارێزگارییان لێ بکات.

ئەگەر ئەوە قبوڵ بکەین کە هەموو ئەو تێڕوانینانەی بەو بیانوانەوە دەخاڵەت لە کاروبارە تایبەتییەکانی تاک دەکەن، ناو بنێین (باوکسالاری)، دیسان لیبرالیزم لای میل، هەر وەک لای لۆک و کانت، تیۆر و تێڕوانینێکی بە تەواوی مانا[1] پێچەوانەی (باوکسالاری)یە، چونکە بناغە و بنەمای ئەم لیبرالیزمە گریمانەیەکی ئەخلاقییە کە میل بە جەختکردنەوە ڕوونی کردووەتەوە:

"تاکە پاسەوان و پارێزەری شایستە بۆ سەلامەتی جەستەیی، یان هزری و مەعنەویی تاک، خودی تاک خۆیەتی."[٤٩]

---

1 Par excelience.

هەڵبەتە ئەمە بە مانای نکۆڵیکردن لە هەبوونی هەندێک ڕەگی (باوکسالارانە) لە ئەندێشەی میل و لۆک و کانتیش نییە، چونکە میل لە دەربڕین و خستنەڕووی ئەو دیدگایانەدا، مەبەستی تەنها ئەندامانی (کۆمەڵگەی شارستانی)یە و ئەو حوکمانە تەنها بەوانەوە سنووردار دەکات.

بە واتایەکی دیکە، پێی وایە کە: بنەمای ئازادی تەنها شایانی ئەو کەسانەیە کە توانا و ئامادەکارییەکانیان بە تەواوی پەروەردە کراوە. ئەوانەی کە هێشتا لەژێر چاودێریی بەخێوکردندان، یان فراوانتر، هەموو کۆمەڵگە دواکەوتووەکان شایستەی ئەو بنەمایە نین. میل سەبارەت بەو خاڵەی دوایی، زۆر بە ڕوونی ڕای خۆی دەردەبڕێت:

"لەڕووبەڕووبوونەوەی دژی "دڕندەیی"دا، زەبروزەنگ و سەرەڕۆیی شێوازێکی ڕەوای حوکمڕانییە، بەو مەرجەی کە مەبەست لە بەکارهێنانی ئەو شێوازە، چاککردن و پێشخستنی "دڕندەکان" بێت و ئامرازی گەیشتن بەو ئامانجەش بەپێی ئەو کاریگەرییەی کە ئەوان لەسەر ئامانجەکە هەیانە، بەکار بهێنرێت."[٥٠]

سەرەڕای ئەو مەرجانە (مەگەر ئەوانە کێن کە سەبارەت بەو ئامانجە و ئامراز و شێوازانەی گەیشتن پێی داوەری دەکەن؟) لێرەدا میل بۆ ڕەوابەخشین بەو حکومەتە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرییانە، پاساوێکی کۆن دێنێتەوە:

داکۆکی لە حکومەتێک کە ئەرستۆ چەندین سەدە بەر لە ئەمڕۆ بە شایستەی کەسانێکی دەزانی کە پێی وابوو بەپێی سروشتی خۆیان کۆیلە بوون.

## ١٣
## دیموکراسیی نوێنەرایەتی

میلیش، وەک تۆکوڤیل، لە سەرەڕۆیی زۆرینە دەترسا و ئەوەی بە بەڵایەک دادەنا کە کۆمەڵگە دەبێت خۆی لێ بپارێزێت، بەڵام ئەو ترسە وای لە میل نەکرد کە حکومەتی دیموکراتیک ڕەت بکاتەوە. کەمێک دوای نووسینی کتێبی (دەربارەی ئازادی)، لە کتێبێکی دیکەدا لە بواری دیموکراسیی نوێنەرایەتیدا، پرسیارێکی لەمێژینە دەخاتەوە ڕوو: "چاکترین جۆری حکومەت کامەیە؟" میل لە کۆتایی کتێبەکەیدا ئەو ئەنجامە وەردەگرێت کە بۆ ئەو وڵاتانەی لایەنی کەم گەیشتوونەتە ئاستێکی دیاریکراو لە شارستانییەت، حکومەتی (دیموکراسیی نوێنەرایەتی) چاکترین جۆری حکومەتە و ئەوە بە پێوەرێکی بنەڕەتی دادەنرێت بۆ گۆڕینی سروشتی هەر دەوڵەتێک کە هەوڵ دەدات زۆرترین و فراوانترین ئازادی بۆ هاووڵاتیانی خۆی دەستەبەر بکات:

"هاوبەشی و بەشداریی هەموان بۆ سوودوەرگرتن لە خێروبێرەکانی ئازادی، کاکڵی ئامانجەکانی حکومەتی ئازادە." میل لە داکۆکیکردنی ئەو دەربڕینەی خۆیدا دەڵێت: "تا زیاتر تاک، جا ئەو تاکە هەر کێ بێت، لە خێروبێرەکانی ئازادی بێبەش

بکرێت، ئەوا بەرژەوەندییەکانیشی لە بەرامبەر بەرژەوەندیی ئەوانی دیکەدا کەمتر دابین دەبن و کەمتر ئەو بوارەی بۆ دەڕەخسێت کە توانا و بەهرەکانی لەپێناو خۆشیی خۆی و کۆمەڵگەکەیدا بەکار بێنێت."[٥١]

ئەم وەسفەی سەرەوە ڕوونترین وەسفە دەربارەی پەیوەندیی نێوان لیبرالیزم و دیموکراسی، یان بە دەربڕینێکی وردتر، پەیوەندیی نێوان تێڕوانینێکی تایبەت لەسەر دەوڵەت و شیاوترین شێوازی بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ جێگیرکردنی ئەو تێڕوانینە لە بواری پراکتیکدا.

ئەو دیدگایەی کە دەڵێت حکومەتی تەواو ئازاد ئەو حکومەتەیە کە هەموان بەشدار و هاوبەشن تێیدا و لە خزمەتی هەموو خەڵکیشدایە، میلی بەرەو پشتیوانی و داکۆکیکردن لە گەشەپێدانی (مافی دەنگدان) ڕاکێشا. ئەو لەو بوارەدا ڕادیکاڵیزمی بێنتامی هەڵبژارد و پەیڕەویی لێ کرد، ڕادیکاڵیزمێک کە بۆ چاکسازیی یاساکانی هەڵبژاردنی ساڵی ١٨٣٢ لە بریتانیا تێ کۆشابوو. بە بڕوای میل، یەکێک لە ڕێگەکانی دوورکەوتنەوە لە سەرەڕۆیی زۆرینە، ئەوەیە کە گەشە بە بەشداریکردنی هەمەگیری خەڵک (نەک تەنها چینە خۆشگوزەرانەکان، کە کەمینەیەکن لە کۆمەڵدا و تەنها بیر لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەنەوە) بدرێت لە هەڵبژاردنەکاندا، تا لەو ڕێگەیەوە گشت چینەکانی کۆمەڵ (بە مەرجی دانی باج،

هەرچەندە باجەکە کەمیش بێت) بۆیان بلوێت بەشداری لە حکومەتی زۆرینەدا بکەن. هەڵبژاردن دەرس و ئەزموونێکی زۆری تێدایە: باس و ڕاگۆڕینەوەی سیاسی دەبێتە هۆی ئەوەی کە کرێکارێکی بازوویی، سەرەڕای تایبەتمەندییەکانی کارەکەی و ژینگەی بەرتەنگی کارخانە، بە شێوەیەک درک بە پەیوەندیی نێوان ڕووداوە دوور و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی بکات و لێکی بداتەوە، وێڕای هاوکارانی خۆی، لەگەڵ هاووڵاتیانی دیکەشدا پەیوەندیی جیاجیا دروست بکات. لەو ڕێڕەوەدا کرێکارانیش دەبن بە ئەندامانی هۆشیاری کۆمەڵگە:

"لە وڵاتی پێشکەوتوو و شارستانیدا نابێت هیچ کەس پەراوێز بخرێت و وەلا بنرێت، نابێت تواناکارییەکانی هیچ کەس فەرامۆش بکرێن، مەگەر بە هۆی کێماسییەکانی خۆی نەبێت."[٥٢]

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا، مافی دەنگدانی گشتی لای میل ئامانج و دوایین مەبەستە و پرۆژە و پێشنیازەکانیشی زۆر لەو ئامانجەوە دوورن. بە لای میلەوە، نەک هەر قەرزبار و زەرەرمەندان، بەڵکو نەخوێندەوار و مووچەخۆرانی دەوڵەتیش مافی دەنگدانیان نییە (هەڵبەتە میل پێشوازی لە پەروەردەی گشتی دەکات و ئەوەی پێ لە مافی دەنگدانی گشتی چاکترە)، چونکە بە بڕوای ئەو، ئەو کەسانەی کە هیچ جۆرە باج و خەراجێک نادەن، مافی ئەوەیان نییە بەشداری بکەن لە بڕیاردان لەوەی کە هەر کەسێک دەبێت چەند باج بخاتە خەزێنەی گشتییەوە.

لە لایەکی دیکەوە، میل پشتیوانیی لە مافی دەنگدانی ژنان دەکرد، لە کاتێکدا لە سەرانسەری ئەورووپا (جگە لە بریتانیا) ژنان دوای پیاوانی نەخوێندەوار مافی دەنگدانی خۆیان بە دەست هێنا.

میل دەیگوت هەموو مرۆڤەکان لە هەبوونی حکومەتێکی کارا و شایستەدا سوودمەندن، بۆیە هەموو تاکەکانی کۆمەڵ، چ ژن و چ پیاو، پێویستیان بە مافی دەنگدانی یەکسان هەیە بۆ دەستەبەرکردنی ئەو بەشە لە خێروبێرەکان کە بۆ هەر ئەندامێکی کۆمەڵگە لەبەرچاو گیراوە. ئەم خاڵە بووە هۆی ئەوەی کە میل پاساوی بەهەڕمێنی دژی فێمینیستی بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەوە بەکار بێنێت. دەیگوت: ئەگەر ناکۆکییەک کەوتە نێوان ژن و پیاوەوە، "ژنان زیاتر لە پیاوان پێویستیان بە مافی دەنگدان هەیە، لەبەر ئەوەی لە ڕووی فیزیکییەوە بێهێزترن، بەو پێیەش، زیاتر پێویستیان بە داکۆکی و پشتیوانیی یاسا و کۆمەڵگە هەیە."[٥٣]

دووەمین ڕێگەچارەی میل بۆ خۆلادان و دوورکەوتنەوە لە سەرەڕۆیی زۆرینە، چاکترکردنی سیستمی هەڵبژاردنە.

ئەو خوازیاری گۆڕینی ئەو سیستمەی هەڵبژاردن بوو کە لەسەر زۆرینەی ڕەهای دەنگدان دامەزراوە. لەو سیستمەدا (کە سیستمی بازنەییە) لە هەر مەڵبەندێکی هەڵبژاردندا تەنها یەک نوێنەر هەڵدەبژێررێت و ئەو کەسە براوەی هەڵبژاردنەکە دەبێت

که لە قۆناغێک، یان لە چەند قۆناغێکدا، زۆرترین دەنگەکان بە دەست دێنێت، کاندیدەکانی دیکە لە مەیدانی پێشبڕکێ و ململانێی هەڵبژاردنەکە دەچنە دەرەوە.

میل لە بەرامبەر ئەو سیستمە هەڵبژاردنەی کە باسمان کرد، پشتیوانیی لە سیستمی هەڵبژاردنی ڕێژەیی کرد (ئەو ئۆلگۆیەی میل هەمان مۆدێلی پێشنیازکراوی تۆماس هار)[١] بوو. سیستمی ڕێژەیی، بوونی نوێنەرانی کەمینەکان بەگوێرەی ئەو دەنگانەی کە بە دەستی دێنن، دەستەبەر دەکات. لەو جۆرە سیستمەدا دەشێت هەڵبژاردن بەپێی بنەمای یەک مەڵبەندی هەڵبژاردن لەسەر ئاستی وڵات بکرێت یان مەڵبەندەکانی هەڵبژاردن ئەوەندە فراوان بن کە لە هەر مەڵبەندێکدا چەندین نوێنەر هەبن. میل بە خستنەڕووی هەموو ئیمتیاز و لایەنە باش و شایستەکانی ئەو سیستمەی هەڵبژاردن، جەختی لەوە دەکردەوە کە هەبوونی کەمینەیەکی سەرسەخت کۆنترۆڵی زۆرینە دەکات و ڕێ لەو پێشێلکارییانە دەگرێت کە ڕەنگ بێت زۆرینە لە حاڵەتی نەبوونی نوێنەرانی کەمینە بیانکات و هەروەها پێشگیری لە شکست و پووکانەوەی دیموکراسییش دەکات. میل ئەو هەلەی قۆستەوە کە ئەوپەڕی ستایشی چەمکی (ڕووبەڕووبوونەوە) لە تیۆری

[١] تۆماس هار (١٨٠٦-١٨٩١)، پارێزەری ڕیفۆرمخوازی ئینگلیزی کە بە هۆی خستنەڕووی سیستمی هەڵبژاردنی ڕێژەییەوە ناوبانگی دەرکرد. لەو سیستمەدا هەر گرووپێک بەپێی ڕێژەی دەنگەکانی خۆی نوێنەر هەڵدەبژێرێت و بەم شێوەیە بوونی نوێنەری کەمینەکانیش فەراهەم دەبێت. هەندێک پێیان وایە کە یەکەم جار ئەفلاتوون بیرۆکەی ئەو سیستمەی بە شێوەیەکی تەماوی خستووەتە ڕوو.

لیبراڵدا بکات. لە دەربڕینێکدا کە بە دڵنیاییەوە نموونەیەکی ڕوونی بنەمای ئەخلاقی لیبراڵە، دەنووسێت:

"هیچ کۆمەڵگەیەک نەیتوانیوە بەرەو پێشەوە بچێت و لەو پێشکەوتنەدا پایەدار بێت، مەگەر ئەوەی لە نێوان بەهێزترین دەسەڵاتی کۆمەڵگە و دەسەڵاتێکی ڕکابەر لە نێوان هێزە ڕۆحی و غەیرە ڕۆحییەکان، لە نێوان گرووپە سەربازییەکان یان پلەداران لە لایەک و پیشەوەران لە لایەکی دی، لە نێوان پادشا و کۆمەڵانی خەڵک، لە نێوان ئەرتۆدۆکس و ڕیفۆرمخوازی ئاییندا ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوە لە گۆڕێدا بێت."[٥٤]

هەر کاتێک ئەو ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەیە کپ بکرێت، یان لەنێو ببرێت، ئەوا پێشکەوتن ڕادەوەستێت، دەوڵەت تووشی دارمان و پووکانەوە دەبێت و بەدوای ئەوەدا کۆمەڵ و تەواوی شارستانییەتەکەش دەپووکێتەوە و بێبایەخ دەبێت.

میل کتومت بنەماکانی دیموکراتیک قبوڵ دەکات و دەکەوێتە پەسن و ستایشکردنی دیموکراسیی نوێنەرایەتی و ئەوە بە چاکترین جۆری بەڕێوەبردنی حکومەت دەزانێت، بەڵام ئەندێشەی ئەو هێشتاش زۆر لە دیموکراسیی ڕاستەقینە دوورە، بۆ نموونە: بە مەبەستی دانانی شێوازی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی تازەی مافی دەنگدان، پێشنیاز دەکات کە هەندێک لە تاکەکان بتوانن چەند دەنگێکیان هەبێت (پێشنیازێک کە هیچ کەس قبوڵی نەکرد). میل بۆ ئەمە وا پاساو

دێنێتەوە:

”شێوەی دادپەروەرانە ئەوەیە کە گشت کەسێک خاوەنی دەنگدان بێت، بەڵام ناتوانین ئەنجامێک بە دەست بێنین ئەگەر بمانەوێت هەر تاکێک تەنها یەک دەنگی هەبێت.“

پێشنیازی میل ئەوەیە کە خوێندەوارە گەورە و خاوەن بڕوانامەکان (نەک دەوڵەمەندترین کەس) لە دەنگێک زیاتریان هەبێت و بۆ ئەمەش مەرجێک دادەنێت: ”هەموو داواکارانی دەنگی زیاتر ئەگەر تاقیکردنەوەیەکیان بە سەرکەوتوویی کرد، پێویستە ئەو مافەیان (مافی دەنگدانی زیاتر) هەبێت“، بەڵام هەموو یاسا مۆدێرنەکان لەگەڵ ئەوەدان کە مافی دەنگدان بۆ هەموان (یەکسان) بێت، (هەر وەک ئەوەی کە لە بەندی چلوهەشتەمی یاسای بنەڕەتیی ئێستای ئیتاڵیادا هاتووە).

## ١٤
## لیبرالیزم و دیموکراسی لە ئیتاڵیا

لیبرالیزمی میل ڕەگوڕیشەیەکی تەواو باوکسالارانەی تێدا بوو و لەسەر نموونە و ئۆلگۆیەکی ڕۆشن و یەکسانیخوازانە لە دیموکراسیدا جێگیر نەبوو، بەڵام کار و خەباتی ئەو بۆ بەرجەستەکردن و ئاوێتەکردنی لایەنە باش و سوودمەندەکانی ئەندێشەی لیبراڵ و ئەندێشەی دیموکراسی بوو. هەرچەندە هەم لیبراڵەکان و هەم دیموکراتەکان، ئێستاشی لەگەڵ بێت، هەروا خۆیان لە بزاڤ و دەستە و گرووپی سیاسیی جیاجیادا ڕێک دەخەن و تەنانەت هەندێک جار ڕەنگە لە هەمبەر یەکدییشدا ڕابوەستن، بۆ نموونە: لیبراڵەکان دژی دەستدرێژییە بەردەوامەکانی دەوڵەت ڕادەوەستن و ئەوە بە هەنگاو و پرۆسەی بەدیموکراتیکبوون دەزانن، یان دیموکراتەکان لە دژی درێژەدان بە ژیانی ئۆلیگارشییە سیاسییەکان و نایەکسانییە ئاشکراکانی ئابووری خەبات دەکەن و ئەوە بەو کۆسپ و تەگەرانە دەدەنە قەڵەم کە دەوڵەمەندەکان دەیخەنە سەر ڕێی ڕەوتی بەدیموکراتیکبوون. دەشێت ناکۆکیی نێوان لیبرالیزم و دیموکراسی لە ڕوانگەیەکی دیکەشەوە تاوتوێ بکەین:

پەیدابوونی تیۆری لیبراڵ پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ شیکردنەوە و تاوتوێکردنی ئابووریی ئەو کۆمەڵگەیانەی کە لەسەر تاکڕەوی بنیات نراون، لە کاتێکدا پەیدابوونی تیۆری دیموکراتیک زیاتر لەگەڵ شیکردنەوە و تاوتوێکردنی سیاسەتی ئەو کۆمەڵگەیانە، یان دەزگا و دامەزراوەکانیان پەیوەندیی هەیە. هەرچۆنێک بیگرین، لە سەرلەبەری سەدەی نۆزدەیەمدا لیبرالیزم و دیموکراسی هەر یەکە هەڵگر و چاودێری تیۆر و ڕەوتێکی ناکۆک بە ئەوەی دیکە بوون. لیبراڵەکان پشتیوانییان لەو هەوڵانە دەکرد کە بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکان دەدران و پەیوەست بوون بە (چاخی گەڕانەوە) و لە هەوڵ و خولیای دیموکراتەکان بۆ (چاخی شۆڕش) دڵگران و بەدگومان بوون، بەڵام دیموکراتەکان لەو بڕوایەدا بوون کە چاخی گەڕانەوە ڕەوتی ڕزگاربوونی خەڵکی (کە لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی فەڕەنسا دەستی پێ کردبوو)، تووشی چەقین و ڕاوەستانێکی خێرا کردووە، ئەوان لەو سۆنگەیەوە میانڕۆیی لیبراڵەکانیان ڕەت دەکردەوە. بەر لە پەیدابوونی حزبە سۆسیالیستەکان، ئەندام پەرلەمانەکان سەر بە یەکێک لە دوو حزبی کۆنزەرڤاتیڤ، یان پێشکەوتنخواز بوون و کەم یان زۆر سیمای ئەو دوو دەستەبەندییە ناکۆکەی نێوان پەرلەمان لەگەڵ ڕیزبەندیی لیبراڵەکان و دیموکراتەکان لە بەرامبەر یەکدی پێک دەچوو.

دەشێت بە وردبوونەوە و تاوتوێکردنی کێشمەکێشەکانی نێوان ئەو دوو بەرەیە، باشتر گۆڕانکاری و دیالێکتیکی سیاسەتی ئەوکات تێ بگەین. هەرچەندە لە بریتانیا کە بە زادگای سیستمی پەرلەمانی و حکومەتی دووحزبی دەژمێررێت، ئەو دوو گرووپە (بەگوێرەی ناوهێنانیان لە سەرەوە) خۆیان بە کۆنزەرڤاتیڤ و لیبراڵ ناو دەبرد (ئەو ناوانە سەرەڕای هەندێک گۆڕانکاری کە بەپێی تێپەڕینی زەمەن لە بەرنامەکانیاندا هاتووەتە دی، هێشتا هەر ماونەتەوە).

یەکێک لەو فاکتەرانەی کە وردەوردە زەمینەیان بۆ نەریتەکانی لیبراڵ و دیموکراتیک فەراهەم کرد، سەرهەڵدانی حزبە سۆسیالیستەکان و لەوەش گرنگتر، هاتنەسەرکاری ئەو حکومەتانەی سەدەی بیستەم بوو، کە نە لیبراڵ بوون و نە دیموکراتیک: حکومەتە فاشییەکان و ئەو حکومەتەی کە لە ئاکامی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ڕوسیا هاتە سەر کار. لەو ڕێڕەوەدا جیاوازییەکانی پێشووی نێوان لیبرالیزم و دیموکراسی بە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ دیاردەی تازەی تۆتالیتاریزم لە سەدەی بیستەمدا، هێواش هێواش بوون بە جیاوازییەکی لاوەکی لە بارودۆخی سیاسی و مێژوویی نوێی ئەم سەردەمەدا.

لە ئەندێشەی سیاسیی ئیتاڵیاشدا (کە درێژەدەری تێڕوانینە گشتییەکانی ئەندێشەی سیاسیی ئەورووپا، بە تایبەت

فەڕەنسایە) لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا ناکۆکییەکی زۆر لە نێو ڕێبازە فیکرییەکانی لیبراڵ و دیموکراتیکدا لە ئارادا هەبوو.

ئەو ناکۆکییە بە هاتنی (ماتسینی) بۆ نێو گۆڕەپانی سیاسیی ئیتاڵیا زیاتریش قووڵ بووەوە و ڕەنگی گرت. ماتسینی نووسەر و بانگەشەکارێکی سیاسیی چالاک بوو و لە دەرەوەی ئیتاڵیاش وەک یەکێک لە دیارترین نوێنەرانی ئەندێشەی نوێ و دیموکراتیک دەناسرا، ئەو ئەندیشانەی کە بە دژایەتیکردنی حکومەتە دیکتاتۆر و ملهوڕەکان سەرانسەری ئەوروپایان هێنابووە هەژان.

فرانسیسکۆ دی سانکتیس[1] لە هەڵسەنگاندنی کارە ئەدەبییەکانی ماتسینیدا پەنجەی خستەسەر هێڵە گشتییەکانی جیاوازیی نێوان تیۆری لیبراڵ و تیۆری دیموکراتیک و جەختی لەوە کردەوە کە ئەو دوو ڕەوتە گیانێکی تازەیان خستەوە بەر ئەندێشەی کۆمەڵایەتیی ئیتاڵیا لە سەدەی نۆزدەیەمدا. هەرچەندە (دی سانکتیس) بایەخی زیاتری بە لایەنی ئەدەبیی ئەو دوو ڕەوتە فیکرییە دەدا، بەڵام پێی لەسەر هاوشێوەیی ئەندێشەی لیبراڵ و ئەندێشەی دیموکراتیک دادەگرت، بۆ پێکەوەگونجاندن و دروستکردنی تەبایی لە نێوان ئامانجە سیاسی و ئەخلاقی و دینییەکان و سەرەنجام گەیشتە ئەوەی کە ئەو دوو ڕەوتە

[1] فرانسیسکۆ دی سانکتیس (١٨١٧-١٨٨٣)، ڕەخنەگری ئەدەبیی ئیتاڵیایی و دامەزرێنەری ڕەخنەی ئەدەبیی مۆدێرن لە ئیتاڵیا.

فیکرییە، بە پێچەوانەی گرووپە سەرلەبەر ئەدەبییەکان، نەک هەر کاریگەرییان لەسەر گرووپێکی بچووکی ڕۆشنبیرانی بواری ئەدەب، بەڵکو لەسەر هەموو کۆمەڵگەی ئیتاڵیا دادەنا. جگە لەوە، دی سانکتیس لە باسەکەی خۆیدا سەبارەت بە ماتسینی، ڕۆڵی ئەوی لە گەشەپێدانی هۆشیاریی نەتەوەییدا بەرز نرخاند، چونکە ماتسینی لەو بوارەدا زۆر هانی ڕێکخستن و خستنەسەرپێی بزووتنەوەیەکی لە لاوانی چەپگەرا دابوو، بزووتنەوەیەک کە هەوڵەکانی خۆی بۆ ئەوە تەرخان کردبوو وڵات بەرەو گرتنەبەری ڕێگە و شێوازی نوێ ڕێنوێنی بکات و «دیدگایەکی تازە بۆ کۆمەڵانی خەڵک و چەمکێکی نوێ لە پرسە نەتەوەییەکان، کە جیاواز بێت لەگەڵ چەمک و باوەڕی کۆنی دەستە و تاقمە ڕاستڕەوەکان، بێنێتە کایە، چەمک و تێڕوانینێک کە کراوەتر بێت و کەمتر لەگەڵ دەسەڵاتخوازی و بژاردەگەراییدا ئاویتە بێت.»[55]

دی سانکتیس پێی وابوو کە قوتابخانەی لیبراڵ دەستبەرداری ئامانجی فەیلەسوفی سەدەی حەڤدەیەم لەمەڕ ئازادیی شۆڕشگێڕانە بووە و ئازادی تەنها وەک (بڕوانامە) –شێوە یان ئامرازێکی پەیوەست بە ئازادیی سەرلەبەر شکڵی– لە قەڵەم دەدات، واتە جۆرێک لە ئازادی کە بەگوێرەی ئەو، هەر کەس مافی ئەوەی هەیە ئامانجە تاکەکەسییەکانی خۆی پیادە بکات.

دی سانکتیس لەبارەی قوتابخانەی لیبراڵەوە گوتی:

"مەیدانێکی هاوبەشە کە بە ئامانجی زۆر لەیەکجیا لە بەردەم تاکەکاندا کراوەتەوە. لەو قوتابخانەیەدا خەڵکانێکی زۆر دەبینرێن، پیاوانی ئایینی کە نیگەرانی پاراستنی دەسەڵاتی کڵێسان، کۆنزەرڤاتیڤەکان کە خوازیاری ئازادین بۆ چینە سەردەستەکان. دیموکراتەکان کە داواکاری ئازادین بۆ چیینە هەژارەکان، پێشکەوتنخوازان کە خولیای ئەو ڕێگەیەن سیستمی ئاسایی گۆڕان لە سروشتدا نەشێوێنرێت و تێک نەدرێت."[٥٦]

دی سانکتیس دەیگوت قوتابخانەی دیموکراتیک، بە پێچەوانەی قوتابخانەی لیبراڵ، ئیلهام لە ئامانجەکانی کۆمەڵگەیەک وەردەگرێت، کە لەسەر دادگەریی گشتی و یەکسانیی یاسایی بنیات نراوە، کە لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوودا بە مانای یەکسانیی ڕاستەقینەش لێک دەدرێتەوە. ئازادی بۆ دیموکراتەکان نەک وەک ڕوخسار، بەڵکو وەک ناوەڕۆک تەماشا دەکرا.[٥٧]

دی سانکتیس بە دەرخستنی ئەو دیدگایە دەنووسێت:

"لە هەر جێیەکدا کە نایەکسانی زاڵ و باڵادەست بوو، ئیدی ئازادی تەنانەت ئەگەر لە یاسا و بڕیارنامەکانیشدا بە فەرمی ناسرابێت، بەڵام لە واقیعدا بوونی نابێت. بۆ وەرزێرێک کە ژیانی بە ئاغا یان موڵکدارەوە بەستراوەتەوە، بۆ ئەو کەسەی کە داماوانە چاوی لە بەردەستی سەرووی خۆیەتی، یان بۆ

ڕەعییەتێک کە شەو و ڕۆژ لە کێڵگەدا ڕەنج دەدات و ئارەق دەڕێژێت، هیچ جۆرە ئازادییەک لە گۆڕێدا نییە."[٥٨]

دی سانکتیس دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە تەنها بەو تێڕوانین و ئەندیشانە دەتوانرێت کۆماری گەل[١] بهێنرێتە دی «واتە هێنانەدیی حکومەتێک کە نە لەژێر کۆنترۆڵی تاک یان دەسەلاتی سەرەڕۆییانە و نە لە چوارچێوە و قەڵەمڕەوی تایبەتی چینێکی دیاریکراودایە، بەڵکو حکومەتی هەموانە.»[٥٩]

ئەو دەوڵەتەی کە سەرلەبەری ئازادی وەک ئامراز دەداتە قەڵەم، دەوڵەتێکی زۆر خەمسارد و تاکخواز دەبێت، بەلام (کۆماری گەل)، واتە ئەو دەوڵەتەی کە هیی هەموانە، ناشێت هیچ یەک لەو تایبەتمەندییانەی هەبێت کە باس کران، بە پێچەوانەوە ئامانجی سەرەکی بریتی دەبێت لە هۆشیاری و ڕاهێنانی گەل، بە تایبەتی دوای پرۆسەی پڕ هەڵبەزودابەز و دژواری یەکێتی و یەکخستنەوەی وڵات.

سەربای ئەوانە، هەر وەک لە ڕەوتی ڕابوون[٢]دا دەرکەوت، دەتوانین نموونەیەکی باش لەو ڕووبەڕووبوونەوە سەرسەختانەیەی حاڵ و هەوای ئەوکاتی ئیتاڵیا لە دوو ڕوخساری جیاوازی کاڤۆر[٣] و ماتسینی بەدیدا بکەین.

---

1 Res publyca

٢ ڕابوون: بووژاندنەوەی ئایین لە ئیتاڵیا کە بە یەکێتیی نەتەوەیی ئیتاڵیا گەیشتە ترۆپکی خۆی.

٣ کاڤۆر (١٨١٠-١٨٦٨)، ئابووریناس و دەوڵەتمەداری ئیتاڵیایی.

کاڤۆر لە تافی لاوێتیدا و لە ئەنجامی خوێندنەوەی نووسینەکانی بێنتام و کۆنستان، بنەماگەلێک فێر بوو کە هەمیشەش پێیانەوە پابەند مایەوە. ئەندێشەی بێنتامی وەرگرت کە پێی وایە تیۆری مافە سروشتییەکان هیچ بناغەیەکی نییە. هەروەها باوەڕی تەواوی بە شایستەیی و بایەخی تیۆری یوتیلیتاریانیزم هەبوو. کاڤۆر زۆر خۆشحاڵ بوو کە خۆی وەک بێنتامییەکی لێبڕاو[٦٠] دەبینی. ماتسینی لە دووتوێی کتێبی (سیستمەکان، دیموکراسی و ڕامانەکان – ١٨٥٠)دا، کە یەکێک لە هەمەلایەنترین ئەو شیکردنەوانەیە لەبارەی تێزەکانی خۆیەوە نووسیویەتی، جەختی دەکردەوە کە دەبێت بێنتام و تیۆرە یوتیلیتاریانییەکانی ئەو بە بناغە و سەرچاوەی بنەڕەتی ماتریالیزمی زاڵ بەسەر ئەندێشەی دیموکراتی و سۆسیالیستی، هەر لە سان سیمۆن[١]ـەوە بگرە تا کۆمۆنیستەکان، بژمێررێت (هەڵبەتە ماتسینی ئاماژە بۆ هەموو کەس جگە لە مارکس و ئینگڵس دەکات). ماتسینی دەڵێت: (بێنتام ڕوخساری بنەڕەتیی ئەو قوتابخانەیە و ڕێکخەر و بنیاتنەری بنەماکانیەتی)[٦١] و هەموو ئەو کەسانەش کە (یوتیلیتاریانیزم بە پیرۆز دەدەنە قەڵەم)، لە ڕیزی پەیڕەوانی ئەودان. ماتسینی لە بەرامبەر تیۆری یوتیلیتاریانیزمی بێنتامدا چەمک و دەستەواژەی وەک ئەرک و گیانبازی لەپێناو هێنانەدیی ئامانجە پیرۆزەکانی مرۆڤایەتیدا

[١] هێنری دو سان سیمۆن (١٧٦٠–١٨٢٥)، یەکێک لە فەیلەسوف و بنیاتنەرانی سۆسیالیزمی فەڕەنسی.

دەخاتە ڕوو:

"نا، دیموکراسی ناتوانێت بە یارمەتیی چەمک و دەستەواژەی وەک بەرژەوەندی و چێژ، ڕێگەکانی خێروخۆشی و سەلامەتیی ژیانی کۆمەڵگە بدۆزێتەوە. لە ڕوانگەی تیۆرییەوە مایەی تێبینیکردنە کە دەوڵەمەندەکان، بەو پێیەی لە ئاسوودەیی و ئاسایشی تەواودا دەژین، ناتوانن ڕەنج و نەهامەتیی هەژاران دەرک بکەن و بیر لە پێویستیی ڕێگەچارەیەکی خێرا بکەنەوە بۆیان."[٦٢]

کاڤۆر، کە ستایشکەری تۆکوڤیل بوو، وەک ئەو لەو پێشڕەوییە خێراییەی مرۆڤایەتی بەرەو دیموکراسی نیگەران بوو. تۆکوڤیل وەک وەزیری دەرەوەی کۆماری فەڕەنسا، لە ساڵی ١٨٤٩ بەدواوە دڵنیابوونی خۆی لەسەر ناکامیی (کۆماری ڕۆما) دەربڕی. ماتسینی لە نامەیەکی توند و ڕەخنەگرانەدا کە بۆ تۆکوڤیل و فالۆ[١]ی هاوتای نووسی، ئەو دوانەی بەوە تاوانبار کرد کە: «تازەترین ئەندامی قوتابخانەیەکن کە سەرەتا لە بواری هونەرییەوە بە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی لەدینلادەرانە، ژیانی خۆیان دەست پێ کرد و ئێستاش بە دوای وەدەستهێنانی هێزن بۆ گەیشتن بە دەسەڵات.»[٦٣] بەڵام کاڤۆر لایەنگری نەرمونیانی و میانڕۆیی بوو، هەڵوێستێکی ورد و ژیرانەی گرتە بەر: هەڵوێستێک لە نێوان کۆنەپەرستی و شۆڕشدا.

[١] فریدریش ئالفرێد پیر دو فالۆ (١٨١١-١٨٨٦)، وەزیری دەوڵەت لە کۆماری فەڕەنسا دوای شۆڕشی ١٨٤٨.

ماتسینی هەروەها شێلگیرانە بەرامبەر بە شۆڕشی نەتەوەیی وەفادار مایەوە و بێپەردە لایەنی یەکێک لەو دوو جەمسەرەی گرت، کارێک کە لایەنگرانی لیبراڵ هەر سیاسەتێکی نەرمیان لەبارەیەوە ڕەت دەکردەوە. کاڤۆر لێکۆڵیاری زانستی ئابووری و ستایشگەری ئابووریناسانی گەورە، هەر لە سمیسەوە بگرە تا ڕیکاردۆ[1] و لایەنگری پڕجۆشوخرۆشی تیۆری ئابووریی ئازاد و بازرگانیی ئازاد بوو، واتە هەمان ئەو تیۆرەی کە ماتسینی بەوپەڕی توندی و سەرسەختییەوە دژایەتیی دەکرد.

ماتسینی پێی وابوو کە ڕۆڵ و بەرپرسێتیی پەروەردە و ڕاهێنانی دەوڵەتی، ناکۆکە لەگەڵ تیۆری لیبراڵ سەبارەت بە دەوڵەت، چونکە لە تیۆری لیبراڵدا دەوڵەت بەڵایەکی پێویستە، کە کار و چالاکی و قەڵەمڕەوەکانی دەبێت لە چوارچێوەی داکۆکی و پارێزگاریکردن لە دەوڵەتدا سنووردار بکرێن. بۆ لیبراڵێکی تا سەرئێسقانی وەک کاڤۆر، هیچ شتێک لەو پەلاماردانەی ماتسینی ناخۆشتر نەبوو کە دەیکردە سەر ئەو ئەندێشەیە، ئەندێشەیەک کە بەپێی ئەوە، دەبوایە دەوڵەت "هیچ جۆرە ئیختیار و دەسەڵاتێکی لە بەردەستدا نەبێت کە پێیەوە ببێتە سەرچاوەی کار و بڕیار و دەبێت لە چوارچێوەیەکی زۆر بەرتەسک و سنوورداردا ژیان و چالاکیی خۆی بکات." ماتسینی دەڵێت: باڵادەستبوونی ئەو ئەندێشەیە هەلومەرجێک

[1] دیڤید ڕیکاردۆ (١٧٧٢-١٨٢٣)، ئابووریناسی کلاسیکی ئینگلیزی کە مارکسیش زۆر کاریگەریی ئەوی بەسەرەوە بوو.

دێنێتە کایە کە:

"لەبری کۆمەڵگە، چەند تاکێکی لەیەکجیا لە ئارادا دەبن، چەند تاکێکی کەم و دەستەپاچە، هەریەکە بە دوای ئامانجی تایبەتی خۆیەوە دەبێت و هەموان لە هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی شێوازی ژیانی خۆیاندا ئازادن، جا ئەو شێوازە چ لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی گشتیدا بێت یان نەبێت. لە سیاسەتیشدا وەک لایەنی ئابووری ڕێگەچارەی بنەڕەتیی ئەو ڕێبازە هزرییە، سیاسەتی ئازادیبەخشین[1] و دەرگای والآ و سنوورە کراوەکان[2].»ـە[64]

بەم شێوەیە، کاڤۆر کە باوەڕی بە پێکەوەگونجاندنی لەسەرخۆی دەزگا و بنەماکان لەگەڵ نیاز و پێداویستییە لەگۆڕانهاتووەکانی کۆمەڵگە هەیە، نەیدەتوانی لایەنگری لە شۆڕشگێڕێتیی ئایدیالیستیانەی ماتسینی بکات.

ماتسینی خەبات و گیانبازیی لە جێی پێوانە سادە و مەعقوڵەکانی سوودمەندی دانا و لەبری جەختکردن لەسەر مافەکانی تاکەکەسی، کە پەیوەندییان بە ڕۆشنگەرییەوە هەیە، پێی لەسەر یاسای وشکی ئەرکسازی دادەگرت. (ڕۆمیۆ) دەڵێت:

"کاڤۆر کە پابەندە بە پرەنسیپە بێنتامییەکانی خۆیەوە، لەو باوەڕەدا بوو کە پێشکەوتنی ئابووری نەک هەر لەگەڵ پێشکەوتنی ئەخلاقی و مەعنەویدا ناکۆک نییە، بەڵکو لە ڕاستیدا

---

[1] (Laissez-faire): سیاسەتی ئازادیبەخشانە.
[2] (Laissez passer): سنوورە کراوەکان.

پێ بە پێی ئەویش دەچێتە پێشەوە."[65]

بـە پێچەوانەی ئـەوە، ماتسینی لـەسـەر پرەنسیپە دژە بێنتامییەکانی خـۆی وەفـادارە و پێی وایـە کـە پێشکەوتنی مەعنەوی مەرجی پێشکەوتنی ئابوورییە. بە بڕوای ماتسینی، تیۆر و خولیاکانی خۆشی و خۆشگوزەرانی کە لە قوتابخانەی یوتیلیتاریانیزمەوە سەرچاوەیان وەرگرتووە، زەمینە بۆ جۆرە ڕێبازێکی خۆسەری[1]ی ماتریالیستی فەراهەم دەکەن. ئەو لەو بارەیەوە دەڵێت: «کەوایە، ئەوەی پێویستە، بنەمای پەروەردە و ڕاهێنانی بـەهـادارانـەتـرە... بنەمای دیاریکردنی ئـەرک و وەزیفەیە.»[66]

[1] خودسەری، خۆبەڕێوەبەری، کە ئێستا لە ڕۆژئاوای کوردستان پیی دەگوترێت خۆسەری.

## ١٥
## دیموکراسی و پەیوەندی بە سۆسیالیزمەوە

گەرچی ئامانجەکانی لیبرالّ و دیموکراتیک لە میانەی مێژووی پڕ لە هەڵبەزودابەزی خۆیاندا، هێواش هێواش ئاوێتەی یەکدی بوون، بەڵام ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان لیبرالیزم و دیموکراسی هەر وەک ڕابوردوو هەر توندە و تەنانەت ڕەنگە بتوانین بلّێین ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە لەم ساڵانەی دواییدا توندتر و دژوارتریش بێت.

ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە لە سەدەی نۆزدەشدا هەر توند بوو و بە سەرهەڵدانی دیاردەیەک لە نیوەی دووەمی ئەو سەدەیەدا توندتریش بووە، کە ئەویش سەرهەڵدان و هاتنی بزووتنەوەی کرێکاری بوو بۆ نێو مەیدانی سیاسی، بزووتنەوەیەک کە سەرچاوە و ئیلهامی لە تیۆری سۆسیالیستییەوە وەردەگرت. تێڕوانینەکانی سۆسیالیزم لەگەڵ لیبرالیزمدا ناکۆک بوون، هەرچەندە لانیکەم بەشێکی گەورە لە بزووتنەوەی کرێکاری لە نێویاندا حزبی کرێکارانی بریتانیا و سۆسیال دیموکراتەکانی ئەڵمانیا و بە شێوەیەکی گشتی باڵی ڕیفۆرمخوازی ئەو بزووتنەوەیە، شێوازەکانی دیموکراتیکیان ڕەت نەکردەوە،

بێگومان پەیوەستکردن و لەگەڵ یەک گونجاندنی ئامانجە دیموکراتیکەکان و ئامانجە ڕەسەنەکانی لیبراڵ کارێکی سەخت و مایەی مشتومڕێکی زۆر بووە و تەنانەت ئەو لێکنزیکبوونەوەیەی لیبرالیزم و دیموکراسییش لە میانەی پرۆسەیەکی لەسەرخۆ، دەردناک و پڕ هەوراز و نشێو بووە، بەڵام وێڕای ئەوەش، هەر وەک دیتمان، لیبرالیزم و دیموکراسی هیچ کات دژایەتییەکی سەرەکییان لەگەڵ یەکدا نەبووە، بەڵام هەر لە سەرەتاوە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئاشکرا لە نێوان سۆسیالیزم و لیبرالیزمدا دروست بوو. ئەوە هەر تایبەتیش نەبوو بە سۆسیالیزمی مارکسیستی یان مارکسیزم بە تەنێ، کێشەی بنەڕەتیی پێکداهەڵشاخانی ئەم دوانە، کێشەی ئازادیی ئابووری بووە کە داکۆکیی بێچەندوچوونی لە خاوەنێتیی تایبەتی وەک پێویستییەک دادەنا. وێڕای ئەو پێناسە جیاجیایانەی، کە لە سەدەی نۆزدەدا سەبارەت بە سۆسیالیزم خرانە ڕوو، پێوەرێکی دیکەی جێگیر، تایبەت و لێبڕاو، سۆسیالیزم لە تیۆر و ڕێبازەکانی دیکە جیا دەکاتەوە:

لەقاودانی خاوەنێتیی تایبەتی، وەک سەرچاوەی بنچینەیی (نایەکسانیی نێوان کەسەکان) – پێناسەی ڕۆسۆ لە کتێبی بەناوبانگی گوتار[1] و هەروەها لەنێوبردنی هەموو، یان بەشێکی ئەو خاوەنێتییە، وەک ئامانجی کۆمەڵگەی داهاتوو.

[1] مەبەست پەیامی (گوتار)ە سەبارەت بە سەرچاوە و بنەمای نایەکسانیی نێوان خەڵک.

زۆر لە نووسەرە سۆسیالیستەکان و زۆربەی ئەو بزووتنەوانەیش کە هێز و ئیلهامیان لە سۆسیالیزمەوە وەردەگرت، لیبرالیزمیان (بە ڕاست یان بە چەوت، هەرچەندە بە مانای گشتییە مێژووییەکەی، ڕاست) لەگەڵ پابەندبوون بە داکۆکیکردن لە ئازادیی ئابووری و خاوەنێتیی تاکەکەسی، وەک تەنیا دابینکەری خاوەنێتیی تایبەتی بە یەک شت دادەنا. ئەوکات ئازادیی ئابوورییان بۆ بەرجەستەبوون و چەکەرەکردنی ئازادییەکانی دیکە بە شتێکی پێویست دەزانی. ئەوەی کە بزاڤی سۆسیالیستی لە تێڕوانین و ڕێبازی بۆرژوایی سەبارەت بە مێژوو، وەک میراتێک وەری گرت، هەڵهێنجانێکی چینایەتی بوو لەمەڕ مێژوو، کە بەگوێرەی ئەو هەڵهێنجانە، چینەکان مێژوو دروست دەکەن و پێشکەوتنی مێژوو بەرهەم و بەرەنجامی گواستنەوەی فەرمانڕەوایی چینێکە بۆ چینێکی دیکە. لەو هەڵهێنجانەدا، لیبرالیزم ئەو تیۆرەیە کە ئازادیی ئابووری بە بناغەی هەموو ئازادییەکانی دیکە دەزانێت و بەپێی ئەو بنەمایە هیچ کەس بەبێ هەبوونی ئازادیی ئابووری ناتوانێت بە تەواوی ئازاد بێت. بەم شێوەیە، سەرەنجام نووسەرانی سۆسیالیست، لیبرالیزمیان بە ئایدیۆلۆژیای چینی بورژوا، یان بە واتایەکی دیکە، هەمان ئایدیۆلۆژیای حزبی دژبەر لێک دایەوە کە سۆسیالیستەکان بۆ لەنێوبردنی تێ دەکۆشان (ئەو جۆرە هەڵهێنجانە سەبارەت بە لیبرالیزم هەر هیی مارکس نەبوو،

هەرچەندە تیۆری مارکس کاریگەرییەکی زۆر گەورەی لەسەر پرۆسەی دروستبوون و سەرهەڵدانی حزبە سۆسیالیستەکانی کیشوەری ئەورووپا، "جگە لە ئینگلیستان"، بە تایبەتی لە ئەڵمانیا و ئیتاڵیا دانا).

هەرچۆنێک سەیری بکەین، چ تەرحی سۆسیالیزم بۆ کۆمەڵگەی داهاتوو وەک پێوەر وەربگرین و چ پێگە و کاریگەرییەکەی وەک ئایدیۆلۆژیای چینایەتی، کە بڕیار وایە لە پرۆسە و ڕەوتی پێشکەوتنی مێژوودا شوێنی بورژوازی بگرێتەوە، بەو پێوەرە دابنێین لە هەردوو حاڵەتدا، لیبرالیزم و سۆسیالیزم بە ئاشکرا دوو دژەتێز بوون، ئەمە لە کاتێکدا کە سۆسیالیزم و دیموکراسی، هەر وەک دیموکراسی و لیبرالیزم، تەواوکەری یەکدی بوون. بەم شێوەیە، گەرچی سۆسیالیزم و لیبرالیزم لەگەڵ یەکدی ناکۆک بوون، بەڵام وردەوردە سۆسیالیزم و دیموکراسی لە یەک نزیک بوونەوە.

بۆ ئەمە دوو پاساو سەبارەت بە پشتیوانیی ئەو پێکەوەگونجان و کۆکبوونەوەی سۆسیالیزم و دیموکراسی، تەنانەت ڕۆڵی تەواوکەرانەی هەر یەکێک لەوانە بۆ ئەوەی دیکە خرانە ڕوو:

یەکەمیان: ئەوەی کە پێشکەوتنی ڕەوت و بەرەنجامی بەدیموکراتیکبوون، خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی پەیدابوونی کۆمەڵگەی سۆسیالیستی، یان لانی کەم دەبێتە هۆی هەموارکردنی

ڕێگەی پێکهێنانی ئەو کۆمەڵگەیە، ئەو کۆمەڵگەیەی کە لەسەر بناغەی گۆڕینی خاوەنێتیی تایبەتی و بەسۆسیالیستکردنی لانی کەمی ئامرازە بنچینەییەکانی بەرهەمهێنان بنیات دەنرێت.

دووەم: ئەوەی کە تەنها بە پیادەکردنی سۆسیالیزم دەشێت بەشداریی خەڵک لە ژیان و پرۆسەی سیاسیدا بەهێز بکرێت و برەوی پێ بدرێت و دیموکراسیی تەواو بهێنرێتە دی.

جگە لەمانەی باس کران، یەکێک لە ئەرک و بەڵێنەکانی دیکەی ئەو دیموکراسییە تەواوە، دابەشکردنی یەکسانانەی (یان یەکسانییەکی زیاتر)ی نەک هەر دەسەڵاتی سیاسی، بەڵکو دەسەڵاتی ئابووری بوو، شتێک کە دیموکراسیی سەرلەبەر لیبراڵ، هیچ کات نەیتوانیبوو دەستەبەری بکات. ئەو دوو تێزە بناغەی ئەو پاساوە بوون کە پەیوەندیی پێکەوەگونجانی دیموکراسی و سۆسیالیزمیان لەسەر هەڵچنرا. لایەنە گرنگەکانی بزاڤی سۆسیالیستی ئەو پەیوەندی و پێکەوەگونجانەیان وەک مەرجێکی پێویست بۆ هێنانەکایەی کۆمەڵگەی سۆسیالیستی دایە قەڵەم، ئەمە لە کاتێکدا کە بزاڤە دیموکراتیکەکان ئەو پەیوەندییەیان بە مەرجی گەشەپێدان و فراوانکردنی دیموکراسی دەزانی.

هەڵبەتە ئەوە بەو مانایە نییە، کە پەیوەندییەکانی نێوان دیموکراسی و سۆسیالیزم هەموو دەمێک کۆک و بێگرێوگۆڵ بووبن... لە ڕاستیدا، ئەمانەش وەک لیبرالیزم و دیموکراسی لە

هەندێک پرسی دیاریکراودا، کێشە و ململانێیەکی زۆریان لەگەڵ یەکدیدا هەبووە.

لە سەدەی نۆزدەدا ڕوون و ئاشکرا بوو کە دیموکراسی و سۆسیالیزم لە پەیوەندییەکی ڕووبەڕوانەدا یەکدییان بەهێز دەکرد، بەڵام ئەوەی مایەی پرسیار بوو، ئەوە بوو کە داخۆ گۆڕان پێویستە لە چ خاڵێک لەم دوانە دەست پێ بکرێت؟ دەستپێکردن لە دیموکراسییەوە، واتە گەشەپێدانی بوار و مەیدانی کاری دیموکراسییانە بە مانای قبوڵکردنی خەسڵەتی لەسەرخۆ و نادیاری مەودای پێشکەوتن بوو، بەڵام ئایا وەرگرتنی هەڵوێستی بەرامبەر و هەنگاونانی شێلگیرانە لە ڕێی گۆڕانکاریی سۆسیالیستانەی کۆمەڵگە، واتە هەنگاوی چۆنایەتی و شۆڕشگێڕانە، (کە ئەوە لانی کەم پێویستی بە هەڵپەساردنی کاتیی شێوازە دیموکراتیکەکان هەبوو) کارێکی پەسەند و شیاو و ڕێگەپێدراو بوو؟

بەم تەرزە، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە بەدواوە، ناکۆکیی نێوان لیبرالیزم و دیموکراسی کەوتە ژێر کارتێکردنی ململانێیەکی تازەوە: ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان داکۆکیکەرانی دیموکراسیی لیبراڵی (کە زۆریان دژی سۆسیالیزم یەکیان گرتبوو و سۆسیالیزمیان بە ڕەتکەرەوەی لیبرالیزم و دیموکراسی دەزانی) لە لایەک و سۆسیالیستەکان، جا چ دیموکرات و چ نادیموکرات، لە لایەکی دیکە. لە نێو

سۆسیالیستەکاندا هیچ جیاوازییەک سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی لیبرالیزم نەبوو. هەموویان لە ناکۆکی لەگەڵ لیبرالیزمدا هاودەنگ بوون، بەڵام سەبارەت بە بایەخ و کارتێکردنەکانی دیموکراسی، لایەنی کەم لە ماوەیەکی کورتدا، هەر دوای گەیشتن بە دەسەڵات بیروڕای جیاوازیان لە نێواندا هەبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا، دڵەڕاوکێی گونجان و نەگونجانی شێوازەکانی دیموکراتیک لەو قۆناغەی کە پێی دەگوترێت قۆناغی گواستنەوە، هەرگیز بە هیچ شێوەیەک پابەندیی حزبە سۆسیالیستەکانی بە ئەندێشە و پرەنسیپە بنچینەییەکانی دیموکراسی لەق نەکرد. ئەو حزبانە پێیان وابوو کە لە کۆمەڵگەی سۆسیالیستیدا چاکتر دەتوانرێت دیموکراسی بۆ پێشەوە ببرێت و کۆمەڵگەی سۆسیالیستی کە لە ئەنجامی پەیدابوون و گەشەی سەرمایەدارییەوە هاتووەتە کایەوە و کەوتووەتە سەرپێ، لە کۆمەڵگەی لیبراڵ دیموکراتیکتر دەبێت. بە توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی زۆر نووسین و بابەتی سەدەی نۆزدەیەم، لایەنی کەم دەتوانین ئاماژە بۆ سێ بەڵگە بکەین کە دیموکراسیی سۆسیالیستیی لە دیموکراسیی لیبراڵ باشترە:

١- دیموکراسیی لیبراڵ، یان بە دەربڕینێکی جێی باستر، دیموکراسیی سەرمایەداری (بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجە مێژووییەکانی پەیدابوونی) و دیموکراسیی بۆرژوای یەکەم جار لە پێکهاتەکانی دیموکراسیی نوێنەرایەتیدا سەریان هەڵدا،

که لە وەها پێکهاتەگەلێکدا نوێنەران بە هیچ شێوەیەک گرێدراو و پابەندی فەرمانی دەنگدەران نەبوون، ئەمە لە کاتێکدا کە دیموکراسیی سۆسیالیستی، یان بە دەربڕینێکی چینایەتی، دیموکراسیی پرۆلیتاریا، دەبێت دیموکراسییەکی ڕاستەوخۆ بێت، نەک نوێنەرایەتی، جا ئەوە چ بە شێوەی دیموکراسیی هەموو خەڵک بەبێ هەڵبژاردنی نوێنەر بێت و چ بە شێوەی دیموکراسیی بنیاتنراو لەسەر نوێنەرایەتیی گوێڕایەڵی (واتە نوێنەران فەرمان لە دەنگدەرانیانەوە وەربگرن و بۆ هەرشتێک بگەڕێنەوە لای ئەوان).

٢- دیموکراسیی بۆرژوازی، لە ڕێی پەرەدان بە مافی دەنگدان بۆ هەموو پیاوان و ژنان، بەشداریکردنی خەڵکی لە دەسەڵاتی سیاسی، ناوەندی و ناوچەییدا مەیسەر کردووە، بەڵام تەنها دیموکراسیی سۆسیالیستییە کە بواری بەشداریکردنی خەڵک لە وەرگرتنی بڕیارە ئابوورییەکان (کە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا بە شێوەیەکی چەوسێنەرانە پیادە دەکرێن) بۆ خەڵک دەستەبەر دەکات. بەو چوارچێوەیە و بەو مانایە، دیموکراسیی سۆسیالیستی بە کردنەوەی دەرفەتی نوێ و مەیدانی نوێ بۆ پیادەکردنی حکومڕانیی خەڵک (کە گەوهەری دیموکراسییە)، نەک هەر بەشداریی چالاکانەتری ئەوان، بەڵکو فراوانکردن و پەرەسەندنی چوارچێوە و قەڵەمڕەوی ئەو بەشداریکردنە، بۆ ژمارەیەکی زۆرتری خەڵک دابین دەکات.

٣– دواجار لە هەموو ئەوە گرنگتر ئەوەیە کە دیموکراسیی لیبراڵی مافی بەشداریی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لە بڕیاردانە سیاسییەکاندا مەیسەر دەکات، بەڵام ئەو مافە لەگەڵ یەکسانیی زیاتر لە دابەشکردنی دەسەڵاتی ئابووری هەماهەنگ و هاوجووت نییە، لەو حاڵەتەدا مافی دەنگدان زیاتر لە سەرابێک دەچێت و چیتر نا. بە پێچەوانەوە، لە دیموکراسیی سۆسیالیستیدا دابەشکردنی یەکسانانەی دەسەڵاتی ئابووری، بە یەکێک لە ئامانجە بنچینەییەکانی ئەو گۆڕانکارییە دەژمێررێت کە ئەو دیموکراسییە دەیەوێت بنەمایەک لە سیستمی ئابووریی کۆمەڵگە بێنێتە ئارا و لەو ڕێــڕەوەدا بەشداریی شکڵیی خەڵک بگۆڕێت بۆ بەشدارییەکی ڕاستەقینە و ناوەڕۆکدار و دیموکراسیی ڕاستەقینە، واتە یەکسانیی هەرچی زیاتر لە نێوان تاکەکاندا پیادە و جێبەجێ بکات.

بەم شێوەیە، هەم بزاڤی لیبراڵ و هەم بزاڤی دژی لیبراڵ، واتە بزاڤی سۆسیالیستی، ئامانجی دیموکراسیان قبوڵ کردووە و ئەو قبوڵکردنە خۆی لە پەیدابوون و پێکهاتنی حکومەتە لیبراڵ–دیموکرات و سۆسیال–دیموکراتەکاندا دەنوێنێت (هەرچەندە ئێمە هێشتا حکومەتێکی "سۆسیال–دیموکرات"مان نەبووە و نەدیوە و هێشتا دەبێت چاوەڕێی ئەو حکومەتە بین کە هەم دیموکراتیک بێت و هەم سۆسیالیست).

ڕەنگە ئەوانەی باس کران، بمانگەیننە ئەو دەرەنجامەی کە لە دوو سەدەی ڕابوردوودا، دیموکراسی (لە ڕووی ئابووریی سیاسییەوە) بە ڕوخساری هاوبەشی گشت حکومەتەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو بزانین، بەڵام ناکرێت سووک و سادە پێمان وابێت کە چەمکی دیموکراسی لە میانەی پرۆسەی گواستنەوەی لە دیموکراسیی لیبراڵییەوە بۆ دیموکراسیی کۆمەڵایەتی یەکسان مابێتەوە.

لە دوانەی (لیبرالیزم–دیموکراسی)دا دیموکراسی واتە دەستەبەربوونی مافی دەنگدان بۆ هەموان و دواجار ئامرازێکە بۆ دەربڕین و خستنەڕووی ئازادانەی خواستی هەر تاکێک.

لە دوانەی (سۆسیالیزم–دیموکراسی)یشدا، دیموکراسی واتە ئامانجی یەکسانیخوازانە، کە بەدەستهێنانی تەنها لە ڕێی ڕیفۆرمی سۆسیالیستانەی خاوەنێتییەوە مەیسەر دەبێت.

دیموکراسی لە حاڵەتی یەکەمیدا دەرەنجامێکە و لە حاڵەتی دووەمیشدا پێشمەرجە، لە حاڵەتی یەکەمدا، دیموکراسی بەدوای پیادەکردنی ئازادییە سیاسییەکاندا دێت و ئەو ئازادییانە تەواو دەستەبەر دەکات. لە حاڵەتی دووەمدا دیموکراسی دەبێت خۆی پێ بگات و تەواو بێت ئەوەش تەنها بە گۆڕینی دۆخی کۆمەڵگە مەیسەر دەبێت، کارێک کە سۆسیالیزم لە ڕێگەی گۆڕانسازیی کۆمەڵگەی سەرمایەدارییەوە خەریکی جێبەجێکردنیەتی.

بە ڕوونـی دەتوانین نارۆشنیی چەمکی دیموکراسی لە ڕەوتـی نـاسـراو بـە (سۆسیال–دیموکراسی) کـە بنیاتنەری دەوڵەتی خۆشگوزەران[١] بووە، بەدی بکەین.

سۆسیال–دیموکراسی بانگەشەی ئەوە بۆ خۆی دەکات، کە پێشکەوتنێکی گرنگی لە دیموکراسیی لیبراڵیدا هێناوەتە ئارا، چونکە لە ڕاگەیەنراوی مافەکانی خۆیدا نەک هەر مافی ئازادی، بەڵکو مافی کۆمەڵایەتییش بە فەرمی دەناسێت، هەڵبەتە سۆسیال–دیموکراسی ئەمە بە قۆناغی یەکەمی دیموکراسیی سۆسیالیستی دەژمێرێت. نارۆشنیی چەمکی دیموکراسی لە تایبەتمەندێتیی دووڕوانـەی ئەو ڕەخنەیەی کە لێی دەگیرێت، ڕەنگی داوەتەوە:

لـە ڕوانـگـەی ڕاسـتـڕەوانـەوە، لیبراڵە سەرسەختەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دیموکراسی، ئازادییەکانی تاک کەم و بەرتەسک دەکات، لە کاتێکدا کە لە ڕوانگەی چەپڕەوانەوە، سۆسیالیستە توندڕەوەکان دیموکراسی وەک سازشێک لە نێوان کۆن و نوێدا ڕەت دەکەنەوە و پێیان وایە کە نەک هەر لە خزمەتی هێنانەدیی سۆسیالیزمدا نییە، بەڵکو بە کۆسپێکی دەژمێرن لە ڕێی هاتنەدیی سۆسیالیزمدا.

[١] بۆبیۆ دەستەواژەی ئیتاڵیی (stato deiserrizi)، لە (مانای وشەییدا) بە "دەوڵەتی خۆشگوزەران" بەکار دێنێت و پێی وایە کە ئەو دەستەواژەیە زیاتر لە هەردوو دەستەواژەی (دەوڵەتی خۆشگوزەران) و (دەوڵەتی هاریکار) لە جێی خۆیدایە و باشترە، چونکە ئەو دوو زاراوەیە بە هەڵە، یەکەمیان زۆرتر و دووەمیان کەمتر، جەخت لەسەر لایەنە پۆزەتیڤەکانی ئەو دەوڵەتە دەکەنەوە. (و. ئینگلیزی).

## ١٦
## لیبرالیزمی نوێ

با بۆ سەر باسەکەمان، واتە پەیوەندیی نێوان لیبرالیزم و دیموکراسی، بگەڕێینەوە. گومانی تێدا نییە، کە پەیدابوون و پەرەسەندنی تیۆر و بزاڤە سۆسیالیستییەکان، هەروەها یەکێتییە ئاشکراکانی سەر بەو بزاڤانە و حزبە دیموکراتیکەکان، بوونە هۆی ئەوەی کە کێشمەکێش و زۆرانبازییە دێرینەکانی نێوان لیبرالیزم و دیموکراسی سەرهەڵبدەنەوە.

ئەمە لە کاتێکدا بوو کە پەرەسەندنی گەیشتن بە مافی دەنگدانی گشتی لە پێشکەوتووترینی وڵاتاندا ئومێدی پێکەوەژیانێکی مێژوویی و تۆکمەی لێ دەکرا. سۆسیال دیموکراتەکان پێیان وایە هەر وەک لە بەرنامەی (نێونەتەوەیی دووەم)دا خراوەتە ڕوو، پێشکەوتنی هەنگاو بە هەنگاوی پرۆسەی بەدیموکراتیکبوون، ئەگەر دواجار بە هاتنەکایەی سۆسیالیزم تەواو ببێت، ئایا لەو حاڵەتەدا لیبراڵەکان ئامادە دەبن پشتیوانی لەو پرۆسەیە بکەن؟ لە وەڵامدانەوەی ئەو پێشڕەوییە پێشبینیکراوەی بەرەو سۆسیالیزمدا، لیبراڵەکان ڕاشکاوانە و بە شێوەیەکی یەکلایەنە کەوتنە داکۆکیکردن لە ئابووریی بازاڕ و ئازادیی

سەرمایەگوزاری (لەگەڵ مافی خاوەنێتیی تایبەتی)دا. هەروەها لە ئەندێشەی سیاسیی ئیتاڵیاشدا ئەو باسەیان خستە ڕوو و بە تێڕوانینێکی ئابوورییانە و لە ژێر ناوی بازرگانیی ئازاد[1]دا ناساندیان. سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە لیبرالیزم و سۆسیالیزم چ لە ڕووی هزری و چ لە خستنەڕووی بەرنامەوە، بە دوو ئایدیۆلۆژیای دژبەیەک دەژمێررێن، بەڵام هەمیشەش هەوڵ دراوە ئەو ناکۆکی و دژبەرییە کۆتایی پێ بهێنرێت و ڕێگەیەکی مامناوەندی، یان هەماهەنگی و تێکەڵییەک لەو دوو ڕێبازەدا بهێنرێنە کایە. هەر لە کتێبی ناسراوی (لیبرالیزم)ی هۆبهاوس[2] کە ساڵی ١٩١١ نووسراوە، بگرە تا کتێبی (سۆسیالیزمی لیبراڵی) ی کارلۆ ڕۆسیللی[3] کە ساڵی ١٩٣٠ نووسراوە، ئەو هەڵەیە بە ڕوونی بەدی دەکرێت. هەروەها سۆسیالیزمی لیبراڵ ئەگەرچی لە زۆربەی شوێنەکان بە نەناسراوی مایەوە، بەڵام لە ئیتاڵیادا هەندێک لایەنگری لە دەوری خۆی کۆ کردەوە و لە ماوەیەکی کورتی کار و چالاکییەکانیدا بوو بە ئیلهامبەخش بۆ دەستەیەکی بچووک و دژی فاشیستی بە ناوی (حزبی هەنگاو ٤٢–١٩٤٧).

---

[1] بازرگانیی ئازاد: لە فەرهەنگی سیاسیدا دەستەواژەی (liberismo) مانای تیۆری بازرگانیی ئازاد (لیبرالیزمی ئابووری)یە و دەستەواژەی (leberalism)، مانای لیبرالیزمی سیاسییە.

[2] لیۆنارد هۆبهاوس (١٨٦٤–١٩٢٩)، فەیلەسوف و تیۆریسیەنی سیاسیی ئینگلیزی.

[3] کارلۆ ڕۆسێللی (١٨٩٩–١٩٣٧)، تیۆریسیەنی سیاسی و خەباتگێڕی ئیتاڵیایی کە نووسەری ئەم کتێبەش زۆر لەژێر کاریگەریی هزری ئەو دابووە. ساڵی ١٩٣٧ بە دەستی پیاوکوژانی مۆسۆلینی لە پاریس کوژرا.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ناکۆکی لە نێوان لیبرالیزم و سۆسیالیزمدا هەر توندە و تەنانەت لە دوو دەیەی ڕابوردوودا توندتر و شێلگیرتریش بووە. ئەو پرسە دوو بەڵگەی مێژوویی زۆر ڕوونی هەیە:

یەکەمیان: تایبەتمەندێتیی ئاشکرای نالیبراڵیی ئەو سیستمانەی کە بۆ یەکەمین جار هەوڵیان دا بەگوێرەی تێڕوانینی سۆسیالیستی، گۆڕان لە کۆمەڵگەدا بهێننە کایە.

دووەمیان: سەرهەڵدان و پەیدابوونی توخمگەلی نالیبراڵ لە سیاسەتی ئەو حکومەتانەی کە زیاتر بە تەنگ هێنانەدیی دەوڵەتی خۆشگوزەرانەوە بوون.

لە سۆسیالیستی لیبراڵ (یان لیبراڵ–سۆسیالیزم)ەوە تا ئێستا تەرحێکی تیۆری و وشکوبرینگ هەیە کە بە ئەندازەی ئەو نارۆشنی و دوودڵییەی لە ڕووی تیۆرییەوە هەیەتی، ئەوەندەش جێبەجێکردنی بە شێوەیەکی بنیادی کارێکی سەخت و دژوارە.

جگە لەوە، سۆسیالیزم–لیبراڵ هەندێک جار دەبێتە دەستووری کاری حکومەت (هەڵبەتە نەک تاکە دەستوورێک)، کە تێیدا دەزگای دەوڵەتی لە خزمەتی پاراستنی مافە کۆمەڵایەتییەکان و مافە لیبراڵییەکانی تاکدا دەبن.

بەم شێوەیە، ئەگەرچی پێکەوەگونجاندن و پەیوەندانی لیبرالیزم و سۆسیالیزم ئامانجێکی شیاو و شایستەیە، بەڵام

تاکو ئێستا وەبەر نەهاتووە، ئەوەشمان لە بیر بێت کە لیبرالیزم و داکۆکیکردن لە بازاڕی ئازاد، هەردووکیان شتێکی یەکسانن و ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین. ئەمە و بەبێ لە بەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی باس کرا، ناتوانین دەرەنجامێکی دروست لە یەکێک لە گرنگترین لایەنەکانی ئەو زۆرانبازییە سیاسییەی ئێستای ئەورووپا و ئەمەریکا بە دەستەوە بدەین.

لە ئیتاڵیا سیمای ئەو پرسانە، بە تایبەت لە دوایین ساڵانی تەمەنی ڕژێمی فاشیستی، لە میانەی باسەکانی نێوان کرۆچە و ئیناودی[١]دا ڕوون بوونەوە. ئیناودی وەک ئابووریناسێکی لیبراڵ پێی وابوو کە لیبرالیزمی ئەخلاقی–سیاسی و لیبرالیزمی ئابووری (یان داکۆکی لە بازاڕی ئازاد) دوو شتی لەیەکجیانەکراوەن، بەو مانایەی بەبێ لیبرالیزمی ئابووری، لیبرالیزمی ئەخلاقی–سیاسییش پایەدار نامێنێتەوە. کرۆچە هەرچەندە لە هەندێک ڕووەوە لە ئیناودی کۆنزەرڤاتیڤتر بوو، بە پێچەوانەی ئەوەوە پاساوی دەهێنایەوە کە (ئازادی) ئامانجێکی ئەخلاقییە و بەو پێیە دەتوانرێت لەو سیستمانەشدا بهێنرێتە دی کە ئابووریی لەیەکجیا و جۆراوجۆریان هەیە، بەو مەرجەی ئەو سیستمانە پێشکەوتنی ئەخلاقیی تاک بکەن بە ئامانجی سەرەکیی خۆیان. کرۆچە لەو باسانەدا (ستایش و داکۆکیی شێلگیرانە)ی هۆبهاوسی بۆ سۆسیالیزم پەسەند و پشتڕاست کردەوە.[٦٧]

[١] لیوگی ئیناودی (١٨٧٤–١٩٦١)، ئابووریناس و یەکەم سەرۆککۆماری ئیتاڵیا لە ساڵی ١٩٤٨ تا ١٩٥٥.

بەم جۆرە، ئەگەر مانای هەنووکەی دەستەواژەی لیبرالیزم، بە تایبەت ئەو مانایەی کە ڕێبازە هزرییە جۆراوجۆرە بە ناو (نیولیبراڵەکان) مەبەستیانە لەبەرچاو بگرین، دەردەکەوێت کە دیدگای ئیناودی، ئابووریناسی لیبراڵ، دیدگایەکی ڕاست بووە. ئەمڕۆ نیولیبرالیزم یان کتومت هەڵگری تیۆری ئابووریی پڕ لایەنگرە، کە تێیدا لیبرالیزمی سیاسی تەنها ئامرازێکە بۆ هێنانەدیی لیبرالیزمی ئابووری (ئامرازێک کە تەنانەت هەمیشە پێویست نییە)، یان هەڵگری پابەندبوونێکی بێچەندوچوونە بەرامبەر بە ئازادیی ئابووری کە ئازادیی سیاسی بە دەرەنجامێکی حەتمی ئازادیی ئابووری دەزانێت. فردریش ڤۆن هایک[1]، ئابووریناسی نەمسایی و یەکێک لە تیۆریسیەنە باڵادەستەکان لە پشتیوانیکردن لەو هەنگاوانەی ئێستا بۆ نەهێشتنی دەوڵەتی خۆشگوزەران، لە هەر کەسێکی دی زیاتر پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە ئازادیی ئابووری لەگەڵ (ئازادی) بە (مانا فراوان[2])ەکەی، دوو شتی لەیەکجیانەکراوەن. هەر لەبەر ئەوەش، جەختی لە گرنگیی جیاوازیدانان لە نێوان دیموکراسی کە تیۆرێکی سیاسییە لە لایەک و لیبرالیزم کە پایەکەی بریتییە لە تیۆری ئابووری لە لایەکی دیکە، کردووەتەوە. لای هایک ئازادیی تاک (کە ئازادیی ئابووری مەرجی یەکەمیەتی) خۆی لە خۆیدا بەهادارە، ئەمە لە کاتێکدا کە دیموکراسی تەنها بەهایەکی

[1] فریدریش ڤۆن هایک (١٨٩٩-١٩٩٢)، تیۆریسیەنی هەڵکەوتووی نیولیبرالیزم.
[2] (Tout court)، مانای فراوان.

ئامرازیی هەیە و بەس. هایک ئەوە دەسەلمێنێت کە لیبرالیزم و دیموکراسی ڕەنگە لە تێکۆشانی پێشوویاندا لە دژی حکومەتی ڕەها هاودەنگ و لە کەناری یەکدا بووبن و تەنانەت ئەو کات ڕەنگ بوو یەکێکیان بە ئەوەی دیکە بزانین. سەرەڕای ئەوە، پێی وایە کە ئێستا ئیدی ئەو سەردەمە ڕابوردووە و ئێمە (بە تایبەت لە ڕێی ئەو ڕاستییەی کە ڕەوتی بەدیموکراتیکبوون، ڕەنگە چالاکانە بشێت ڕێگەیەکی جیا لە لیبرالیزم ببڕێت) ئەوەمان بۆ ساغ بووەتەوە کە ئەو دوو تیۆرە هەریەکە وەڵامی پرسێکی جیا لەوەی دیکە دەدەنەوە. لیبرالیزم سەروکاری لەگەڵ کار و چالاکیی حکومەت، بە تایبەت سنووردارکردنی دەسەڵاتەکانی هەیە، لە کاتێکدا دیموکراسی بایەخ بەوە دەدات کە داخۆ چ کەسێک حکومەت بە ڕێوە دەبا و چۆن چۆنی بە ڕێوەی دەبات؟

"لیبرالیزم داوای ئەوە دەکات کە هەموو دەسەڵاتێک، لە نێوانیاندا دەسەڵاتی زۆرینە، سنووردار بکرێت. بە پێچەوانەوە، دیموکراسی پێی وایە کە دەنگی زۆرینە خۆی لە خۆیدا تاکە سنوورداربییەکە لە بەردەم دەسەڵاتەکانی حکومەتدا. کاتێک باش هەست بە جیاوازیی نێوان ئەو دوو بنەمایە دەکەین کە بیری خۆمانی بێنینەوە دەسەڵاتگەرایی خاڵی بەرامبەر و دژە لە هەمبەر دیموکراسی و تۆتالیتاریزمیش بە هەمان شێوەیە لە هەمبەر ئازادی."[٦٨]

هەڵبەتە زاراوەی (لیبرالیزم)، وەک هەر زاراوەیەکی دیکە لە فەرهەنگی سیاسیدا، مانای جۆراوجۆر و کەموزۆر بەربڵاوی بە خۆوە گرتووە. لەگەڵ ئەوەشدا، تێڕوانینەکانی هایک کە لە زۆر کتێب و نووسیندا ئاماژەیان بۆ کراوە و پشتیان پێ بەستراوە و دەتوانرێت وەک نموونەیەکی ئاشکرای ئەندێشەی لیبراڵ لە جیهانی هاوچەرخدا لێک بدرێنەوە، جەختکردنەوەیەکی ڕوونی کرۆک و ناوەڕۆکی بنەڕەتی لیبرالیزمی کلاسیکین: تیۆری سنووردارکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتی کە (تاک) وەک خاوەن لە پێش هەر شتێکی دیکە دادەنێت و بوون و هەندێک لە بەرژەوەندی و مافەکانی، لە نێوانیاندا مافی خاوەنێتیی تایبەتی، بە گرنگتر و لەپێشتر لە پەیدابوونی دەسەڵاتی سیاسی دەژمێرێت. ئەو سنووربەندییانە لەسەر هەر کەسێک کە دەسەڵاتی سیاسی بگرێتە دەست، پیادە دەکرێن، تەنانەت لەسەر دەسەڵاتی گەلیش، یان بە دەربڕینێکی دیکە، حکومەتی دیموکراتی، کە تێیدا زۆرینە حکومڕانە و هەموو هاووڵاتیان، هەرچەندە ناڕاستەوخۆش بێت، مافی بەشداریکردنیان لە بڕیاردانە گرنگ و چارەنووسسازەکاندا هەیە. دەستنیشانکردنی تەواوی سنووری نێوان دەسەڵاتەکانی دەوڵەت و مافەکانی تاک کارێکی مەحاڵ و لەکردنەهاتووە.

لەگەڵ ئەوەشدا، لە گشت نووسینە کلاسیکییەکانی تیۆری لیبراڵدا، بە تایبەت لە لیبرالیزمی (ئەنگلوساکسۆن)دا، چەندین

جار بە پشتبەستن بە تایبەتمەندییەکانی خودی تیۆری لیبراڵ، ئەو باسە وروژێنراوە و قسەی لێ کراوە، کە ئەو دەوڵەتانەی (کەمترین دەسەڵات) پیادە دەکەن و لە ئەنجامیشدا قەڵەمڕەوی ئازادیی نێگەتیڤیان تێدا بەرفراوانتر و بەهادارترە، لە هەموان لیبراڵترن. لیبرالیزم و دەسەڵاتخوازی (کە هەرچۆنێک بێت لە تۆتالیتاریزم بە باشتر دادەنرێن) لە نرخاندنی هەردوو زاراوەی دژبەیەک واتە (ئازادی) و (دەسەڵات) و ئەو بوویەرانەی کە لەو دوانە سەرچاوە دەگرن، جیاوازییان هەیە. بە لای لیبرالیزمەوە، هەر پرسێکی پۆزەتیڤ ئاوێتەیە لەگەڵ دەستەواژە و چەمکی (ئـازادی) و بەو پێیەش، لە چاکترین کۆمەڵگەکاندا ئـازادی خاوەنی بەرفراوانترین قەڵەمڕەوی کارکردنە و دەسەڵاتیش لەوپەڕی سنووربەندیدایە.

ئەمڕۆ لیبرالیزم زیاتر لەگەڵ تیۆری (دەوڵەتی کەمینە)دا لێک دەدرێتەوە. ئانارشیستەکان دەوڵـەت بە بەڵایەکی تەواو دەژمـێرن و پێیان وایـە کە دەبێت نەهێڵرێت. لیبراڵەکانیش دەوڵەت بە بەڵایەکی ناچار، بەڵام پێویست دەزانن، کە هیچ کات نابێت لە لایەنی کەمی پێویست گەورەتر بکرێت. ئەو بایەخە زۆرەی کە بە چەمکی (دەوڵەتی کەمینە) دراوە، ئەوە نیشان دەدات کە بۆچی کتێبی (ئانارشی، دەوڵەت و یوتۆپیا)ی ڕۆبێرت نۆزیک[1] کە لە ساڵی ١٩٧٤دا بڵاو کرایەوە، تا ئەو ڕادەیە بووە

[1] ڕۆبێرت نۆزیک (١٩٣٨-٢٠٠٢)، فەیلەسوف و تیۆریسیەنی هاوچەرخی لیبرالیزمی نوێ.

مایەی باس و مشتومڕ.[٦٩] نۆزیک لەسەر دوو شت هەڵدەداتێ: یەکیان: (دەوڵەتی زۆرینە) کە دابەشکردنەوەی سامان یەکێک لە ئەرکەکانیەتی و لایەنگرانی بە (دەوڵەتی دادگەر) ناوی دەبەن و پشتیوانیی لێ دەکەن. دووەمیشیان: تەرحی ئانارشیستەکان کە دەڵێن دەبێت دەوڵەت یەکسەر لەنێو ببرێت. نۆزیک گەرچی پاساو و بەڵگەی نوێش دەخاتە ڕوو، بەڵام دیدگاکانی دووبارەن و داکۆکی لە تێزی لیبراڵی کلاسیک دەکەن، کە لەو تێزەدا دەوڵەت چوارچێوەیەکە مافی بەکارهێنانی توندوتیژیی هەیە لە کاتی پێویستدا و لە هەمان کاتیشدا ئەرکێکی دیاریکراو، واتە پارێزگاریکردن لە مافە تاکەکەسییەکانی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەی پێ سپێرراوە.

تێڕوانینەکانی نۆزیک لەگەڵ تێڕوانینی (لۆک) سەبارەت بە مافە سروشتییەکان یەک دەگرنەوە، گەرچی نۆزیک تیۆری پەیماننامە، کە بەپێی ئەو تیۆرە دەوڵەت بەرهەمی پرۆتۆکۆڵێکی ئارەزوومەندانەیە، ڕەت دەکاتەوە و بە بڕوای خۆی دیدگایەکی شیاوتر (کە پێمان وایە هەڵەیە) لەجیاتیی ئەوە دادەنێت: دەوڵەت دروستکراوی (دەستێکی نادیارە). ئەو دەڵێت دەوڵەت بەرهەمی هاوکاریکردنی ئازادانەی کەسانێکە کە لەسەر زەوییەکی دیاریکراو بۆ پاراستنی خۆیان لە دەوری یەکدی کۆ دەبنەوە و ئەرکی سەرەکیشی بریتییە لە داکۆکیکردن لە مافەکانی هەر تاکێک لە بەرامبەر دەستدرێژییەکانی خەڵکی دیکە. بەو پێیەش،

ڕێ لە هەر جۆرە دەستەبەندییەکی تایبەتی دەگرێت، یان بە واتایەکی دیکە، ڕێ بە تاکەکان نادات کە بە کەیف و سەلیقەی خۆیان عەدالەت و دادگەری پیادە بکەن. سەبارەت بەوەی کە دەوڵەت پێویستە داکۆکی لە کامە مافی تاکەکەسی بکات، نۆزیک تێڕوانینی خۆی لەو بارەیەوە لەسەر ڕستە بنەمایەکی گشتی لە بواری مافە تایبەتییەکاندا دەخاتە ڕوو، کە بەگوێرەی ئەوە، تاکەکان مافی خاوەنێتییان لە هەر شتێک کە بە شێوەیەکی ڕەوا دەستیان کەوتووە، هەیە (بنەمای دادگەرانەی خاوەنێتی). هەروەها لە هەر شتێک کە بە شێوەیەکی ڕەوا لە خاوەنێکی دیکەوە پێیان گەیشتووە (بنەمای دادگەرانەی گواستنەوەی دارایی).

به بڕوای نۆزیک، دەوڵەت هەر ئەرکێکی زیاتر لەوە لە ئەستۆ بگرێت، بە دەستتێوەردان لە ژیان و ئازادییەکانی تاک دەژمێررێت و بیەوێت یان نەیەوێت، نادادگەرانە هەڵسوکەوت دەکات. دواجار دەگاتە ئەو ئەنجامە کە دەوڵەتی کەمینە، گەرچی بۆ کەمینەیەکە، بەڵام شایستەیە بڵێین تەنها دەوڵەتێکە کە بتوانین باوەڕی پێ بکەین. هەر دەوڵەتێک کە قەڵەمڕەوی کار و ڕەفتارەکانی لەوە فراوانتر بێت، دەوڵەتێکی نایاساییە.

تێڕوانینی نۆزیک لەجیاتیی ئەوەی گرفتەکان چارەسەر بکات، گرفتی دیکە دێنێتە ئارا. لای ئەو هەموو شتێک بەبێ چەندوچوون لە تێڕوانینێکی یاساییەوە سەبارەت بە مافی بەدەستهێنان و

گواستنەوەی دارایی سەرچاوە دەگرێت، مەسەلەیەک کە ئەو هێندەی سەرەدەرزییەک چییە باسی ناکات. ئەوانە نموونەی ڕوونن لەوەی کە نەریتە ڕەسەنەکانی لیبراڵ لە داکۆکیکردنی دەوڵەتی کەمینە لە بەرامبەر دەوڵەتی خۆشگوزەراندا هەر بەردەوام دەبن. بەم جۆرە، تێڕوانینی نۆزیک ناسازگارییەکی لەگەڵ نەریتەکانی ئەندێشەی دیموکراتیک لێ دەکەوێتەوە کە دەبێت چارەسەر بکرێن. بێگومان مەبەستمان دیموکراسیی یەکسانیخوازانە نییە (چونکە پێشتر گوتمان کە گونجان و سازش لە نێوان ئەو جۆرە دیموکراسییە و ڕۆحی لیبرالیزم کارێکی ئاسان نییە)، بەڵکو مەبەستمان لە دیموکراسی، هەمان شێوە دیموکراتیکەکانە، چونکە لە هەر جێگەیەک ئەو شێوانە پیادە کرابن (هەتا لە وڵاتێکی وەک ئەمەریکاش کە هیچ حزبێکی سۆسیالیستی تێدا دروست نەبووە) تا ڕادەیەک دەستتێوەردانی دەوڵەتیشی بەدوادا هاتووە، ئەمەش شتێکە کە لەگەڵ ئامانجی (حکومەتی کەمینە)دا ناکۆک و نەگونجاوە.

## ١٧
## دیموکراسی و ڕەتکردنەوەی حکومەت

پەیوەندیی نێوان لیبرالیزم و دیموکراسی، هەمیشە پەیوەندییەکی ئاڵۆز و پڕ کێشمەکێش بووە: ئەم دوانە نە بەیەکەوە دەسازێن و نە بەبێ یەکیش هەڵدەکەن.[١] ئێستا کەوا پێ دەچێت جارێکی دیکە لیبرالیزم بە لای داکۆکیکردن لە دەوڵەتی کەمینەدا شکابێتەوە (مەبەست نکۆڵیکردن لەو گونجاوییەی نێوان داکۆکیکردنی ئێستای لیبرالیزم لە دەوڵەتی کەمینە و چاکترین نەریتی لیبراڵ نییە)، پەیوەندیی نێوان لیبرالیزم و دیموکراسی لە هەر کاتێکی ڕابوردوو زیاتر ئاڵۆز بووە. بەم دواییانە باس و مشتومڕێکی زۆر لەبارەی ڕەتکردنەوەی حکومەت هاتووەتە گۆڕێ.[٧٠] هەر وەک دەزانین، لە قۆناغە سەرەتاییەکانی باسەکەدا زیاتر سەرەڕۆیی زۆرینە مایەی ڕەخنە و لەقاودان بوو، کە ئەمە وای لە لیبراڵەکان دەکرد لە هەر جێگەیەک "زۆرینە" حکومڕان بێت، بە هەر نرخێک بێت، لە بەرامبەر دەستدرێژییەکانی قەڵەمڕەوی گشتیدا داکۆکی لە ئازادیی تاک بکەن، بەڵام باس و لێکۆڵینەوەکانی ئێستا ڕەخنەیان لە داماوی و دەستەوەستانیی حکومەتە دیموکراتیکەکانە، کە

1 Neccam to nec sineto

نەیانتوانیوە ڕێگەچارەی شیاو بۆ نەهێشتن و کۆتاییپێهێنانی کێشمەکێشەکانی کۆمەڵگە ئاڵۆزەکان بدۆزنەوە.

بەم شێوەیە، بابەتی لێکۆڵینەوەکە پێچەوانە دەبێتەوە، چونکە ئەو بابەتە لەبری ئەوەی فراوانبوونی دەسەڵات بەرجەستە بکات، کەمبوونی دەسەڵات نمایان و قەبە دەکات.

سێ بەڵگە لە پشتیوانیکردنی ئەو تێڕوانینەی کە دەڵێت سیستمە دیموکراتیکەکان بە خودی خود حکومەت ڕەت دەکەنەوە، خراونەتە ڕوو:

١- سیستمە دیموکراتیکەکان، بە پێچەوانەی سیستمگەلی تاکڕەوانە، لە سۆنگەی تایبەتمەندیی خۆیانەوە دووچاری جۆرە ناهاوسەنگییەکی بەردەوام بوونەتەوە: نەبوونی هاوسەنگی لە نێوان داخوازییەکانی کۆمەڵی مەدەنی و تواناکانی سیستمەکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو داخوازییانە. ئەو تایبەتمەندییە دوو لایەنی هەیە کە وێڕای سروشتی دژبەرانەیان، هەردوو لایەن بەدیهێنەری یەک دەرەنجامن کە (ناهاوسەنگی)یە: یەکەم: ئەوەی کە حکومەتە دیموکراتەکان چەند نەریتێک لە دەوڵەتی لیبراڵ بە میرات دەبەن، کە لە ڕاستیدا (هەر وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد) ئەم نەریتانە پێشمەرجی کارا و بەهێزی دەسەڵاتی خەڵکن، لە نێوانیاندا ئازادیی کۆڕ و کۆبوونەوە، ئازادیی پێکهێنانی دەستە و گرووپی هاوبەرژەوەند و یەکێتییە کرێکارییەکان و ڕێکخەر و حزب و ڕێکخراوگەلی سیاسی، هەروەها پەرەدان بە

مافە سیاسییەکان تا ئەوپەڕی کە مەیسەر دەبێت. تاکەکان و گرووپەکان بە یارمەتیی ئەو دابونەریتانەی کە باسمان کردن، ئەوەیان بۆ مەیسەر دەبێت کە داخوازییەکانی خۆیان لە بەرامبەر دەسەڵاتی حکومەتدا بخەنە ڕوو، هەروەها لەوەش دڵنیان کە حکومەت ناچارە ئەو داخوازییانەیان بە زوویی جێبەجێ بکات، یان ئەگەر ئەوەش نەکات، دەبێت بزانێت کە پشتیوانیی ئەوان لە دەست دەدات. ڕژێمە دیکتاتۆر و تاکڕەوەکان هەرگیز گوێ بەو شتانە نادەن. لەو ڕژێمانەدا چاپ و چاپەمەنی لە لایەن حکومەتەوە کۆنترۆڵ دەکرێن، خۆپیشاندانی نارەزایەتی قەدەغەیە، یەکێتییە کرێکارییەکان مۆڵەت نادرێن و تەنها لە حاڵەتێکدا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و قبوڵ دەکرێن کە زادە و دەسکەلای حاکمییەتی سیاسی بن و تەنها ئەو حزبە سیاسییانە مافی بوونیان هەیە کە یان لە حکومەتدا بن، یان دەستەمۆی حکومەت بن. دووەم: ئەوەی کە لە سیستمە دیموکراتیکەکاندا کە پرۆسەی بڕیاردان بە شێوەیەکی بە کۆمەڵ بە ڕێوە دەچێت و وەڵامدانەوەی داخوازییەکانی کۆمەڵی مەدەنی شێواز و ڕێوشوێنی خۆی هەیە، ڕەنگە بڕیاردان بە شێنەیی و لەسەر خۆ بە ڕێوە بچێت، تەنانەت بە هۆی ڤیتۆی دەسەڵاتە بەیەکەوەگرێدراوەکانەوە، بۆ ماوەیەکی نادیاریش بە هەڵپەسێرراوی بمێننەوە. بە پێچەوانەوە، لە حکومەتە تاکڕەوەکاندا، دەسەڵات لەژێر کۆنترۆڵی چەند کەسێک، یان تەنانەت ڕێبەرێکی بەهێز و بەدیسپلیندایە، کە

قسه و بڕیاری ئەو هەموو شتێکە و حوکمی یاسای هەیە. لەو ڕژێمانەدا شوێنێک بۆ دامودەزگای وەک پەرلەمان نییە، دامودەزگایەک کە تێیدا (بڕیاردان) تەنها دوای ڕاوێژ و مشتومڕی تێروتەسەل و هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی دیدوبۆچوونی جیاجیا وەردەگرێت (تەنانەت بڕیارەکانی پەرلەمانیش لە لایەن کۆنسەیەکی دەسەڵاتداری وەک دادگای یاسای بنەڕەتییەوە کۆنترۆڵ دەکرێن، یان خەڵک لە ڕێی ڕیفراندۆمێکی گشتییەوە بیروڕا و دەنگەکانی خۆیان سەبارەت بەو بڕیارانە دەردەبڕن). حکومەتە تاکڕەوەکان هەر بە خێرایی و سەرپێیی دەتوانن بڕیار بدەن.

دەشێت ناکۆکی و ململانێی نێوان حکومەتە دیموکراتیکەکان و حکومەتە تاکڕەوەکان بەم شێوەیەی خوارەوە کۆبەندی بکەین: لە دیموکراسیدا خستنەڕووی داخوازییەکان زۆر لە وەرگرتنەوەی وەڵامیان ئاسانترە، بەڵام لە حکومەتە تاکڕەوەکاندا، بە پێچەوانەوە، خستنەڕووی داخوازییەکان زەحمەتترە لە وەڵامدانەوەیان.

٢- سیستمە دیموکراتیکەکان لە ڕژێمە تاکڕەوەکان زیاتر گیرۆدەی کێشمەکێشە کۆمەڵایەتییەکان دەبن. ئەگەر ئەوەمان قبوڵ بێت کە یەکێک لە ئەرکەکانی بەڕێوەبەرانی حکومەت تاوتوێ و حەلوفەسڵی ئەو کێشمەکێشانەیە، بە جۆرێک، تاکەکان و گرووپگەلی نوێنەرانی بەرژەوەندییە جیاجیاکان بتوانن بە

ئارامی و ئاسوودەیی لە کەناری یەکدیدا بژین، ئەوا بۆمان ڕوونە کە تا کێشمەکێشەکان توندتر و دژوارتر بن، لەنێوبردن و نەهێشتنیشیان بەو ئەندازەیە زەحمەتتر دەبێت. ئەو جۆرە کۆمەڵگە پلورالیستییە (چەند لایەنییە) کە هێز و شیان لە سیستمی سیاسیی دیموکراتییەوە وەردەگرێت و گەشە دەکات، لە چەند لاوە لە بەردەم هەڕەشەی توندی بۆچوونی جیاجیا و بەرژەوەندیی پێکناکۆکدا دەبێت. جگە لەمانە، پێکداهەڵشاخانی گرووپە بچووکەکانیش کێشمەکێش و ململانێی چینایەتی بەتاوتر دەکات. لەو بارودۆخ و هەلومەرجەدا، بەبێ زیانگەیاندن بە لایەک، ناتوانیت بەرژەوەندیی لایەنەکانی دیکە دەستەبەر بکەیت، ئەوەش لە زنجیرەیەکی بێکۆتاییدا بارودۆخەکە ئاڵۆزتر و گرژتر دەکات.

ئەوە ڕاستە کە دەبێت بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵ لە سەرووی بەرژەوەندیی گرووپ و دەستە و تاقمە تایبەتییەکانەوە بێت، بەڵام بە ڕاستی مانای وردی ئەو لێکدانەوە هەڵخەڵەتێنەرە چییە؟ بەپێی ئەو ڕێسایە، هەموو حکومەتە دیموکراتەکان (ئەو حکومەتانەی کە تێیاندا حزبە جیاجیاکان سەبارەت بە تێڕوانینەکانیان لەگەڵ جەماوەری خۆیان ڕاوێژ دەکەن) تەنها یەک جۆرە بەرژەوەندی بۆ هەموان بە فەرمی دەناسن، بەو مانایەی کە حکومەتی دیموکراتیک دەبێت ئەو بەرژەوەندییانەی تاکەکان دەستەبەر بکات کە لە چوارچێوی بەرژەوەندییە

گشتییەکان دەرناچن و لە لایەن کۆمەڵەوە مایەی ڕەزامەندی بن.

٣– لە سیستمە دیموکراتییەکاندا، دەسەڵات بە شێوەیەکی هەماهەنگانەتر لە ڕژێمە تاکرەوەکان دابەش دەکرێت. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سیستمی دیموکراتی، بە پێچەوانەی ڕژێمە تاکرەوەکان، بریتییە لە (بەربڵاوی)ی دەسەڵات، یان بە واتایەکی دی، هەبوونی چەند ناوەندێکی دەسەڵات یەکێکە لە پێودانگەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی، لەبەر ئەمە، بەکارهێنانی زاراوەی (فرە حکومەت)ی لە پێناسەکردنی دیموکراسییەکاندا، بەکارهێنانێکە لە جێی خۆیدایە. تا کارکردی حکومەت لە بوارە جیاجیاکاندا زیاتر زەمینەی بەشداریکردن و ململانێ فەراهەم بکات، بەربڵاویی دەسەڵاتی کۆمەڵگە زیاتر دەبێت، چونکە بەشداریکردن و ململانێ قەڵەمڕەوی بڕیاردانی بەکۆمەڵ فراوانتر دەکەن.

لە کۆمەڵگەی دیموکراتیکدا دەسەڵات نەک هەر دابەش، بەڵکو پارچەپارچە دەکرێت و یەکخستنەوەی دووبارەشی کارێکی ئاسان نییە. پارچەپارچەبوونی دەسەڵات لە ڕێی جێگیرکردنی حکومەتدا، دەرەنجامی نێگەتیڤی لێ دەکەوێتەوە، ڕکابەری دەخاتە نێو ناوەندە جیاجیاکانی دەسەڵات و سەرەنجام و بە تێپەڕینی کات، ئەو دەزگا و مەڵبەندانەی کە بڕیار بوو کێشەکان چارەسەر بکەن، خۆیان دەخەنە نێو ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ

یەکدیدا. بەم شێوەیە، ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە دەچێتە ئاستێکی باڵاترەوە و ڕادەیەکی بەرچاوی ئەو کێشمەکێشە کۆمەڵایەتییانە دەبن بە بەشێک لە کارکردنی ئاسایی حکومەتی دیموکراتی. بەم جۆرە، ئەو کێشمەکێشەی نێوان ناوەندە جیاجیاکانی دەسەڵات کارێکی ناپەسەندە و کێشە و ئاریشەی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا دێنێت، بە ڕادەیەک کە دواجار ئەوانیش ناشیرین و ناپەسەند دەبن. سیستمە دیموکراتییەکان لە ترسی سەرهەڵدان و کشان بەرەو شێواز و ڕێگەچارەی دەسەڵاتخوازانە حکومەت ڕەت دەکەنەوە، ئەو ڕێگەچارانە دوو لایەنی نێگەتیڤ لە خۆ دەگرن: یەکەمیان ئەوەیە کە ڕەنگە لەو ڕێگەچارانەوە "دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن" بەهێز ببێت، کە ئەمە خۆی نیشانەی داشکانە بەرەو ئەو سیستمانەی کە دەسەڵاتی تەواو، یان نیوەتەواو دەدەن بە سەرۆککۆمار و لە سیستمی کۆنی حکومەتی پەرلەمانی دوور دەکەونەوە.

دووەمیشیان ئەوەیە کە لەو ڕێگەچارانەدا ڕەنگە قەڵەمڕەوی پەسەندکراوی حکومەتی زۆرینە، کە تێیدا بڕیاردان بە شێوەیەکی دیموکراتییانە بە ڕێوە دەبرێت، یەکجار بەرتەسک و سنووردار بکرێت، کاتێک کە دیموکراسی دووچاری بارگرانی دەبێت، ناچارە بۆ دەربازبوون لەو هەلومەرجە، لەو دوو ڕێیە یەکێکیان هەڵببژێرێت، یان کارکردی مەڵبەندەکانی بڕیارگیری باشتر و کاراتر بکرێن، یان ئەوەتا دەسەڵاتی ئەو مەڵبەندانە بە

ئەندازەیەکی بەرچاو کەم بکرێتەوە.

هەموو ئەو دیموکراسییانەی کە هەن، بە پێچەوانەی ئامانجی ڕۆسۆیی، بە شێوەی دیموکراسیی سنووردار (بەو مانایەی کە پێشتر ڕوونمان کردەوە) هاتوونەتە کایە. لەو جۆرە دیموکراسییانەدا هەر لە سەرتاوە نەدەبوا هیچ یەک لە مافە ئازادییەکان (بە دەربڕینێکی وردتر، ئەو مافانەی کە ناکرێت پێشێل بکرێن) فەرامۆش کرابان.

پێشنیازی دەستەیەک لە نووسەرانی (نیولیبراڵ) ئەوە بوو کە بۆ ئەوەی پەرلەمان نەتوانێت بۆ چارەسەر و وەڵامدانەوەی داخوازییە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگەچارەی سیاسی بخاتە ڕوو، دەبێت دەسەڵات و دەسەڵاتی یاسایی پەرلەمان سەبارەت بە پرسە ئابووری و داراییەکان سنووردار بکرێت، چونکە دابینکردنی ئەو داخوازییانە پێویستی بە بودجەیەکی فراوان هەیە کە لە توانای سەرچاوەکانی وڵات زیاترە. بەم شێوەیە، ئەم جارە ململانێی نێوان لیبرالیزم و دیموکراسی شێوەیەکی دیکە بە خۆیەوە دەگرێت: تیۆری لیبراڵی، دیموکراسیی وەک کۆمەڵە بنەمایەک قبوڵ کردووە، بەڵام لە هەمان کاتدا خوازیاری ئەوەیە کە هەر کاتێک بە پێویستی زانی، کارکردی ئەو ڕێسا و بنەمایانە سنووردار بکات.

دیموکراسی سوودێکی باشی لە ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان لایەنە لیبراڵ و دیموکراتییەکان

بینی، کە یەکەمین نیشانەی ئەو سوودوەرگرتنە لە سەدەی نۆزدەیەمدا بە دیار کەوت.

لەو کاتە بەدواوە، دەمارگیری و جیاوازخوازییە سیاسییەکان وردەوردە، بەڵام بە بەردەوامی و لەسەر یەک، لە ڕێ وەلا نران و مافی دەنگدانی گشتی پیادە کرا. ئەمڕۆ لایەن و ئاڕاستە دیموکراتییەکان، لە کاردانەوەیاندا بەرامبەر نیولیبرالیزم، پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە بەشداریکردن لە بڕیاردانە بەکۆمەڵەکان دەبێت نەک هەر قەڵەمڕەوی سیاسی، بەڵکو بابەت و بواری دیکەش بگرێتەوە. ئامانجی ئەوەش ڕەخساندنی بواری تازەیە بۆ بەشداریکردنی خەڵک و فەراهەمکردنی زەمینەی لەبار بۆ بڕینی قۆناغی (دیموکراسیی میانڕەو) بۆ قۆناغی (دیموکراسیی بەشداربوون)، (دوو زاراوەی "مەکفەرسۆن»[١] لە ڕیزبەندیی قۆناغە جیاجیاکانی پرۆسەی بەدیموکراتیکبووندا).[٧١]

دەرککردنی ئەو پرۆسە بەردەوامە دوولایەنەیە و دیالێکتیکی نێوان لیبرالیزم و دیموکراسی لە گۆشەنیگای تیۆری گشتیی سیاسییەوە، بە مانای پەیبردن بە ڕەگوڕیشەی ناکۆکیی نێوان لیبراڵ و دیموکراتەکانە: لیبراڵەکان خوازیاری بەرتەسککردنەوەی هەرچی زیاتری قەڵەمڕەوی کار و چالاکییەکانی دەوڵەتن، دیموکراتەکانیش خوازیاری سپاردنی هەرچی زیاتری بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی حکومەتن بە هاووڵاتیان. ئەو ناکۆکییە کە بەرهەمی دوو هەڵهێنجانی جیاجیایە لەمەڕ

[١] کروفۆرد برۆف مەکفەرسۆن (١٩١١–١٩٨٧)، بیرمەندی هەڵکەوتووی کەنەدایی.

ئازادی، به بەردەوامی هەبووە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش بەرەو ئاستی بالاتر کشاوە، بەڵام هەرگیز نەگەیشتوونەتە دواخاڵی لێکدابڕان. ئەو دوو هەڵهێنجانە زیاتر بە ئازادیی نێگەتیڤ و ئازادیی پۆزەتیڤ ناو دەبرێن.

لە میانەی داوەریکردن لە نێوان ئەو دوو هەڵهێنجانە، ئەگەر لە ڕووی هەلومەرجی مێژووییەوە تەماشای بکەین، دەبینین بۆچوونی دژبەیەک دەردەکەون، بەڵام ئەو داوەرییانە زیاتر پەیوەستن بە شوێن و پێگەی ئەوانەی کە داوەری دەکەن: چینە دەستڕۆیشتووەکان کە پێگە و ڕەوشێکی باشیان هەیە، زیاتر بە لای هەڵهێنجانی یەکەمدا و چینە هەژار و نەدارەکانیش زیاتر بە لای هەڵهێنجانی دووەمدا دادەشکێن. هەموو کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان لەسەر ڕیزبەندیی چینایەتی دروست بوون، بۆیە ناکرێت ئەو ململانێ و زۆرانبازییە سوودبەخشە بە یەکجاری چارەسەر بکرێت و کۆتایی پێ بهێنرێت.

ئەو کاتانەش کە لیبرالیزم و دیموکراسی بە تەواوی کۆک و تەبا بوون، ئەوە بێگومان ئەو تەباییە لە ڕێی سازشەوە هاتووەتە دی، بەڵام بە داخەوە، هەندێک لە سیستمەکان لە سوود و خێروبێری ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان لیبرالیزم و دیموکراسی بێبەشن. سەرەنجام، ئەو سیستمانە لە بەرامبەر بارودۆخێک، کە دەسەڵاتێکی ڕەها ئازادیی نێگەتیڤ پێشێل دەکات، یان بارودۆخێک کە دەسەڵاتێکی بێلێپرسینەوەی

گشتی ئازادیی پۆزەتیڤ نادیدە دەگرێت، هیچ ڕێگەچارەیەکی دەربازبوونیان نابێت، هەر لەبەر ئەوەشە کە لیبرالیزم و دیموکراسی، ئەو دوو جمکە پێکناکۆکە، بۆ بەرەنگاری و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو جۆرە ئەلتەرناتیڤانە بە ناچاری دەبنە هاوپەیمانی یەکدی.

# سەرچاوەکان

De la liberte desanciens a celle des ،1– B. Constant
،in collection complete des ouvrages ،moderns (1818)
.p 253 ،part 7 ،vol 4 ،paris 1820 ،bechet libraire
.2– Ibid
،The social contract and discourses ،3– J. J. rousseau
London ،trans. And introd. G. D. H. cole ،p 7 ،vol 1
.p 176 ،1973
.4– Ibid.. p 186
.5– Ibid
،Two treatises of civil government (1690) ،6– J. Locke
.p 119 ،London 1970 ،dent
،Cambridge ،de legibus university press ،7– H. Bracton
.p 33 ،vol 2 ،mass. 1968
.p 31 ،part 3 ،dig. Vol 1 ،8– Ulpiano
،penguin ،common sense (1776) ،9– T. Pain
.p 65 ،Harmondsworth 1976
uber den gemeinspruch: das mag in der،10– I. Kant
.taugt aber nicht die praxis (1793) ،theorie richtig sein

the limits of state Action ،11– W. Von. Humboldt
.pp 20–21 ،Cambridge 1969 ،(1792)
.P 22 ،12– Ibid
.p 65 ،13– Ibid
.p 83 ،14—Ibid
.p 24 ،15– Ibid
.p 34 ،16– Ibid
.p 45 ،17– Ibid
Idee zu einer allgemeinen geschte in ،18– I. Kant
.weltburger licher absicht (1784)
.19– Ibid
،the prince trans. W. k. Marriott،20– N. Machiavelli
.p 22 ،London 1958 ،dent
trans ،the philosophy of history ،21– G. w. F. hegel
.p 71 ،London 1961 ،dover ،(1788)
the federalist ،J. Jay ،J. Masison ،22– A. Hamilton
.p 71 ،London 1961 ،mentor ،papers (1788
.p 77 ،23– Ibid
.p 240 ،the social contract ،24– J. J. Rousseau
.pp 217–218 ،25– Ibid
،the federalist papers ،J. Jay ،Madison ،26– Hamilton
.p 82

speech at the conclusion of the poll ،27– E. Burke
،the works،(1774) ،on his being declared duly elected
.p 96 ،vol 2 ،London 1899 ،John. c. Nimmo
٢– شیکردنەوەیەک لەو بارەیەوە لەم کتێبەی خـوارەوەدا بخوێنەوە:
lo spazio della rappresentanza. I francia ،P. Violante
.Palermo 1981 ،1788–1789
،trans. E. Barker ،politics 1253 a ،29– Aristotle
.pp 7–8 ،Oxford 1948 ،clarendon prees
،Europa nel secolo decimonono ،storia d ،30– B. Croce
.p 21 ،bari 1932 ،laterza
٣١– تەماشای ئەم بابەتەی خوارەوە بکە:
،Puritanism and liberty ،ed ،A. S. p. woodhouse
being the Army debates (1647–49) from the Clarke
.pp 356–7 ،London 1986 ،dent ،manuscripts
democracy in America ،32– A. De Tocqueville
London ،Fontana ،trans. G. Lawwrence ،(1833–1840)
.p 898 ،vol 2 ،1968
،democracy in America» ،«Tocqueville ،33– J. S. Mill
.pp 85–149 ،January 1835–36 ،London Review
Represantative ،liberty ،Utilitarianism ،34– J. S. Mill
.p 277 ،London 1962 ،dent ،government

s،35– Cited in the Italian collection of Tocqueville .p 13 ،ed guida Nables 1971 ،D. Cofrancesco ،Writing

.p 8 ،vol 1 ،democracy in America ،36– Tocqueville

.p 650 ،vol 2 ،37– Ibid

.p 305 ،vol 1 ،38– Ibid

.p 311 ،vol 1 ،39– Ibid

.pp 899–900 ،vol 2 ،40– Ibid

.P901 ،VOL 2 ،41–IBID

Discours sur la revolution sociale ،42– Tocqueville .(1848)

،«Anarchial fallacies» in the Works ،43– J. Bentham .p 500 ،Edinburgh vol 2 ،William Tait ،ed ،J. Bowring

Representative ،liberty ،Utilitarianism ،44– J. S. Mill .p 6 ،Government

.p 16 ،45–Ibid

.p 74 ،46– Ibid

.pp 72–3 ،47– Ibid

.p 74 ،48– Ibid

.p 75 ،49– Ibid

.p 73 ،50– Ibid

.p 211 ،51– Ibid

.p 279 ،52– Ibid

.p 290 ،53– Ibid

.p 268 ،54– Ibid

،letteraturea e vita nazionale ،55– F. De Sanctis

.p 7 ،turin 1950 ،Einaudi

،Mazzini e la scuola democratic ،56– F. De Sanctis

.p 6 ،turin 1951 ،einaudi

p 13.. ،57– Ibid

.p 14 ،58– Ibid

.pp 13–14 ،59– Ibid

٦٠– ڕۆمیۆ ئەم دەستەواژەیەی لە کتێبەکەی خۆیدا بەکار هێناوە:

Avour e il suo tempo. I ،1842–1810 ،lateraza ،bari 1969 ،p 288.

61– G. M Mazzini ،I Sistemi e la democrazia ،pensieri، in Mazzini ،G. Galasso ،ed ،li mulino ،bologna 1961 ،pp 101–2.

62– Ibid ،p 110.

63– G. mazzini ،«lettera ai signori Tocqueville e falooux Ministri di francia» in G. Mazzini scritti politici،T. grandi and a. Comba ،eds ،turin 1972 ،p647.

.p 96 ،I sistemi e la democrazia ،64–G. Mazzini

.p 288 ،Cavour e il suo tempo ،65– R. Romieo

«dei doveri dell» uomo in scritti ،66– G. Mazzini
.p 847 ،politici

٦٧– گفتوگۆی نێوان کرۆچە و ئیناودی لەم کتێبەی خوارەوەدا دەبینیت:

،Ricciardi ،ed ،P. Solari ،Liberismo e liberalism
.nables 1957

‹Liberalismo» in Encicopedia del ،68– F. von Hayek
Rome ،Isituto dell «Enciclopedia Italiana ،Novicento
.p 990 ،vol 12 ،1978

٦٩– هەڵسەنگاندنی ئەو باسە و وردەکارییەکانی لەم باسەی خوارەوەدا هاتووە:

»La memta–utupia de Nozick» in،Comanducci
vol. 12. ،Materiali per una storia della cultura giuridica
.1982. Pp. 507–23

٧٠– باسکردن لەبارەی ڕەتکردنەوەی حکومەتی سیستمە دیموکراتییەکان، یەکەم جار لە وەڵامی ئەو نووسینانەدا خرایە ڕوو کە لەم کتێبەی خوارەوەدا کۆ کراونەتەوە:

The ،J. Watanuki ،S. P. Hungtungton ،M. Crozier
Crisis of Democracy: Report on the Governability of
.new Your 1975 ،Democracy

The Life and Times of Liberal ،71– C. B Macpherson
.Oxford 1977 ،Oxford University Press ،Democracy

بە قسەی مەکفەرسۆن، لە تەکامولی دیموکراسیدا دەتوانرێ چوار قۆناغ دیاری بکرێن: دیموکراسیی پشتیوانی، دیموکراسیی تەکامولی، دیموکراسیی هاوسەنگی و دیموکراسیی بەشداری (کە هێشتا نەهاتووەتە دی).

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

PATRIOTOC UNION OF KURDISTAN

مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری